# ڕۆژنامە ٧

www.rozhnama.com

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.539 Mon 24/ 8/ 2009 | نرخ 500 دینار | ژمارە 539 دووشەممە 24/ 8/ 2009




## چارەنووسی دەستوور لە سایەی پەرلەمانی نوێدا

٤-٥

# «کاتی ڕاسپاردنی سەرۆکی حکومەت بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ، نادیارە»

**ڕۆژنامە**

ئەمرۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان کۆدەبێتەوە، هاوکات هیچ وادەیەکیش بۆ ڕاسپاردنی سەرۆکی حکومەت بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەت دیارینەکراوە.

کوێستان محەمەد، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەمرۆ دانیشتنێکی تایبەت لەنێوان سەرۆکایەتی پەرلەمانو سەرۆکی سەرجەم فراکسیۆنەکانی پەرلەماندا بەڕێوەدەچێت.

سەبارەت بە ئەجێندای کۆبوونەوەکەش تاریق جەوهەر، ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، بۆ ڕۆژنامە وتی: «کۆبوونەوەکەی ئەمرۆ تایبەتە بە کاروباری تەکنیکیو دابەشکردنی کورسییەکانو دانانی ئالیەتی گونجاو بۆ چالاککردنی لیژنەکانو ڕیزبەندیکردنی دانیشتنی ئەندامانو چۆنێتی هاوکاریکردنی یەکتر لە خولی نوێدا».

لەلایەکی دیکەوە بڕیارە بەمزووانە سەرۆکی هەرێم کاندیدی لیستی زۆرینەی پەرلەمان ڕابسپێرێت بۆ پێکهێنانی کابینەی شەشەمی حکومەت، بەڵام د.فوئاد حسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم، ئەوەی ڕەتکردەوە کە کاتێک بۆ ئەو مەبەستە دیاریکرابێتو وتی: «تائێستا هیچ وادەیەک دیارینەکراوە، کە تێیدا سەرۆکی هەرێم کاندیدی سەرۆکایەتی حکومەت ڕابسپێرێت بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ».

**وردەکاریی زیاتر لە ل٣دایە.**




فۆتۆ: محەمەد ساڵح حەمەلاو

# کۆمسیۆن دەرئەنجامی وردی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی ڕانەگەیاند

**هەستیار قادر**

کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دەرئەنجامی وردی لیستەکانی لە سەرجەم شارو قەزاو ناحیەکان ڕانەگەیاندووەو بەڕێوەبەری پەیوەندییە جەماوەرییەکانی کۆمسیۆنیش ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەگەر بەکارێکی گرنگی بزانن هەوڵدەدەن ئەو وردەکارییەش بڵاوبکەنەوە.

هەرچەندە لە (٢٠٠٩/٨/٧)دا کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دوا دەرئەنجامی کۆتایی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکی هەرێمی بڵاوکردەوە، کە لە (٢٥)ی مانگی تەممووزدا لە هەرێمی کوردستاندا بەڕێوەچوو، بەڵام تائێستا کۆمسیۆن دەرئەنجامی وردەکاریی ئەو هەڵبژاردنەی ڕانەگەیاندووە، واتە دەنگی ڕەسمیی لیستە جیاوازەکان لە پارێزگاو قەزاو ناحیەکاندا.

لەوبارەیەوە عەبدولڕەحمان خەلیفە، بەڕێوەبەری پەیوەندییە جەماوەرییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەوپێیەی کۆمسیۆنی باڵا لەسەر بنەمای شەفافیەت کاردەکات، ئێمە هیچ زانیارییەکمان نییە بیشارینەوەو ئەگەر بە کارێکی گرنگمان زانی هەوڵدەدەین لەماوەی داهاتوودا ئەو وردەکارییو دەرئەنجامانەش بڵاوبکەینەوە».

# بەشداربووانی ڕاپرسییەک: بەهۆی دەستوەردانی حیزبەوە، یاسا سەروەر نییە

**بەلاهەم خالید**

بەپێی ئەنجامەکانی ڕاپرسییەک کە لەلایەن ڕێکخراوی دەستپێشخەری کۆمەڵی مەدەنی CSI لە قەزای کەلار، تایبەت بە (دادگاو بوارەکانی خزمەتگوزارییو پێشبینیان بۆ کابینەی نوێی حکومەتو پەرلەمانی کوردستان) ئەنجامدراوە، (٧٠,٧١٪)ی بەشداربووان پێیانوایە یاسا لەو قەزایەدا سەروەر نییەو (٧٤,٣٤٪)ی بەشداربووانیش دەستوەردانی حیزب بە هۆکار دەزانن.

لەو ڕاپرسییەدا کە لەلایەن ئەو ڕێکخراوەو بنکەی گەنجانی کەلارەوە ئەنجامدراوە، لە وەڵامی پرسیاری ئایا یاسا سەروەرە؟ ڕێژەی (٢٩,٢٩٪) دەڵێن بەڵێ یاسا سەروەرە، بەڵام ڕێژەی (٧٠,٧١٪) دەڵێن نەخێر یاسا سەروەر نییەو ڕێژەی (٧٤,٣٤٪) نەبوونی سەروەریی یاسا دەگەڕێننەوە بۆ دەستێوەردانی حیزبو حیزب بە ڕێگر دەزانن لەبەردەم سەروەریی یاسادا. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵبوونی حیزبو حکومەت پێکەوەو هەروەها ڕێژەی (٤٠,١٨٪) دەستێوەردانی خێڵو عەشیرەت بە ڕێگر دەزانن لەبەردەم سەروەریتی یاسادا لە قەزای کەلاردا.

# هێزە ئەمنییەکانی قەرەداغ، پاداشتی نەورۆزی ڕابردوویان وەرنەگرتووە

**دلێر عەبدولخالق**

تائێستا پاداشتی جێبەجێکردنی ئەرکی هێزە ئەمنییەکانی قەزای قەرەداغ لە نەورۆزی ڕابردوودا کە (٤٥٠) کارمەند دەگرێتەوە، بە ژمارەیەکی بەرچاو لەو کارمەندانە نەدراوە، قایمقامی قەزاکەش دەڵێت: «پێشتر بانکەکان پارەیان تێدانەبوو، بۆیە پێدانی پاداشتی ئەو هێزانە دواکەوت».

لە بەرامبەر بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیانو پاراستنی سەیرانگاکانی قەرەداغ-دا لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٣/٢١)، واتە نەورۆزی ڕابردوو، (١٢٠) کارمەندی پۆلیسی هاتوچۆ، (١٣٧)ی پۆلیسی ئاگرکوژێنەوە، (١٠٠) پۆلیسو (٦٠) پۆلیسی دارستانو (٤٠) ئاسایش، بڕیاربووە هەر کارمەندێک (٢٥) هەزار دینار پاداشت بکرێت، بەڵام دوای تێپەڕبوونی (٥) مانگ بەسەر ئەو وادەیەدا، تائێستا ژمارەیەکی زۆریان پاداشتیان وەرنەگرتووەو هەندێکیشیان ناویان نەگەڕاوەتەوە.

چۆمان نەجاح، لێپرسراوی بنکەی هاتوچۆی قەرەداغ، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەم سنوورەدا (١٢٠) کارمەندی هاتوچۆ سەرقاڵی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان بوون، ناوی ئەو کارمەندانەش لە لیستێکدا دراوەتە قایمقامی قەرەداغ، کە بڕیاربوو هەر ئەو ڕۆژە پاداشتەکە بدرێت بە کارمەندەکان، بەڵام دوای ئەوەی پاداشتەکە دواکەوت قایمقاممان لێ ئاگادارکردەوە پێیوتین، سەرفنەکراوە، دوای بەدواداچوونی دیکە بۆماندەرکەوت پارەکە بەچەک وەرگیراوە، بەڵام بە بیانووی جیاجیا ئەو پاداشتە دواخراوە».

وتیشی: «هەفتەی ڕابردوو قایمقام پێیراگەیاندین، پارەکە سەرفکراوە، بەڵام لە کۆی (١٢٠) کارمەندی هاتوچۆ تەنیا ناوی (١٧) کەس گەڕاوەتەوەو نازانین پارەی کارمەندەکانی دیکە، لەنێوان قایمقامو پارێزگای سلێمانیدا چی لێهاتووە!».

لە بەرامبەردا شیرین مەحمود ساڵح، قایمقامی قەرەداغ ئاماژە بەوەدەکات، دواکەتنی پاداشتی ئەو کارمەندانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە پێشتر چەکیان بۆ کرابوو، بەڵام لە بانک پارەنەبوو، تا ئەم دواییە پارەکە سەرفکرا، بۆیە ئێستا پارەی هەموویان سەفکراوەو هەندێکیان وەریانگرتووەو هەندێکی دیکەشیان لە ڕۆژانی ئایندەدا وەریدەگرن.

لەبارەی نەهاتنەوەی ناوی بەشێک لە کارمەندەکان، شیرین مەحمود وتی: «تەنیا پاداشتی ئەو کارمەندانە کراوە کە لە سنووری قەزای قەرەداغدانو هی شوێنەکانی دیکە پەیوەندیی بە ئێمەوە نییە، ناوی کارمەندەکانی دیکە پەیوەندیدارە بە بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆی دەرەوەی شارەوە».


## کۆمپانیای نالیا پێویستی بە ئەندازیارو ژمێریارە

ـ کۆمپانیای نالیا پێویستی بە چەند ئەندازیارێکی شارستانییە، بە مەرجێک خزمەتی لە (١٥ساڵ) کەمتر نەبێت، مووچەکەشی لەنێوان (١٥٠٠ بۆ ٢٥٠٠ دۆلار) دەبێت.

ـ کۆمپانیای نالیا پێویستی بە ژمێریارێکە بۆ پۆستی (بەڕێوەبەری ژمێریاریی)، بەمەرجێک خزمەتی لە (١٥ساڵ) کەمتر نەبێت، مووچەکەشی لەنێوان (١٥٠٠ بۆ ٢٠٠٠ دۆلار)دەبێت.

**تێبینی بۆ هەردوو پۆستەکە:**

یەکەم: پێویستە خوازیار تا ٢٠٠٩/٩/١ (CV) پێشکەشی کۆمپانیا بکات.

دووەم: پێویستە ڕاستەوخۆ ئامادەبێت بۆ کارکردن.

سێیەم: کاتی دەوامکردن لەکاتژمێر ٨ ی بەیانی تا ٥ ی ئێوارەیە.

**ناونیشان: کۆمپانیای نالیا ـ ناو گوندی ئەڵمانی، بەرامبەر گەڕەکی تووی مەلیک**

**ژمارەی مۆبایل: ٠٧٥٠١٥٧٤٨٨٠ ـ ٠٧٧٠١٥٧٤٨٨٠**

# «کـاتـی راسـپـاردنـی سـەرۆکـی حـکـومـەت بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ، نادیارە»

**شارا عەبدولڕەحمان**

ئەمڕۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە، هاوکات، هیچ وادەیەکیش بۆ راسپاردنی سەرۆکی حکومەت بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەت دیارینەکراوە.

کوێستان محەمەد، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەمڕۆ دانیشتنێکی تایبەت لەنێوان سەرۆکایەتی پەرلەمان‌و سەرۆکی سەرجەم فراکسیۆنەکانی پەرلەماندا بەڕێوەدەچێت.

سەبارەت بەئەجێندای کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆ، تاریق جەوهەر، راوێژکاری راگەیاندنی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە وتی: «کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆ تایبەتە بە کاروباری تەکنیکی‌و دابەشکردنی کورسییەکان‌و دانانی میکانیزمی گونجاو بۆ چالاککردنی لیژنەکان‌و ریزبەندیکردنی دانیشتنی ئەندامان‌و چۆنێتی هاوکاریکردنی یەکتر لەخولی نوێدا».

تاریق ئەوەشی بۆ رۆژنامە خستەڕوو، پشووی هاوینەی پەرلەمان هەروەک لە پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە بەردەوامە تا ٩/١و تا ئەو بەروارەش هیچ دانیشتنێکی ئاسایی نابەسترێت‌و لەو رۆژە بەدواوە کۆبوونەوە ئاساییەکانی خولی سێیەمی پەرلەمان دەستپێدەکەن.

لەلایەکی دیکەوە، بڕیارە بەمزووانە سەرۆکی هەرێم کاندیدی لیستی زۆرینەی پەرلەمان رابسپێرێت بۆ پێکهێنانی کابینەی شەشەمی حکومەت، بەڵام د.فوئاد حسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم ئەوەی رەتکردەوە، کە کاتێک بۆ ئەو مەبەستە دیاریکرابێت‌و وتی «تائێستا هیچ وادەیەک دیارینەکراوە کە تێیدا سەرۆکی هەرێم کاندیدی سەرۆکایەتی حکومەت رابسپێرێت بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ».

هاوکات، راوێژکاری راگەیاندنی سەرۆکی پەرلەمانیش ئەوەی بۆ رۆژنامە ئاشکراکرد، کە پێدەچێت مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەشوێنی خۆیەوە چاوی بە سەرۆکی سەرجەم فراکسیۆنەکان بکەوێت سەبارەت بە دیاریکردنی کاندیدی سەرۆکی حکومەت‌و راسپاردنی بۆ پێکهێنانی حکومەت.

لە پەرلەمانی تازە هەڵبژێرراوی کوردستاندا (١١) لیستی سەرەکی هەن کە نوێنەرایەتی (١٥)حیزب‌و قەوارەی سیاسیی دەکەن‌و بریتین لە لیستەکانی (کوردستانی، گۆڕان، خزمەتگوزاری‌و چاکسازیی، بزووتنەوە، عەدالەتی کۆمەڵایەتیی، لیستی چاکسازیی تورکمانی، لیستی تورکمانی هەولێر، بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمانی، ئەنجومەنی شەعبی کلدانی سریانی ئاشووری، لیستی رافیدەین، ئارام شاهین داود-ئەرمەن)، بەڵام ئەوەی تائێستا روون نییە ئەوەیە، کە ئایا ئەو حیزب‌و قەوارانەی کە بەشێوەی هاوپەیمانی بەشدارییان لەهەڵبژاردندا کردووە، لەپەرلەماندا دەبنە فراکسیۆنی جیا جیا، یان بەیەک لیست دەمێننەوە.



فۆتۆ: ئیبراهیم عەلی

# پلانێکی ئەمنیی نوێ لە کەرکوک جێبەجێدەکرێت

**هاوڕێ عەبدوڵڵا**

دوابەدوای زنجیرە تەقینەوەکانی شارەکانی بەغداو موسڵ‌و بابل‌و سەرهەڵدانەوەی توندوتیژیی تەقینەوەکان لە عێراق، مەترسیی گواستنەوەی ئەو کردەوانە بۆ شارەکانی دیکە دەکرێت، بۆ ئەو مەبەستەش پلانێکی ئەمنیی نوێ لە پارێزگای کەرکوک جێبەجێدەکرێت.

دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەناو شارەکانی عێراق لە (٢٠٠٩/٦/٣١)، توندوتیژیی‌و تەقینەوەکان سەریانهەڵدایەوەو تەنیا لەم مانگەدا زیاتر لە (٢) هەزار هاوڵاتی عێراقی بوونەتە قوربانیی، رۆژی (٨/٢١) لە سنووری پارێزگای کەرکوک ئەندامێکی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق‌و خێزانەکەی‌و منداڵێکی بریندارکران، (٨/٢٢) لە نزیک پردی چوار لە شاری کەرکوک بۆمبێکی چێنراو تەقییەوەو بەهۆیەوە موقدەمێک‌و پۆلیسێک بریندارب‌وون.

بەرپرسانی ئەمنیی پارێزگای کەرکوک ئاماژە بە مەترسیی ئەنجامدانی کردەوەی «تیرۆریستی» لە سنووری پارێزگای کەرکوک دەکەن‌و بە وتەی ئەوان لە ئێستادا هێزە ئەمنییەکان لە ئامادەباشیدان‌و سەرقاڵی جێبەجێکردنی پلانێکی ئەمنین.

عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکوک، بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەو تەقینەوانەی ئەم دواییەی شاری بەغداو ناوچەکانی دیکە بارودۆخێکی نائارامیان دروستکردووەو بەوهۆیەشەوە ئاسایشی ناوچەکە لە مەترسیدایە، ئێمە لەئێستادا هەموو هێزەکانی پۆلیسمان خستووەتە ئامادەباشییەوەو لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت هەموو کاتێک ئامادەبین بۆ ئەگەری رووداني تەقینەوەو کاری تیرۆریستی».

وتیشی: «ئێمە لە سەرەتای مانگی رەمەزانەوە پلانێکی نوێمان جێبەجێکردووە بۆ پاراستی ئەمنییەتی شوێنە قەرەباڵغەکان‌و مزگەوت‌و بازاڕەکان، وەک (دانانی خاڵی پشکنینی خێرا، توندوتۆڵکردنی بازگەکان، رێگرتن لە چوونەژوورەوەی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر بۆ ناو شارەکان، کۆکردنەوەی زانیاریی لەسەر کارو چالاکی گروپە تیرۆریستییەکان)».

جێبەجێکردنی پلانی ئەمنیی هێزە ئەمنییەکان لەکاتێکدایە، لە سنووری پارێزگای کەرکوکدا گروپە چەکدارییەکانی قاعیدەو دەوڵەتی ئیسلامیی‌و بەعسییەکان لە خۆرێکخستنەوەدان‌و لە هەوڵدان بۆ تێکدانی ئارامیی ناوچەکە.

عەمید سەرحەد قادر، ئەوەشی راگەیاند، کە لە سنووری پارێزگای کەرکوکدا گروپی تیرۆریستیی قاعیدەو رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیی‌و بەعسییەکان چالاکن‌و هەماهەنگییان پێکەوە هەیەو هەوڵی ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی دەدەن، لە هەفتەی رابردووشدا چەند پلانێکیان پوچەڵکردەوە، لەوانە پوچەڵکردنەوەی ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر، دەستبەسەراگرتنی کارگەیەکی بۆمب، «ئەمانە بەڵگەی ئەوەن کە گروپە تیرۆریستییەکان دەیانەوێت بارودۆخی ئەمنیی کەرکوک تێکبدەن».

دوای کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لەناو شارەکانی عێراق‌و تەسلیمکردنەوەی مەلەفی ئەمنیی کەرکوک، پاراستنی ئەمنییەتی سنووری پارێزگای کەرکوک لە ئەستۆی پۆلیس‌و سوپای عێراقدایەو پێکەوە سەرپەرشتی هەڵمەتە سەربازییەکان دەکەن.

بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکوک وتیشی: «ناوشارەکان بە پۆلیس سپێردراوەو دەرەوەی شارەکان بە سوپای عێراق سپێردراوە، لە ئێستادا فیرقەی (١٢) نوێنەرایەتی سوپای عێراق دەکات‌و لیواکانیان بەسەر قەزاکاندا دابەشکردووە، هەماهەنگیمان لەگەڵ فیرقەی (١٢)دا هەیەو پێکەوە هەڵمەتەکان بەڕێوەدەبەین، جگە لەوەش سەرقاڵی پێکهێنانی (فەوجی قانوون)ین، بۆ پشکنینی ناوچە گەرمەکانی کەرکوک».



# رۆژنامەنووسانی هەرێم، لە بڕیارێکی بەغدا بێبەشبوون

**فەلاح نەجم**

بڕیاری چارەسەرکردنی رۆژنامەنووسانی عێراق بەبێ بەرامبەر لە دامەزراوە تەندروستییەکاندا، رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستانی نەگرتەوە.

نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراقیش رایگەیاند: «ئەوە پەیوەندیی بە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە هەیە، چونکە ئەوانیش وەک ئێمە ماف‌و بودجەی تایبەتیان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە هەیە».

ساڵح حەسناوی، وەزیری تەندروستی حکومەتی عێراقی، بڕیاریدا، لە سەرجەم دامەزراوە تەندروستییەکانی عێراقدا، رۆژنامەنووسان بەبێ بەرامبەر چارەسەربکرێن، لەرێگەی پیتاکی تایبەتەوە کە دەدرێتە رۆژنامەنووسان، هاوکات وەزیری تەندروستی سەرجەم نەخۆشخانەکانی ئاگادارکردووەتەوە، کە ئەو بڕیارە جێبەجێبکەن‌و ئێستا کاری پێدەکرێت.

ئەحمەد میرە، سەرنووسەری گۆڤاری لڤین بە رۆژنامەی راگەیاند: «حکومەتی عێراق زۆر زیاتر گرنگی بە رۆژنامەنووسان دەدات وەک لە حکومەتی هەرێم، چونکە حکومەتی هەرێم رۆژنامەنووسان پشتگوێدەخات».

هەرچەندە لەهەرێمی کوردستان بەهۆی ئارامیی ناوچەکەوە کەمتر رۆژنامەنووسان تووشی کوشتن‌و هێرشی تیرۆریستی بوونەتەوە، بەڵام دەسەڵاتداران‌و دەزگا حکومییەکان مافەکانیان پێشێلدەکەن، بەپێی ئامارێکی بانکی زانیاری مافی مرۆڤ، لە ماوەی حەوت مانگی یەکەمی ساڵی (٢٠٠٩)دا (٨٨) پێشێلکاریی دژی رۆژنامەنووسانی کوردستان، لە هەولێرو سلێمانی‌و دهۆک‌و کەرکوکدا کراوە، کە بریتین لە جنێودان‌و سوکایەتیپێکردن‌و زیندانیکردن، لێدان... ).

سەرنووسەری گۆڤاری لڤین جەختیشی لەوەکردەوە، کە دەسەڵاتدارانی ئێستای هەرێمی کوردستان ئەوەندەی بەتەنگ کێشەی حیزب‌و بەرژەوەندیی حیزبەکانیانەوەن، ئەوەندە بەتەنگ دەستەبەرکردنی مافی رۆژنامەنووسان‌و چین‌و توێژەکانی خەڵکەوەنین، هەروەها سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانیش زیاتر کارەکانیان بەیاننامە دەرکردنەو جەختلەسەر دەستەبەرکردنی ئیمتیاز ناکەنەوە بۆ رۆژنامەنووسان.

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەیەوێت لە چەند رۆژی داهاتوودا یاداشتێک ئاراستەی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق بکات‌و داوای ئەوەی لێبکەن ئەو ئیمتیازو مافانەی کە رۆژنامەنووسانی عێراق هەیانە رۆژنامەنووسانی کوردستانیش بگرێتەوە.

فەرهاد عەونی، نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە، وتی: «ئەو بڕیارە زیاتر بۆ راکێشانی سەرنجی رۆژنامەنووسانە، چونکە خەریکە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق نزیکدەبینەوە، بەڵام هەرچۆنێک بێت هەوڵدەدەین ئەو مافە رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستانیش بگرێتەوە».

وەزیری تەندروستی عێراق لیژنەی پزیشکی پسپۆڕیشی پێکهێناوە بۆ پشکنینی ئەو رۆژنامەنووسانەی تووشی نەخۆشیی درێژخایەن، بریندارب‌وونی سەخت یان نەخۆشیی قورس بوون، بۆ ئەوەی لەسەر بودجەی وەزارەتی تەندروستی بنێردرێنە دەرەوەی وڵات بە مەبەستی چارەسەرکردنیان.

هاوکات د.جەمیل رەشید، وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو بڕیارەی وەزارەتی تەندروستی عێراق بڕیارێکی زۆرباشە، ئەگەر سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەڕەسمیی داوا لە ئەنجومەنی وەزیران‌و وەزارەتی تەندروستی بکات لەو باوەڕەدانیم داواکەیان رەتبکرێتەوە».

وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی، جەختیشی لەوەکردەوە، «رۆژنامەنووسانی هەرێم مافی خۆیانە سوودمەندبن لەو بڕیارو ئیمتیازاتانەی کە حکومەتی عێراق دەریدەکات، چونکە هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق، ئەو مافانەی پەیوەندیی بە بواری تەندروستییەوە هەبێت، ئەرکی وەزارەتی تەندروستییە بۆیان دابینبکات».

# ڕێکخراوی (ASK)، چاودێریی بەڵێنی لیستەکان دەکات

## ڕێبین ڕەسوڵ، بەرپرسی (ASK):

# سەرۆکایەتی هەرێم وەک دامەزراوەیەکی دەستووریی بەهێز دەرنەکەوتووە

**سامان بەشارەتی**

ڕێکخراوی کۆمەڵی ئەمریکی بۆ کورد (ASK)، لە پرۆژەیەکی نوێدا چاودێریی جێبەجێکردنی بەڵێنی لیستە سەرکەوتووەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکات.

ڕێبین ڕەسوڵ، بەرپرسی ڕێکخراوی (ASK)، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەڵێنی گشت لیستەکانمان لایە کە پێش هەڵبژاردن بە هاوڵاتییانیان دابوو، بۆ ماوەی یەک ساڵ چاودێریی ئەو بەڵێنانە دەکەین، بۆ ئەوەی بزانین کامە لیست دەتوانێت بەڵێنەکانی خۆی جێبەجێ بکات».

بۆ بەڵێنەکانی سەرۆکی هەرێمیش ئاماژەی بەوەکرد، سەرۆکایەتی هەرێم تائێستا وەک دامەزراوەیەکی دەستووریی بەهێز دەرنەکەوتووە تابزانین ئەدائی چۆنەو تاچەند دەتوانێت ئەو کارانەی لەسەر شانیەتی جێبەجێی بکات.

لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکایەتی هەرێم لیستو قەوارە سیاسییەکان کۆمەڵێک بەڵێنیان بە هاوڵاتییان دا بۆ ئەوەی لە خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا کاری لەسەربکەنو فشار لەسەر حکومەت دروست بکەن، بۆ ئەوەی جێبەجێی بکەن ڕێکخراوی ئاسک وەک ڕێکخراوێکی نا حکومیی بۆ ماوەی یەک ساڵ لە ڕێگەی تیمێکەوە هەڵدەسێت بەچاودێریکردنی ئەو بەڵێنانەی کە لیستەکانو قەوارە سیاسییەکان پێش هەڵبژاردن بە خەڵکیان دابوو، سەبارەت بەم چاودێریکردنەیان ڕێبین ڕەسوڵ، بەرپرسی ڕێکخراوەکە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «هەموو ئەو بەڵێنانەمان کۆکردووەتەوە کە لیستو قەوارە سیاسییەکان پێش هەڵبژاردن بە خەڵکیان دابوو، لەگەڵ یەکەم دانیشتنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان تیمەکەمان دەستبەکاردەبێت بۆ ئەوەی چاودێریی ئەو بەڵێنانە بکات لە پەرلەمان، بۆ ئەوەی بزانێت تاچەند ئەو بەڵێنانە جێبەجێدەکرێت کە بە خەڵکی هەرێمی کوردستان دراوە، دواتر لە ڕاپۆرتێکدا دەیخەینە بەردەستی هاوڵاتییانو ڕای گشتیی».

بەرپرسی ڕێکخراوی ئاسک ئاماژەی بەوەشکرد، لە خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوویدا لە کۆی ئەو بەڵێنانەی بە خەڵکیی درابوو، پەرلەمان تەنیا لە دەرکردنی کۆمەڵێک یاسا ئەکتیڤ بووە، بەڵام وەک چاودێریکردنی حکومەتو بانگکردنی وەزیرەکانو لێپێچینەوە لە بودجەی کوردستان نەیتوانیوە سەرکەوتووبێت.

سەبارەت بە چاودێریکردنی بەڵێنەکانی سەرۆکی هەرێم، ڕێبین ڕەسوڵ ڕایگەیاند: «سەرۆکایەتی هەرێم تائێستا وەک دامەزراوەیەکی دەستووریی بەهێز دەرنەکەوتووە، تابزانین ئەدائی چۆنەو تاچەند دەتوانێت ئەو کارانەی لەسەر شانیەتی ڕایدەپەڕێنێت، بۆیە تائێستا ناتوانین چاودێریی بکەین تا دەستووری هەرێمی کوردستان دەنگی لە سەر نەدراتو یەکلایی نەبێتەوە لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە، بۆیە تا دەستووریش پەسەند نەکرێت، نازانرێت دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم چین، بۆیە هەر چاودێریکردنێک بەبێ پشتبەستن بە دەستوور سەرکەوتوو نابێت، دەبێت چاوەڕێ بکەین تاوەکو دەستوور دەنگی لەسەر دەدرێت».

کۆمەڵی ئەمریکی بۆ کورد ئاسک، ڕێکخراوێکی ئەمریکی کوردییە، لەساڵی (١٩٩٩) لە کوردستان دەستی بە چالاکی کردووە، لە ساڵی (٢٠٠٥) وەک ڕێکخراوێک لە بواری چاودێریکردنی دەزگا هەڵبژێردراوە ڕەسمییەکانی هەرێمی کوردستان کار دەکات.

> «لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوویدا لە کۆی ئەو بەڵێنانەی بە خەڵکیی درابوو، پەرلەمان تەنیا لە دەرکردنی کۆمەڵێک یاسا ئەکتیڤ بووە، بەڵام وەک چاودێریکردنی حکومەتو بانگکردنی وەزیرەکانو لێپێچینەوە لە بودجەی کوردستان نەیتوانیوە سەرکەوتووبێت»

## بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو

# لیژنەیەکی پەرلەمانیی چاودێریی کۆمسیۆن دەکات

**هەستیار قادر**

بەپێی یاسای هەڵبژاردنی نوێی پەرلەمانی عێراق، بڕیارە لیژنەیەکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەرپەرشتی کاروباری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بکات، لە کاتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەراندا.

ئاژانسی دەنگەکانی عێراق لەسەر زاری عالیە عوبێدی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران ڕایگەیاند: «لە یاسای هەڵبژاردنی نوێی ئەنجومەنی نوێنەراندا، خاڵێکی نوێ دانراوە سەبارەت بە پێکهێنانی لیژنەیەکی پەرلەمانیی کە ئەرکی چاودێریکردنی کاری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەبێت لەکاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکاندا».

عوبێدی ئاماژەی بەوەشکردووە، کە دانانی ئەو خاڵە لەدوای ئەو مەترسییەوە هات، کە هەندێک لیستی پەرلەمان لایان دروستبووە بەرامبەر بە ئەگەری دووبارەبوونەوەی لادانەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن کە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا ڕوویاندا، کە بەهۆیەوە هەندێک لە پەرلەمانتاران داوای لێپرسینەوەی ئەنجومەنی کۆمسیۆن دەکەن.

هاوکات زوهێر خۆشناو، ئەندامی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پێشبینی ئەوەی کرد، کە چاودێریکردنی کارەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەلایەن لیژنەیەکی پەرلەمانییەوە یەکێک بێت لەو پێشنیازانەی کە بۆ یاسای نوێی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران کراوەو ئاماژەی بەوەشدا، کە کۆمسیۆن پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە لیژنەی یاساییەوە هەیە.

سەبارەت بە دوا وادەش کە لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دانراوە، تا یاسای هەڵبژاردنی نوێ یەکلایی بکەنەوە.

زوهێرخوشناو ڕایگەیاند: «وادەی (١٠/١٦) کە نەتەوەیەکگرتووکان دایناوە بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەو یاسایە نا واقیعییەو ئەو مەسەلەیە پێویستی بە تاووتوێکردنە لەنێوان لیژنەی یاسایی‌و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکاندا.

# پێکهێنانی ئەنجومەنی فیدراڵیی، لەئێستادا لە بەرژەوەندیی کورد نییە

**ئیبراهیم عەلی**

یەکێک لە ڕاسپاردەکانی لیژنەی پێداچوونەوەی دەستوور، بریتییە لە پێکهێنانی ئەنجومەنی فیدراڵیی، کە ئەنجومەنێکە هاوشێوەو تەواوکاری ئەنجومەنی نوێنەرانەو دەتوانێت بڕیارو ڕاسپاردە دەربکات.

مەحمود عوسمان، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی لەسەرلیستی هاوپەیمانیی کوردستان، لەم بارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «باشتر وابوو لە دەستوور بە وردەکارییەوە باسی پێکهێنانی ئەو ئەنجومەنە بکرایە، وەک چۆن لە دەستوور باسی ئەنجومەنی نوێنەرانی کردووەو ئەویش وەک پەرلەمان وایەو دەبوو زووتر ئەم ئەنجومەنە پێکبێت، هەرچەندە لە دەستوور نووسراوە، کە دەسەڵاتی چییەو ناوەرۆکەکەی نووسراوە، بەڵام میکانیزمی پێکهێنانی ئەم ئەنجومەنە نەنووسراوە».

ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی نوێنەران وتیشی: «ئێستا لەکاتی هەموارکردنەوەی دەستوور ئەوە هاتووەتە پێش، کە پێویستە ئەو ئەنجومەنە پێکبێت».

لەبارەی ئەوەی کە لە ئێستادا پێکهێنانی ئەو ئەنجومەنە بە زیانی کورد دەشکێتەوە، د.مەحمود وتی: «لە ئێستادا پێکهێنانی ئەو ئەنجومەنە لەسەر بنەمای پارێزگاکانە، نەک فیدراڵییەت کە لە بنچینەدا وا پێویستبوو، کە هەرێمە فیدراڵییەکان نوێنەریان هەبوایە لەو ئەنجومەنەدا، بەڵام لەبەرئەوەی هیچ هەرێمێکی دیکەی فیدراڵیی لە عێراق پێک نەهاتووە، بۆیە لەو ئەنجومەنەدا هەر پارێزگایەو دوو نوێنەری دەبێت، ئەمە جگە لەوەی شاری بەغدا چوار نوێنەری دەبێت، لەبەرئەوە ئەگەری ئەوە هەیە بڕیارەکانی ئەو ئەنجومەنە بە زیانی کورد بشکێنەوە، هەرچەندە بەپێی دەستوور هەر بڕیارێک لەبارەی هەرێمی کوردستانەوە لەو ئەنجومەنە بدرێت، هەرێم دەسەڵاتی ڤیتۆکردنی ئەو بڕیارەی هەیەو دەکرێت وەک گرەنتیەک لەو بڕیارە بڕوانین».

سامی ئەتروشی، ئەندامی لیژنەی پێداچوونەوەی دەستووری عێراقیی، لەبارەی پێکهێنانی ئەو ئەنجومەنە لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «زۆر بە کورتیی لە دەستووری عێراق باس لەوە کراوە، کە ئەنجومەنی نوێنەران بە یاسایەک ئەنجومەنی فیدراڵی دادەمەزرێنێت، بەڵام دوای سەردانکردنمان بۆ چەند وڵاتێک بۆمان دەرکەوت، ئەم خاڵەی دەستووری هەمیشەیی عێراق هەڵەیەو دەبێت پێداچوونەوەی بۆبکرێت».

بە بڕوای سامی ئەتروشی، لە سیستمی فیدراڵیدا ناکرێت ئەنجومەنێک بە یاسا ئەنجومەنێکی هاوشێوەی خۆی دابمەزرێنێت، بەڵکو دەبێت لە دەستوور بەچەند مادەیەک باسی ئەو ئەنجومەنە بکرێتو دەستوور بڕیاری پێکهێنانی ئەو ئەنجومەنە بدات.

سامی ئەتروشی، وتیشی: لە ئێستادا پێکهێنانی ئەو ئەنجومە ترسی ئەوەی هەیە کە بە زیانی کورد بشکێتەوە، چونکە هەموو پارێزگاکان (٢) نوێنەری دەبێتو بەغدا (٤) نوێنەرو سەرۆکایەتی کۆماریش بە تەعین (٥) نوێنەر دیاریدەکات، لەو کاتەشدا ئێمە وەکو کورد (٦) نوێنەرمان دەبێت بەرامبەر بە (٣٠) ئەندامی دیکە، کە تەنیا ئەو شەش ئەندامە بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی هەرێم دەکەن، ئەوکات ئەوانی دیکە هەموویان بەرگری لە ناوەند دەکەن، بۆیە لەم حاڵەتەداو لە ئێستادا پێکهێنانی ئەو ئەنجومەنە زیانی بۆ کورد هەیە، بەڵکو پێکهێنانی ئەو ئەنجومەنە دەبێت بکەوێتە دوای دروستبوونی هەرێمە فیدراڵییەکان.

**هەر لەسەر ئەنجومەنی فیدراڵی، ڕاپۆرتێک لە ل٦دا دەخوێننەوە**



ئەنجومەنی نوێنەران
فۆتۆ: ئەرشیف

# ـــەرێم، لە سایەی پەرلەمانی نوێدا





د.سەباح بەرزنجی


د.سامان فەوزی

**«دەبێت پێداچوونەوە بە بڕگەو مادەکانی دەستووردا بکرێت، بەوپێیەی تێبینیو سەرنج لەسەر ئەو دەستووره زۆرەو خودی دەستوورەکەش بێ هەڵە نییە، بۆیە لەسەر ئەو پرسە دەبێت بەرژەوەندیی گشتیی خەڵک پێش بەرژەوەندیی فراکسیۆنەکان بکەوێت»**

باشی کرد بەوەی کە نەیتوانی ڕاپرسیی لەسەر دەستوور لەکاتی هەڵبژاردنەکان بێت، چونکە دەنگدانی ئەو کاتی خەڵک ئەوەندەی دەنگدانێکی سیاسیی دەبوو، هێندە هۆشیاریانە نەدەبوو، ئێستاش کە تەنیا پەرلەمان دەستووری کردووە بە یاسا، هەر پەرلەمانیش دەتوانێت لەو بڕیارەی خۆی پاشگەزبێتەوەو پێداچوونەوەی بۆ بکات. وتیشی: «یاسا لەهەر ئاستێکەوە دەربچێت ئەو ئاستە یان لە سەرووی ئەوەوە دەتوانێت یاساکە هەڵبوەشێنێتەوە، بەتایبەت کە دەستوور بە قۆناغی کۆتایی تێنەپەڕیوە کە ڕاپرسییە، بۆیە لە رووی یاسایی‌و دەستوورییەوە ئاساییە ئەو کارە بکرێت‌و چاکتریشە لەم خولەدا مۆڵەت بدرێت بە قسەکردن لەسەر ناوەڕۆکی دەستوورەکەو پشت بە تێبینی کەسە پسپۆڕو ئەکادیمییەکانیش ببەسترێت، بۆئەوەی زۆرینەی زۆری خەڵک لەگەڵ دەستوور بێت نەک بەشێک».

## کێ ڕێژەی یاسایی بەدەستدەهێنێت؟

ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان بە سیستمی کۆتاوە (١١١) کورسییە، کە بە رەزامەندیی (٧٤) لە ئەندامانی پەرلەمان دەتوانن بڕیار لەسەر تێپەڕاندنی دەستوور یان داوای پێداچوونەوەی بکەن، ئەم ڕێژە یاساییە لەکاتێکدایە کە هیچ یەک لە لیستەکانی ناو پەرلەمان ئەو ژمارەیان نییە، چونکە گەورەترین لیستی پەرلەمان کە هی دوو حیزبی دەسەڵاتدارە خاوەنی (٥٩) کورسین، لیستی دووەمیش کە گۆڕانەو وەک ئۆپۆزسیۆن خۆی ڕاگەیاندووەو خاوەنی (٢٥) کورسییە، لێرەوە ئاراستەکان بەو شێوەیەن کە بۆ تێپەڕاندن یان داواکاریی چاوخشاندنەوە بە بڕگەکانی دەستوور پێویستی بەرێککەوتنی سیاسیی‌و نزیکبوونەوەی بەرژەوەندیی لیستەکانە، هەموو ئەمانە ئەوە دەسەلمێنن دەستوور یەکێک دەبێت لەو بڕیارانەی بە ئاسانی لە پەرلەمان دەرناچێت.

د.زانا رەئوف، پسپۆڕی یاسای دەستووریی‌و ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان، پێیوایە؛ دەستوور دەبێتە یەکێک لە باسە گرنگو پڕ گفتوگۆکانی نێوان لیست‌و پێکهاتەکانی پەرلەمان، ئەمەش لەبەر دوو هۆ، ئەوانیش: گرنگیی دەستوور خۆی‌و تێپەڕاندنی دەستوور لە وادەی بەسەرچوونی خولی پێشووی پەرلەماندا‌و وتی: پێمانوایە دەبێت پێداچوونەوە بە بڕگەو مادەکانی دەستووردا بکرێت، بەوپێیەی تێبینی‌و سەرنج لەسەر ئەو دەستووره زۆرەو خودی دەستوورەکەش بێ هەڵە نییە، بۆیە لەسەر ئەو پرسە دەبێت بەرژەوەندیی گشتیی خەڵک پێش بەرژەوەندیی فراکسیۆنەکان بکەوێت.

## پێویستە گفتوگۆی لەسەربکرێت

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی خزمەتگوزاری‌و چاکسازیی، کە خاوەنی (١٣) کورسی ئەم خولەی پەرلەمانن، ئاماژە بەوە دەکات، ئەگەر دەنگی یاسایی بۆ چاوخشاندنەوە بە دەستوورەکە کۆبکرێتەوە، جێی خۆیەتی بە ئاراستەی فەراهەمبوونی دەستوورێکی ڕێکوپێک کە ڕێکەوتنی میللی لەسەر دروستبێت، دووبارە گفتوگۆی لەسەر بکرێت.

د.سەباح بەرزنجی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە لیستی خزمەتگوزاری‌و چاکسازیی، بە رۆژنامەی ڕاگەیاند: خولی پێشووی پەرلەمان دەستووری پەسەندکرد، بەڵام خولی سێیەمیش لە رووی یاساییەوە بەوپێیەی نوێنەری گەلە دەتوانێت قسەی زیاتری لەسەر بکات، چونکە دەستوور بۆ ڕۆژێکو دوو ڕۆژ نییە، بەڵکو بۆ داهاتووی ئەم هەرێمەیە، کەواتە بۆ هەموومانەو ئێمەش نوێنەری گەلین، بۆیە پێویستە قەناعەتێک دروستبکەین کە هەموومان لەسەر دەستوورەکە ڕێکبکەوین. وتیشی: «ئەرکی ئەندام پەرلەمانەکانە هۆشیارییەکی وا دروست بکەن لەناو پەرلەمان‌وخەڵک کە جارێکی دیکە ئەو پرۆژەیە بخرێتەوە بەرباس‌و لێکۆڵینەوەی تێروتەسەلی لەسەر بکرێت، بۆئەوەی دەستوورەکە قسەو گومانێک هەڵنەگرێت‌و ڕێکەوتنێکی میللی لەسەربێت».

ئەو ئەندامەی لیستی خزمەتگوزاری‌و چاکسازیی ئەوەی نەشاردەوە، کۆکردنەوەی ئەو ڕێژەیەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان لەسەر داواکردن بۆ پێداچوونەوە بە دەستوور ئاسان نییە، بەتایبەت کە وەک خۆی وتی: «لیستی کوردستانی وەک دەستکەوتێک سەیری دەکات‌و پێیوایە کاتی هاتووە بخرێتە ڕاپرسییەوە، واتە پێیانوایە پێویست ناکات جارێکی دیکە قسەی لەسەر بکرێت».

## دۆخی نادیار

یەکێک لەو رەخنانەی کە ئاراستەی تێپەڕاندنی دەستوور کرا، ئەوەبوو پەرلەمان لە چوارساڵدا کیسەڵیانە ئیشی لەسەر دەستوور کرد، بەڵام لە مانگێکدا زۆر بەخێرایی ئەو مەسەلەیەی تێپەڕاندا، بەتایبەت لەو رۆژەی دەستوورە کە پەسەندکرا، بێئەوەی مادە بە مادە دەنگی لەسەر بدرێت، کۆی دەستوورەکە تێپەڕێندرا، ئەمەش بۆ ئەوەبوو هەر چۆنێک بێت لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان بخرێتە ڕاپرسییەوە، ئێستا کە بەو حاڵە دەستوورەکە تێپەڕێندراوە چارەنووسی تێپەڕاندن یاخود پێداچوونەوەشی لە دۆخێکی نادیاردایە.

د.سامان فەوزی، ئاماژە بەوە دەکات؛ ڕاستە پەرلەمانی ئەمجارە جیاوازە لەگەڵ خولی یەکەم‌و دووەم، جیاوازییەکەش ئەوەیە ژمارەیەک لە کورسی حیزبی دەسەڵاتدار چووە بۆ هێزێکی دیکە کە بە ئۆپۆزسیۆن دەناسرێت، بەڵام کێشە ئەوەیە ژمارەی کورسییەکانی لیستی گۆڕان‌و چاکسازیی ناگاتە نیوەی کورسییەکانی پەرلەمان، کە هاوکات زۆربەی یاساکان بە زۆرینەی دەنگ (١+٥٠) تێدەپەڕێت. وتیشی: «لەو حاڵەتەشدا لیستی ئۆپۆزسیۆن دەتوانێت رەخنەبگرێت، لەکاتی پێویستدا لە هۆڵی پەرلەمان بێتە دەرێ، هەندێک بڕیاری مێژوویی ئەوان لێی بەرپرسیارن، بەڵام هەندێک یاساو بڕیاری گرنگ هەیە کە پێویستی بە زۆرینەی رەها هەیە، پێویستی بە دەنگی ئۆپۆزسیۆن هەیە».

لەلای خۆیانەوە، د.زانا رەئوف، ئاماژە بەوە دەکات، لیستی گۆڕان بەرنامەو پلانی خۆی هەیە سەبارەت بە پرسی دەستوور کە لەکاتی خۆیدا دەردەکەوێت‌و وتی: هیچ کاتێک پەرلەمانی پێشوو ناتوانێت پەرلەمانی ئێستا وابەستە بکات، چونکە هەر دۆخەو پێویستی بە داخوازیی‌و پێداویستی خۆی هەیە، بۆیە دەبێت جارێکی دیکە ڕێکبکەوین لەسەر بناغەکان، مەرج نییە ئەو نەریتەی لیستی دەسەڵات بۆ خۆی دادەنێت ئێمە لەگەڵی کۆک بین، چونکە ئەوە ئەوەیە کە خۆی بۆ خۆی داناوەو ئەوەی ئێمەش شتێکی دیکەیە». ئەو ئەندامەی لیستی گۆڕان تەئیکد دەکاتەوە، هەر کاتێک زانییان پرۆژە دەستوورییەکە لە ئاستی داخوازیی خەڵکی کوردستانە، ئەوا بێگومان ئێمە لەگەڵی دەبین.

## بەرژەوەندیی گشتیی‌و بڕوای سیاسیی ئەندامانی پەرلەمان

تائێستا کەمتر ئەزموونی ژیانی پەرلەمانی لە کوردستاندا، ئەوەی بۆ خەڵک دەرخستووە، کە ئەندام پەرلەمانەکان نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵک بن، چونکە خولەکانی پێشوو زۆر ئاشکرا ئەوەیان دەردەخست ئەندامانی لیستە جیاوازەکان زۆرتر وابەستەی سیاسەت‌و بەرژەوەندیی لایەنەکانیان بوون، بۆیە ئەمجارە پرسی دەستوور کە بەرژەوەندیی تاک بە تاکی ئەم هەرێمەی لە خۆیدا کۆکردووەتەوە، پێویستی بە ئەزموونێکی پۆزەتیڤی ژیانی پەرلەمانیی هەیە.

د.سامان فەوزی دەڵێت: ڕاستە ئەندام پەرلەمانەکان سەر بە لیستە جیاوازەکانن، بەڵام ئەگەر لیستێک ویستی شتێک بکات‌و ئەندام پەرلەمان لەگەڵی نەبوو، زۆر ئاساییە ئەو هەڵوێستە دەرببڕێت، چونکە ئەندام پەرلەمان نوێنەری ڕاستەقینەی گەلن نەک لایەنێک‌و قەوارەیەکی سیاسیی، هاوکاتیش هیچ لایەنێک ناتوانێت بەهۆی گوێرایەڵنەبوونی بە ئاراستەکردنی لیستەکەی ئەندام پەرلەمانێک لابەرێت، بۆیە دەبێت ئەندام پەرلەمان سەروەریی مێژوویی بۆ خۆیان تۆماربکەن، ئەوەی لە بەرژەوەندیی گەلی کوردستان نەبێت دەنگی بۆ نەدەن.

# چارەنووسی دەستووری ه

دلێر عەبدولخالق

چارەنووسی ئەو دەستوورە پەسەندکراوەی لەدوای ماوەی یاسایی خولی دووەمی پەرلەمان بەڕێکرا، لە خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا دێتەوە بەر باسو گفتوگۆ. بە بڕوای بەشێک لە ئەندامانی پەرلەمانو چاودێرانی سیاسیی، ئەو پرسە یەکێک دەبێت لەو بڕیارانەی پەرلەمان کە زۆرترین گفتوگۆ لەخۆدەگرێت، تا لە فلتەری پەرلەمانییەوە بەرەو راپرسیی خەڵک ئامادەدەکرێت.


د.نوری تاڵەبانی


د.زانا رەئووف



دەستووری هەرێمی کوردستان لە دیباچەیەکو (١٢٢) مادە پێکهاتووە، کە دابەشکراوە بەسەر هەشت دەروازەدا، دەروازەکانیش هەر یەک لە بنەما سەرەکییەکان، مافە سەرەکییەکان، دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان، داواکاری گشتی، کارگێری خۆجێیو ئەنجومەنی شارەوانی، دەستەو کۆمسیۆنە سەربەخۆکان، حوکمە داراییەکانو کارپێکردنی دەستوورو لێکدانەوەو هەموارکردنی دەگرێتەوە.

## چیرۆکی نووسینەوەی دەستوور

ئامادەکردنی پرۆژەی پێشنیازکراوی دەستووری هەرێمی کوردستان، بۆ خولی یەکەمی ئەو پەرلەمانە لەساڵی (١٩٩٢) دەگەڕێتەوە، دوابەدوای ئەو دۆخە سیاسییەی هەرێم پێیدا تێپەڕی لە شەڕی ناوخۆو بوونی دوو ئیدارەییو ناکاراییی پەرلەمانی ئەو کاتە، بڕگەو مادەو لاپەڕەکانی پرۆژەکە داخران، تا ئەوەی لە سەرەتاکانی خولی دووەمی پەرلەمان وەک پرۆژەیەک لیژنەی بۆ دروستکراو دووبارە لیژنەی دەستوورو پرۆژەکە بە دۆخی متبوونی خۆیاندا تێپەڕینەوە، ئەم دۆخەش تا کۆتاییەکانی تەمەنی خولی دووەمی پەرلەمان درێژبووەوە، بەڵام لە حاڵەتێکی چاوەڕواننەکراوو دوای تێپەڕبوونی (٢٠) رۆژ بەسەر ماوەی یاسایی کارکردنی ئەو خولەی پەرلەماندا، لە رۆژی (٢٠٠٩/٦/٢٤) بە دەنگی زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان پەسەند کرا.

ئەو پەسەندکردنەی دەستوور لەکاتێکدا بوو کە (٢٥) پەرلەمانتار لە یاداشتێکدا کە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانیان کردو تێیدا ئاماژەیان بەوەکردبوو، پێویستە لەم خولەی پەرلەماندا جگە لە پەسەندکردنی بودجەی ساڵی (٢٠٠٩) هیچ پرۆژەیاسایەکی دیکە پەسەند نەکرێت، چونکە لە (٢٠٠٩/٦/٤)ەوە ماوەی یاسایی ئەم خولەی پەرلەمان تەواو بووە، ئەگەرچی بە بڕیارێکی پەرلەمانیش تەمەنی درێژکراوەتەوە، بەڵام لەو وادە بەدواوە هیچ شەرعییەتێکی یاسایی ناماوە.

هاوکات لە رۆژی پەسەندکردنی دەستووردا، دوو رۆژ تێپەڕیبوو بەسەر ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، کە تێیدا چەند لیستو قەوارەیەک رکابەریی بەدەستهێنانی دەنگەکانی دەنگدەرانی هەرێمیان دەکرد، لەو کاتەشدا لیستی گۆڕان کە وەک بزووتنەوەیەکی جەماوەریی هاتەکایەوە، تاکە لایەنی سیاسیی بوو کە بە روونی دژایەتی خۆیان بۆ تێپەڕاندنی دەستوور لەماوەی «نایاسایی» پەرلەماندا خستەڕوو، لەبەرامبەریشدا لیستی کوردستانی (لیستی یەکێتیو پارتی)، پەسەندکردنی ئەو دەستوورەی وەک بەشێک لە دەستکەوتەکانی خۆیان ئەژمار دەکردو لە دەستپێکردنی بانگەشەی لیستەکەشیان لە هەولێر، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێم، دەستخۆشیی لە پەرلەمانی کوردستان کرد بۆ تێپەڕاندنی دەستوورەکەو ئاماژەی بەوەکرد، هەموو هەوڵی خۆیان چڕدەکەنەوە، تا کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق بتوانێت لە رۆژی (٢٥)ی تەمموز لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێم راپرسیی لەسەر دەستوورەکەش بکرێت، بۆئەوەی بە دواقۆناغی یاسایی خۆی تێپەڕێندرێت.

بۆ هەمان مەبەستیش پەرلەمانی کوردستان داواکاریی خۆی پێشکەش بە کۆمسیۆن کرد، بەڵام لە دەرەوەی خواستی لیستی کوردستانی، کۆمسیۆن رایانگەیاند: «بەهۆی کێشەی ئیدارییەوە ناتوانن راپرسیی دەستوور لەکاتی هەڵبژاردنی پەرلەماندا بەڕێوەبەرن».

## دەستوور بەرەو کوێ؟

بابەتی تێپەڕاندنی دەستوور نارەزاییەکی گەورەی لە ئاستە جیاوازەکانی هەرێم بەخۆیەوە بینی، ئەم نارازایەتیە پەرییەوە بۆ لایەنە سیاسییەکانی عێراقو لەوێشەوە نەوەستا، بەڵکو لەسەر ئاستی وڵاتانو رێکخراوەکانی نێودەوڵەتیش شێوەیەکی رێکخراوتری وەرگرت، لەگەڵ کۆی ئەم حاڵەتانە، ئێستا خولێکی نوێی پەرلەمانی کوردستان دەستبەکاربووە، کە تێیدا پێکهاتەی پەرلەمان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەوپێیەی لەگەڵ لیستی دەسەڵاتدا بەرەی ئۆپۆزسیۆنیش فراوانبوونی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام ئێستا ئاسۆی چاوەکانی خەڵکی هەرێم لەسەر هەڵوێستی ئەندامانی خولی سێیەمی پەرلەمانە، کە ئایا بابەتی دەستوور بەوشێوەیەی ئێستا بەرەو راپرسیی دەنێرن، یان بەپێی رێژەی یاسایی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان، کە دەبێت (٣/٢) ئەندامانی لەسەر کۆک بێت، جارێکی دیکە دەستوور دەخرێتەوە سەر مێزی گفتوگۆی لیستو لایەنە جیاوازەکانی ناو پەرلەمان.

لە مەراسیمی کردنەوەی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستانو لەبەر رۆشنایی وتەکانی سەرۆکی خولی دووەمو سەرۆکی خولی سێیەمی پەرلەمان، دەرکەوت لیستی کوردستانی شێلگیرانە پشتیوانیی لە بڕگەکانی ئەو دەستوورە دەکەنو کۆی هەوڵەکانیشیان بەو ئاقارە چڕدەکەنەوە، کە بێ دەستکاریی دەستووری هەرێم بەرەو راپرسیی خەڵکی هەرێمی کوردستان بنێردرێت.

عەدنان موفتی، سەرۆکی خولی دووەمی پەرلەمان، ئاماژەی بەوە کرد؛ «دارشتنی پرۆژەکە واقیعبینانەیەو گوزارشت لە رای زۆرینەی خەڵکی کوردستانو بە رەچاوکردنی فرەنەتەوەییو فرە ئایینیو چەسپاندنی تەواوی مافە دیموکراسیو ئازادییو ئازادیی تاک دەکات»، ئەگەر رۆژگار هەر کەموکورییەکەی دەستوورەکەی دەرخست، دەکرێت هەمواربکرێت بەپێی ئەو میکانیزمەی لە خودی دەستوورەکەدا هاتووە. وتیشی: پرۆژەی دەستووری هەرێم کە لە سەرەتای خولی دووەم کاری لەسەرکراو پێش کۆتاییهاتنی خولەکەش بە زۆرینەی دەنگ لە (٢٤)ی حوزەیراندا پەسەندکرا، ئەو کارەیشی بە «دەستکەوتێکی مێژوویيو گرنگی خەباتی گەلەکەمان» لەقەڵەمداو وتی: لەبەر گرنگی پرۆژەکەو بۆ ئاگاداریی خەڵک لە ناوەڕۆکەکەی زیاتر لە (٨٥٠) هەزار دانە چاپکراوەو بەسەر خەڵکی کوردستان دابەشکراوە، «بە ئومێدین بەپێی یاسا کاری بۆ ئەنجامبدرێتو رۆژی راپرسیی دیاریبکرێت».

دوای هەڵبژاردنی وەک سەرۆکی نوێی پەرلەمان، کەمال کەرکوکی، لە وتەیەکدا مەودایەکی فراوانی بۆ دەستووری هەرێم دیاریکردبوو، تێیدا ئاماژەی بەو رەخنانە کرد، کە ئاراستەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان دەکرێنو پرۆژەکەشی لە چوارچێوەی بڕگە ئاساییو یاساییەکان وەسفکردو وتی: «هێرش دەکرێتە سەر پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، کەچی پرۆژەکە بڕگەیەکی ئاساییو یاسایی ئامادەکراوەو جگە لەوەی مافی دەستووری هەرێمە، هاوکاتیش مادەکانی گونجاوە لەگەڵ مادەکانی دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵدا».

## دەستوورەکە دەخرێتەوە بەر گفتوگۆ

لەگەڵ ئەوەی پێشتر بەرپرسانی هەرێم جەختیان لەوە دەکردەوە، کە ناتوانرێت جارێکی دیکە گفتوگۆو چاوخشاندنەوە بە پرۆژەی پەسەندکراوی دەستووری هەرێمدا بکرێت، بەڵام پسپۆڕێکی یاسایی ئاماژە بەوە دەکات، ئەگەر (٣/٢)ی ئەندامانی پەرلەمان بڕوایان بە گۆڕانکاریی لە دەستوورەکە هەبێت، ئەوا بێگومان دەتوانن جارێکی دیکە پرۆژەکە بێننەوە بەر باس.

د.نوری تاڵەبانی، ئەندامی پێشووی پەرلەمانو پسپۆڕی یاسا، کە هاوکات ماوەیەک ئەندامی لیژنەی یاساییو ئامادەکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێم بووە، بە رۆژنامەی راگەیاند: «چارەنووسی ئەم پرۆژەیاسایە بەستراوەتەوە بە هەڵوێستی پەرلەمانی نوێوە، پەرلەمان ولایەتی گشتیی هەیەو دەتوانێت بەپێی رێژەی یاسایی کە (٣/٢)ی ئەندامانی پەرلەمان داوابکەن چاوخشاندنەوە بە بڕگەکانی دەستوور بکرێت، ئەوا بێگومان دەتوانن ئەو کارە بکەن، دوای پێداچوونەوەی ئەو خولە دواتر بخرێتە راپرسیی خەڵکەوە».

بە بڕوای د.سامان فەوزی، سەرۆکی بەشی زانستە رامیارییەکان (ئێواران) لە زانکۆی سلێمانی، کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان کارێکی

## بڕیار گاباری، ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی کەجەکە:

# بەستنی کۆنفرانسی نەتەوەیی پێویستییەکی زۆر گرنگی ئەم قۆناغەیەو نابێت کەسی تیادا وەلابنرێت

سازدانی: هەوراز حەسەن

### پرسی کورد

بڕیار گاباری ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی کۆما جڤاکێن کوردستان (کەجەکە) سەبارەت بە پرسی کورد، بەتایبەت لە تورکیا، ئاماژەی بەوەکرد، ئەوەی ئێستا دەوڵەتی تورکیا دەیکات جگەلەوەی «دەیانەوێت هەموو شتەکان بۆخۆیان بگەڕێننەوەو بزووتنەوەی کورد نادیدە بگرن شتێکی دیکە نییە». لە ڕاستیشدا جیهان سەرسامبووەو دەبێت ئەو کێشەیە چارەسەربکرێت، بۆیە «ئەوە بەرهەمی ڕەنجو تێکۆشانی کورد خۆیەتی نەک خێرپێکردنی ئەمو ئەو»، گاباری دەڵێت: ئەگەر ئاستی ئەو بەرهەمهاتووەشمان کەمەو سەرکەوتنمان تێرناکات، کەموکورتیی ناوخۆییمان هەیە، ڕەخنەمان لەسەرە، هێندەی پێشکەوتن‌و دەستکەوت‌و دەرفەتەکانی بەردەم چارەسەری دۆزی کورد لە ئارادایە، لەوە زیاتریش مەترسیی توانەوەو لەناوبردنی گەلەکەمان لە ئارادایە، ئەوەتا ئێران‌و تورکیاو سوریاو تەنانەت عێراق‌و هەندێک هێزی دیکەش، بیرکردنەوەیەکی وایان هەیە، ئەوە ئەمریکا لە ناوچەکە دەکشێتەوە، ئەوکاتە ئیتر وەک جاران هەر جۆرە هاوپەیمانێتییەکی ئێمەی کورد، دژە ئەمریکا نابێت، لەهەمانکاتدا مەترسیی ئەوەشیان هەیە ئەمریکا بەر لەکشانەوەی ڕۆڵێکی دیارو زیاتر بدات بە کورد، ئێستا ئەوان لە بۆشاییەک دەگەڕێن، زۆر ڕێگەیان تاقیکردەوە، لە (٢٠٠٦)ەوە بە چڕیی ئەو پڕۆسەیە بەردەوامبووە، بەڵام سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا، سەرکەوتنی دەزگاو دامەزراوەی کورد لە باکوور هاوسەنگی هەموو ئەو پلانانەی گۆڕی‌و تێکیدا، بۆیە ئەوە ئیرادەی سیاسیی‌و تێکۆشانی گەلی کوردە ئەو پرسەی بەدوای خۆیدا هێناوە، نەک خێرپێکردنی ئەمو ئەو.

### کۆنفرانسی نەتەوەیی کورد

دەربارەی بانگەوازو هەوڵەکان بۆ بەستنی ئەو کۆنفرانسە نەتەوەییەش وتی: «هەموو هەوڵدانێک بە پیرۆز دەزانین، تێڕوانینێکی وامان هەیە پشتگیریی لە هەر دەستپێشخەرییەو هەوڵێکی لەو جۆرە بکەین، دەرفەتی سیاسەتی نێونەتەوەیی پێویستی بە دەرکەوتنێکی وا هەیە بۆ گەلی کورد بەتەواویی، لە هەرێمی کوردستان بەر لە هەڵبژاردنەکان شتێکی وا لە ڕۆژەڤدا هەبوو، ئەوکاتە گفتوگۆیەک کرا، مەرجی چەکدانانی پەکەکە لە ئارادا هەبوو، لەبەرئەوەی کاتی خۆی قسەمان هەبوو لەسەر ئەو مەسەلەیە، جارێکی دیکە نامانەوێت بچینەوە سەر ئەوباسە، ئەو هەوڵدانەی ئێستاش بۆ ئەو مەبەستە لە ئارادا هەیە، پێویستە بە شێوەیەکی کراوە بێت‌و کەس خۆی نەسەپێنێت بەسەر ئەویدیکەدا، هیچ هێزێک وەک توانەوەی خۆی لەناو شتێکی گشتیدا نەیبینێت، «ئەوە دەرفەتێکە بۆ کوردو لە ئاستی جیهانیدا زۆر گرنگە، قۆناغی ئێستا ئەوەمان لێ دەخوازێت».

### هێزە ئیسلامییەکان

سەبارەت بە ڕۆڵی هێزە ئیسلامییەکانیش لەناو بزاوتی کوردایەتیدا گاباری دەڵێت: «ئەزموونی ڕابردووی دوورو نزیکی گەلان‌و کوردیش لەو نێوەدا، بەتایبەتیش (٣٠-٤٠) ساڵی لەمەوبەر، ئەوەمان پێدەڵێت کە ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسلامی سیاسیی بە ئەفیونناسینی دین یان بە قورئان سووتاندن‌و مزگەوت ڕووخاندن ناکرێت، بەڵکو لەپێشەوە بە قبووڵکردنی ئایین وەک گەوهەری ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی دەبێت‌و دەبێت ئاوهاش ئەو بابەتە پێناسە بکرێتەوە، دەبێت ئێمەی کورد هەستی میللیگەرایی لەدین دابڕاو نەکەین، باوەڕی دینی نکۆڵیکردنی باوەڕی نیشتمانی نییە، پێچەوانەکەشی ڕاستەو دوورەپەرێزیی نییە لە دین».

زیاتر دواو وتیشی: «یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەوەی هێزە ئیسلامییەکان لە باشووری کوردستان نەبوونە جێگرەوە (ئەلتەرناتیڤ)و دەنگەکانیان دابەزی بۆ خوار نیوە زیاتری هەڵبژاردنەکانی پێشووتری هەرێم، ئەو شێوە تێگەیشتن‌و تێکۆشانی کوردو شکستی (akp)یە لە باکووری کوردستان، دەبێت ئەوانە بەیەکەوە گرێبدەینەوە، تا تێگەیشتنی فراوانتر لە هەمبەر ئەو پرسە بەدەستبهێنین، ئەو لایەن‌و شوێن‌و چەمکانەی کە لە چوارچێوەی سیستمی دەسەڵاتی ناوخۆیی یان داگیرکاری، لاڕێکراو یان چەوتکراوە، پێویستە تێکۆشانێکی دیموکراتییانەی زۆر جدیتریان لە بەرامبەردا بکرێت، کورد دووسەد ساڵ زیاترە لە کوردستاندا بە ئیسلامی سیاسیی دەچەوسێنرێتەوە، بۆیە ئەمڕۆ لە چوارچێوەی بیرێکی دیموکراتی‌و ڕێنیسانسێکی عەقڵانیدا، بەتایبەت ڕۆشنبیرو ڕووناکبیرو هێزە پێشەنگەکانی لەم بابەتە تێگەیشتن‌و تێدەکۆشن، هەر ئەوەشە بۆ هەتاهەتایە وامان لێدەکات بڵێین کورد ئیسلامی سیاسیی وەک ئەلتەرناتیڤ قبووڵ ناکات، بۆنموونەش یەکێکیان ئەوەی (٣/٢٩)ی باکووری کوردستان‌و ئەوەیتریان (٢٥/ ٧)ی هەرێمە وەک ڕۆژی ڕووناک بەدەرکەوت، ئەگەرچی دیسانەوە ئەوە کۆتایی نییەو بێگومان بۆشاییگەلێک هێشتا لە ئارادان پێویستەو دەبێت پڕبکرێنەوە».

### ڕووناکبیرانی هەرێمی کوردستان

گاباری لەم گفتوگۆیەیدا لەسەر ڕووناکبیرانی هەرێمیش هەڵوەستەی کردو وتی: «ڕووناکبیرانی هەرێمی کوردستان لە بازنەیەکدا خنکاون، یان ئەوەیە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆو ئۆرگانیزەکراویان لەگەڵ سیستمەکە هەیە، یان شێوە پەیوەندییەکی نادیار کە لە ڕوانگەی عەقڵ، فەلسەفە، ئایدیۆلۆژی‌و لە هەستیشدا لێی دانابڕێت».

وتی: دەمەوێت ڕوونتر بڵێم هەیانە لاسایی خۆرئاوا دەکاتەوە، کەچی ئەوە هەر لە هەرێمی کوردستان نییە، پێشووتر لە ئێران‌و تورکیاو شوێنەکانی دیکەش لەو بابەتە هەبوون، هەیانە تەنیا خەریکی ڕاهێنانی خەڵکە لە چوارچێوەی ئەو سیستمەی کە هەیە، هەشیانە ئەگەرچی لە لەچوارچێوەیەکی دژ (مخالف)دا خۆی پێناسە دەکات، بەڵام دژی چییەو چی دەکات بە ڕاستی زۆر دیار نییە، بە بڕوای بڕیار گاباری «دەبوایە، ڕووناکبیرانی هەرێمی کوردستان بچنە بازنەیەکی دیکەوە»، بۆیە ئەرکی ڕووناکبیرانی هەرێم وەک ئەوەی ئێستا لە باکوور بەڕێوەدەچێت، دەبێت ماڵبەماڵ‌و دەرگابەدەرگا ڕۆڵ لە پێشخستنی کۆمەڵایەتی‌و پەروەردەیی تاکدا ببینن، دەبێت بکەونە ناو خەڵک، بکەونە ناو کۆمەڵگە بەگشتیی، یەکێک بۆ ناوبانگ، یەکێک پلەوپایە، یەکێک بۆ حیزب، «بەوجۆرە ڕووناکبیران ناتوانن ئەو ڕۆڵە بگێڕن کە بونیاتنانی کۆمەڵگەی ئازادو پێشکەوت لێیان چاوەڕێدەکات»، ئەو سەرکردەیەی کەجەکە هێما بۆ ئەوە دەکات؛ ئەگەر ڕووناکبیر پێیوابێت، دەبێت ئێمەو حیزبەکان بێین ئەو ڕۆڵە بگێڕین، ئەوە تێگەیشتنێکی هەڵەیە، بۆیە «بە بڕوای ئێمە ڕووناکبیران بەچڕکردنەوەی هەستی بەرپرسیارێتی لەناخی خۆیاندا دەتوانن بگەنە ئەمانجێکی دیموکراتی ترو نەتەوەیی تر»، بەوپێیەی وەک گاباری لێکدانەوەی بۆ دەکات، «ناکرێت ڕووناکبیر ئەو ئەرکە بۆ کەسی دیکە جێبهێڵێت، چونکە ئێستا پتر لەهەر کەس‌و هێزێک ئەرکی ڕووناکبیرە بتوانێت ڕێنوێنی خەڵک‌و کۆمەڵگە بکات‌و ڕێکیانبخات»و دەڵێت: ئەوەی ئێستا لە باشووردا ڕوودەدا هێزێک هەیە بوار بەوە دەدات، خۆ بە ڕێکەوت ئەوە نەخوڵقاوە، ئەو هێزە کێیە، بێگومان ئەگەر لە من بپرسی دەڵێم ڕووناکبیرانن، کێشەکە لەوەدا نییە تۆ بە دەسەڵاتدا هەڵبدەیت یا دژایەتی بکەیت، «ڕووناکبیر دەبێت هەردەم شتێکی نوێتر لەوەی کە هەیەتی دروست بکات، بەڵام دەبێت بزانێت بەچی‌و چۆن دروستی دەکات، بێگومان تا ڕووناکبوونەوەی خەڵک ڕوو نەدات، ئەوە بەرجەستە نابێت»، ئەرکی ڕووناکبیریش لەوەدا دەبینێت کە بتوانێت ئەو گرەنتییە دروستبکات‌و پێشڕەوی بکات، خودی پڕۆسەی دیموکراتی لە هەرێمی کوردستان ئەو گرەنتییەی پێویستە، واتە دەبێت ڕووناکبیران لە خوارەوە دەستپێبکەن‌و داکەونە ناو خەڵک، پڕۆسەکەو کارکردن بەم شێوەیەش ئەگەر بڕیارە دەسەڵات‌و حکومەت‌و خەڵکی خۆمان خۆشبوێت، ئەگەر بڕیارە ژیانێکی باشترمان بوێت هێندە گران‌و دوور مەودا نییە، بەڵام هەرواش سادە نییە بە هەفتەیەک‌و دە ڕۆژو شتێکی ئاوا، ناتوانیت هیچ کاریگەرییەکی بابەتی بەجێبهێڵیت‌و خەڵک بۆ ژیانێکی نوێتر ئامادە بکەیت.


بڕیار گاباری

> «ڕووناکبیرانی هەرێمی کوردستان لە بازنەیەکدا خنکاون، یان ئەوەیە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆو ئۆرگانیزەکراویان لەگەڵ سیستمەکە هەیە، یان شێوە پەیوەندییەکی نادیار کە لە ڕوانگەی عەقڵ، فەلسەفە، ئایدیۆلۆژی‌و لە هەستیشدا لێی دانابڕێت»

> «کورد ئیسلامی سیاسیی وەک ئەلتەرناتیڤ قبووڵ ناکات، بۆنموونەش یەکێکیان ئەوەی (٣/٢٩)ی باکووری کوردستان‌و ئەوەیتریان (٢٥/ ٧)ی هەرێمە وەک ڕۆژی ڕووناک بەدەرکەوت، ئەگەرچی دیسانەوە ئەوە کۆتایی نییەو بێگومان بۆشاییگەلێک هێشتا لە ئارادان پێویستەو دەبێت پڕبکرێنەوە»

## بەبێ دامەزراندنی ئەو ئەنجومەنە، سیستمی پەرلەمانی عێراق ناكامڵە

# دوای هەمواركردنەوەی دەستوور، ئەنجومەنی فیدراڵی پێكدەهێنرێت

بەهادین یوسف

پێكهێنانی ئەنجومەنی فیدراڵی، دەخرێتە دوای هەمواركردنەوەی دەستووری عێراق‌و ئەندامێكی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش ئاماژە بەوەدەكات «پێكهێنانی ئەو ئەنجومەنە بەشێكی زۆری كێشەی پارێزگاو هەرێمەكان چارەسەردەكات»و هۆكاری پێكنەهێنانی ئەنجومەنەكەش بۆئەوە دەگەڕێنێتەوە كە ئێستا لەعێراقدا باوەڕ بە سیستمی فیدراڵی لاوازە، بۆیە ئەو ئەنجومەنە پێكناهێنرێت.

### سیستمی پەرلەمانی

بەپێی دەستووری عێراق، دەسەڵاتی یاسادانان لە عێراقدا پێكدێت لە ئەنجومەنی نوێنەران‌و ئەنجومەنی فیدراڵی (ئیتحادی)و پێكەوە دەبنە دەسەڵاتی تەشریعی‌و دەسەڵاتی دانانی یاسایان هەیەو پێكهێنانی ئەنجومەنی فیدراڵی‌و چۆنێتی هەڵبژاردن‌و دەسەڵاتەكانی بەجێهێڵراوە بۆ یاسایەك كە ئەنجومەنی نوێنەران دەریبكات، هەروەك بێ دامەزراندن‌و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی فیدراڵی سیستمی پەرلەمانی ناكامڵ دەبێت كە لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی سیستمی پەرلەمانی فیدراڵی پەیڕەودەكرێت، پەرلەمانیان پێكدێت لە دوو ژوور (ئەنجومەنی نوێنەران، ئەنجومەنی فیدراڵی).

### لەمپەری یاسایی

د.محەمەد شەریف، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە رۆژنامەی راگەیاند: «تا ئەنجومەنی فیدراڵی دادەمەزرێت، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەسەڵاتی یاسادانانی دەبێت، تەنیا رەزامەندیی ئەنجومەنی سەرۆكایەتی كۆماری پێویستە بۆ دەركردنی یاساو تەواوی دەسەڵاتی یاسادانان‌و تەشریعی هەیە»، وتیشی: «تائێستا ئەنجومەنی فیدراڵی (ئیتحادی) ماوەتەوەسەر هەمواركردنی دەستوور».

سەبارەت بەوەی لە دەستووری عێراقدا هاتووە؛ دەبێت بەپێی یاسایەك لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە ئەو ئەنجومەنە پێكبهێنرێت، د.محەمەد وتی: پێكهێنانی ئەنجومەنی فیدراڵی هێزێكی دەستووری هەیە، ئەگەر بە یاسایەك میكانزم‌و دەسەڵاتی لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە دەستنیشانبكرێت، كێشەی یاسایی دروستدەبوو، چونكە ئەو ئەنجومەنە هاوتای ئەنجومەنی نوێنەرانەو وەك چۆن ئەو نوێنەرایەتی هەموو عێراق دەكات، ئەنجومەنی فیدراڵیش نوێنەرایەتی هەموو هەرێم‌و پارێزگاكانی عێراق دەكات، بەڵام بە میكانزمێكی جیاوازەوە، بەو پێیەی عێراق دەوڵەتێكی فیدراڵییە دەبێت، ئەو ئەنجومەنە نوێنەرایەتی هەموو هەرێم‌و پارێزگاكان بكات، وەك چۆن ژمارەیەك دیاریكراو لە دەنگدەر نوێنەرێكیان دەبێت لە پەرلەمانی عێراقدا، ئاواش چەند هەرێم‌و پارێزگا هەیە دەبێت بە گوێرەی ئەوە نوێنەریان هەبێت لە ئەنجومەنی فیدراڵیدا.

### هێزی دەستووریی

پێشتر ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەوڵیدالەڕێی یاسایەكەوەئەنجومەنی فیدراڵی پێكبهێنێت‌و میكانزمی هەڵبژاردن‌و شێوازی نوێنەرایەتی پارێزگاو هەرێمەكان دیاری بكات، بەڵام دواتر پێكهێنانی ئەو ئەنجومەنە خرایە چوارچێوەی دەستوورەوەو وەك مادەیەك زیادكرا بۆ پرۆژەی هەمواركردنی دەستوور.

ئەندامەكەی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئاماژەی بەوەكرد؛ خودی ئەنجومەنی ئیتحادی دەسەڵاتێكی دەستوورییەو دەبێت لە دەستووردا ئەحكامەكانی دیاریبكرێت، ئەگەر بە یاساش بكرێت دەبێت لە ئاستی دەستووردا بێت‌و هێزێكی دەستووریی هەبێت، ئاماژەی بەوەشكرد: «دەبووایە لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەماندا ئەنجومەنی ئیتحادی دابمەزرایە، بەڵام یان ئەوەتا دەسەڵاتدارانی عێراق بڕوایان بە سیستمی فیدراڵی نییە، یان مەسەلەی دانانی ئەو ئەندامانە، لە ئەنجومەنی پارێزگاو هەرێمەكان، رێوشوێن‌و دەسەڵاتەكانی دیارینەكراوە، بۆیە تائێستا پێكنەهێنراوە».

### دەسەڵاتی ئەنجومەنەكە

دوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق‌و پەسەندكردنی دەستووری هەمیشەیی، لیژنەیەك لە نوێنەرایەتی هەموو قەوارەو پێكهاتەكانی ناو پەرلەمان پێكهێنرا بۆ هەمواركردنەوەی دەستووری عێراق‌و دوای چەندین كۆبوونەوە نەتوانرا، رێكەوتنی كۆتایی بكرێت لەسەر هەمواركردنەوەی دەستوور لەم خولەی ئێستاداو چاوەڕواندەكرێت هەمواركردنەوەی برگەو مادەكانی دەستوور بسپێردرێت بە خولی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەران، كە سەرەتایی ساڵی داهاتوو هەڵبژاردنی بۆ دەكرێت.

بەپێی ئەو هەموارەی كە لیژنەكە لەسەری رێكەوتوون، مادەكانی دەستوورەكە لە (١٤٤) مادەوە زیادكراوە بۆ (١٩٣) مادەو دابەشكراوە بەسەر چەند تەوەرێكدا، مادە بنچینەییەكان‌و مادە هەمواركراوەكان‌و ئەو مادانەی بۆی زیادكراوەو ئەو مادانەشی كە رێكەوتنی كۆتایی لەسەر نەكراوە.

بەپێی ئەو پرۆژەی هەمواركردنە كە وێنەیەكی بەردەستی رۆژنامە كەوتووە، لە مادەی (٨١) تا مادەی (٩٨)ی پرۆژەكە، تایبەتە بە ئەنجومەنی فیدراڵی‌و ژمارەی ئەندامەكان‌و دەسەڵاتەكانی، بەجۆرێكە هەموو پارێزگایەك دوو نوێنەری دەبێت‌و ئەو ئەندامانە هاوكات لەگەڵ ئەنجومەنی نوێنەران هەڵدەبژێردرێن‌و سەرۆك كۆمارو سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، پێنج كەس لەو ئەنجومەنە دادەنێن سەرۆكێك‌و دوو جێگری دەبێت بۆماوەی



چوار ساڵ‌و هاوشانی ئەنجومەنی نوێنەران كاردەكات‌و پێكەوە دەسەڵاتی یاسادانان تەواودەكەن‌و دەسەڵاتی پێشكەشكردنی پرۆژە یاسایان دەبێت كە پەیوەندیی بە پارێزگاو هەرێمەكانەوە دەبێت‌و سەیری ئەو یاسایانە دەكات كە ئەنجومەنی نوێنەران بۆی دەنێرێت، دەسەڵاتی رەتكردنەوەی یاسا پەسەندكراوەكانیشی هەیە، سەرەڕای ئەوە دەسەڵاتی دامەزراندنی سەرۆك‌و ئەندامانی دادگای تەمیزی فیدراڵی‌و سەرۆكایەتی داواكاری گشتیی‌و سەرۆكی دەستەی سەرپەرشتیاری دادی هەیە بەپێشنیازی ئەنجومەنی باڵای دادوەریی.

### گرەنتی سیستمی فیدراڵی

هەروەها ئەنجومەنی فیدراڵی، دەسەڵاتی چارەسەركردن‌و یەكلاییكردنەوەی كێشەكانی نێوان هەرێم‌و پارێزگاكانی هەیەو دەستەبەری ماف‌و دەسەڵاتی هەرێم‌و پارێزگاكانە، سەرەڕای ئەوەی زامنی دەستەبەركردنی مافە دەستووریی‌و داراییەكانی هەرێم‌و پارێزگاكانەو زامنی پاراستنی شەفافیەتی دابەشكردنی داهاتەكانی لەنێوان هەرێم‌و پارێزگاكان دەكات‌و هەر ئەویش بودجەی ساڵ ئاراستەی ئەنجومەنی نوێنەران دەكات بۆ پەسەندكردنی‌و دەتوانێت كۆبوونەوەی هاوبەش لەگەڵ ئەنجومەنی نوێنەران بكات، لەگەڵ ئەوەی ئەندامانی حەسانەیان هەیەو هەمان ماف‌و ئیمتیازی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانیان هەیە، سەرباری ژمارەیەك دەسەڵات‌و سەڵاحیاتی دیكە كە لە پرۆژەی هەموارەكەدا دابینكراوەو هەندێكیشی بۆ یاسا بەجێهێڵراوە.

بە وتەی د.محەمەد شەریف، دامەزراندنی ئەو ئەنجومەنە بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی پێیدراوە، دەبووە هۆی چارەسەركردنی هەموو كێشەكانی نێوان هەرێم‌و پارێزگاكان‌و دەبوو پێكهێنانی ئەو ئەنجومەنە دوانەخرایە.

دەربارەی هۆكاری پێكنەهێنانی ئەو ئەنجومەنەش ئەندامە كوردەكەی لیژنەی یاسایی لە ئەنجومەنی نوێنەران وتی: «هەر ئەو ئەنجومەنی فیدراڵییە نییە كە دانەمەزراوە، كێشەی دیكە زۆرە كە بە هەڵپەسێردراویی ماونەتەوە، چونكە عێراق دەوڵەتێكی فرەنەتەوەو مەزهەبە، لەبەرئەوە ئاسان نییە بگەیتە چارەسەری یەكلاییكەرەوە، سەرەڕای ئەوەش ئەو كێشانە لە دەستوورو یاسادا جێدەكرێنەوە، بەڵام جێبەجێناكرێن».

## نیشتمانی یان تایەفی؟

# عێراق لەبەردەم دووڕیاندا

شاڵاو فەتاح

پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا بە قۆناغێكی هەستیاردا تێپەڕدەبێت، ئەمەش دوای كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا لە شارەكان‌و زیادبوونی توندوتیژیی، بە جۆرێك ئەو دوو هۆكارە وادەكات كە هەریەك لە لایەن‌و پارتە عێراقییەكان دوودڵبن لەوەی كە بۆ هەڵبژاردنەكانی داهاتوو (ئەنجومەنی نوێنەران‌و پارێزگاكان) ئیئتیلافی نیشتمانی پێكبێنن، یان لەبەر مەترسی تێكچوونی بارودۆخی سیاسیی عێراق‌و زاڵبوونی لایەنێكی دیاریكراو دووبارە ئیئتیلافی تایەفی‌و نەتەوەیی پێكبهێنن، ئەوەی جێی سەرنجە نوری مالیكی بڕیاری یەكلاییكەرەوەی خۆی دا بە پێكهێنانی ئیئتیلافێكی نیشتمانی، بەڵام ئەمە لەلایەن زۆرێك چاودێرانەوە بە «سەركێشییەكی گەورە» دادەنرێت بۆ خۆی‌و حیزبەكەی‌و دەنگۆیەكی گەورەی نایەوە وەك عەبدولرەحمان راشیدی، بەڕێوەبەری كەناڵی ئەلعەرەبیە، دەڵێت: راگەیاندنەكە «بۆمبێكی دەنگیبوو لە ناوەندەكەدا تەقیەوە».

### مالیكی جیادەبێتەوە

مالیكی داوای پێكهێنانی ئیئتیلافێكی نیشتمانی بنكەفراوان دەكات، لە هەواڵێكدا كە لە ئاژانسی هەواڵی فرانس پرێس بڵاوكرایەوە، مالیكی سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراق‌و سەرۆكی حیزبی دەعوەی ئیسلامیی (شیعی) رایدەگەیەنێت، كە ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا (ائتلاف الدولة القانون) پێكدەهێنێت ئەگەر ئیئتیلافە شیعییەكەی پێشوو نەتوانێت خۆی لەسەر بنچینەیەكی نیشتمانی بیناببكاتەوە.

لە كۆبوونەوەیەكدا لەگەڵ سەرنووسەرانی رۆژنامە میسرییەكان، مالیكی دەڵێت، ئیئتیلافاتی پێشوو لەسەر بنەمای تایەفی بووە، یان نەتەوەیی بووە بۆ كورد، ئەزموونی سیاسیی وادەخوازێت كە چەندین كێشە هەیە لەسەر بنەمای دەستوورو هەمواركردنەوەی چارەسەربكرێن لەسەر بنچینەیەكی نیشتمانی، بۆیە هەوڵی من لە ئێستادا بۆ ئەوەیە كە نەگەڕێمەوە بۆ ناو ئەو ئیئتیلافانەی كە لەسەر بنچینەی تایەفی یان نەتەوەیی دروستكراون. دواتر لەبارەی نیازی خۆی بۆ پێكهێنانی ئەو ئیئتیلافە، مالیكی رایگەیاند، ئێمە رێز لە سوننەو شیعە دەگرین، رێز لە عەرەب‌و كورد دەگرین، بەڵام ئیئتیلاف لەسەر بنچینەی نیشتمانی پێكدەهێنین‌و بە پشتیوانی خوا بەردەوامدەبین.

### هۆكارەكانی جیابوونەوەی مالیكی

سایتی ئەلئەهرام لەبارەی سەرنەگرتنی ئیئتیلافی بنكەفراوانی شیعەو هۆكارەكانی دەنووسێت، دوای بەسەربردنی چەند هەفتەیەك لە گفتوگۆ، گروپە شیعییەكان شكستیان هێنا لە بنیادنانی ئیئتیلافێكی بنكەفراوان كە كاربكات لەدژی سوننەو كورد، چەند هۆكارێك هەیە بۆ سەرنەگرتنی وەها ئیئتیلافێك، لەلایەكەوە دەعوە دەیەوێت ئیئتیلافی شیعە، هەریەكە لە سوننەو شیعە عەلمانییەكان لەخۆبگرێت‌و ئیئتیلافێكی نیشتمانی بێت، بەڵام ئەنجومەنی باڵا دەیەوێت تەنیا ئیئتیلافی شیعەكان بێت، ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی دەیەوێت چواریەكی كاندیدەكان لەلایەن خۆیەوە دابنرێن‌و چواریەكیشیان لەلایەن موقتەدا سەدرەوە، ئەوانی دیكەش بۆ دەعوەو كاندیدە سەربەخۆكان، بەڵام مالیكی دەیەوێت خۆی سەرۆكایەتی ئەو ئیئتیلافە بكات‌و رۆڵێكی گەورەتریشی بۆ حیزبەكەی (دەعوە) دەوێت لە ئیئتیلافەكەدا.

حیزبی دەعوە كە لەلایەن مالیكیەوە سەركردایەتی دەكرێت، چاوەڕواندەكرێت دەنگێكی زیاتر لە ئەنجومەنی باڵا بەدەستبێنێت، كە ئەنجومەنێكی موحافیزكارەو لەسەر بنەمای ویلایەتی فیقهی ئێرانی دامەزراوەو جەماوەری سیاسیی لە خێزانی باقر حەكیم‌و جەماوەری ئاینی لە حەوزەی نەجەف بەدەستدەهێنێت.



لیستی ئیئتیلافی شیعە

### دلێمی بەردەوامە

عەدنان دلێمی سەرۆكی كۆنگرەی ئەهلی عێراق كە یەكێكە لە پێكهێنەرەكانی بەرەی تەوافوق، رەتیكردەوە واز لە سیاسەت بێنێت‌و رایگەیاند؛ بە نیازی پێكهێنانی ئیئتیلافێكی نوێیە.

لە هەواڵێكدا كە سایتی رافیدەین بڵاویكردەوە عەدنان دلێمی رایگەیاند؛ كە بەردەوامبێت لە كاری سیاسیی‌و كۆنگرەی گەلی عێراقیش بیرلەوەدەكاتەوە كە بچێتە ناو ئیئتیلافێكەوە بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق.

دلێمی راشیگەیاند، لە كۆبوونەوەیەكیاندا گفتوگۆیان لەسەر ئەوەكردووە ناوی كۆنگرەی گەلی عێراقی بگۆڕن بە كۆبوونەوەی نیشتمانی گەلی عێراق. راشیگەیاند، دەرگای گفتوگۆ كرایەوە بۆ پێكهێنانی ئیئتیلافات لەگەڵ قەوارە سیاسییەكانی دیكەداو هەوڵدەدەین كۆبوونەوەیەكی نیشتمانی نوێ پێكبهێنین‌و بەرەی تەوافوق بەشێوەیەكی نوێ پێكبهێنینەوە، پێشتر لە بەغدا دەنگۆی ئەوە هەبوو كە عەدنان دلێمی چیتر بەردەوامی بە كاری سیاسیی نادات‌و لە هەڵبژاردنەكانی داهاتووی عێراقدا بەشداریی ناكات، بەڵام ئەمە بەڕەسمیی رەتكرایەوە.

### بەعسییەكان دەگەڕێنەوە

لە راپۆرتێكی رۆژنامەی زە ناشناڵدا باس لە گەڕانەوەی بەعسییەكان دەكرێت بۆ ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق. زە ناشناڵ بە باسی بنكەی بەعسییەكان لە سوریا دەستپێدەكات‌و دەنووسێت: لە بینایەكی بەرزی شاری دیمەشقدا، پۆرترێتێكی سەدام لە ژوورێكدا هەڵواسراوە كە بۆ كۆبوونەوەكانی بەعسییەكان بەكاردێت.

بەپێی قسەی بەرپرسێكی بەعسی مانگی پێشوو دبلۆماتێكی ئەورووپی سەردانی كردوون‌و لەژێر وێنەكەی «سەرۆك»دا دانیشتووە بۆ قسەكردن لەگەڵ چەكدارانی بەعس. ئەبو محەمەد، كە بەرپرسێكی بەعسی دوورخراوەیەو ئۆفیسی بەعس لە سوریا بەڕێوەدەبات دەڵێت: «ئەوە كۆبوونەوەیەكی رەسمی بووە، دبلۆماتەكە بەڕەسمیی بە نوێنەرایەتی حكومەتەكەی هاتووە تا بزانێت ئێمە چیمان دەوێت بۆ داهاتووی عێراق‌و ئامانج‌و ستراتیژمان چییە»، بەڵام محەمەد ئامادەنەبوو لێدوانی زیاترو وردتر دەربارەی بابەتی كۆبوونەوەكەیان بدات. بەعسییەكان ئێستا بەوە تۆمەتباردەكرێن كە رۆڵیان هەیە لە تێكدانی بارودۆخی ئاسایشی عێراق‌و لەلایەن حكومەتی عێراقیشەوە یاساغكراون‌و گفتوگۆیان لەگەڵ ناكرێت، بەڵام بەرپرسانی ئەمریكا پێشتر لەگەڵ بەعسییەكاندا لە توركیادا كۆبوونەوە كە لەلایەن بەغداوە دژایەتی وەها كۆبوونەوەیەك كرا.

ئەبو محەمەد لەبارەی بەشداریی سیاسیی ئەوانەوە وتی «شەڕدەكەین تا دوا سەربازی ئەمریكا لە عێراقدا بمێنێتەوە، بەڵام هەموو حیزبێك مافی بەشداریكردنی لە پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا هەیە».

# پەرلەمانی ئایندە بودجەو شتی تر..

دیاری عەبدولحەمید

پرسیارو کێشەیەکی گرنگ کە ئەمڕۆو بەتایبەت لە پەرلەمانی داهاتوودا خۆی تەرح دەکات ئەوەیە، «ئایا بودجەی حیزب چەندە؟» ئەم نهێنییە گەورەیە لە دوای ئەم هەموو ساڵە لە داهاتوویەکی نزیکدا کەشف دەبێتو لە ئەنجامیشدا ئەو فشارو هێزانەی کە کار بۆ کەشفکردنی ئەو نهێنییە دەکەن دەبنە مایەی ڕێزو سەربەرزیی بۆ تەواوی میللەت، لەڕاستیدا شاردنەوەی بودجەی حیزب لە (١٨) ساڵی ڕابردوودا زەرەرو زیانێکی زۆر گەورەی گەیاندووە بە ژێرخانی ئابووریو کەرتی تایبەتو سەرجەم ئەو کارو کردارانەی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە خزمەتگوزارییو تەنانەت قووتی هاوڵاتییانیشەوە هەبووە.

ئەم ڕێسایەی کە لە ڕابردوودا هەبووە لە جەوهەردا ڕێسایەک بووە بە دەرەجەی یەک لە خزمەتی ئەندامە گەورەکانی حیزبدا بووە، ئەم پەیڕەوو ڕێسایە بەشێوەیەک داڕێژراوە کە لە ناو خودی پەیڕەوو ڕێساکەدا ڕێژەی «بودجە» کە دیاری نەکراوە ،ئەوەندەی ڕێساکە سروشتێکی لاستیکی وەرگرتووەو بۆ هەموو هەلومەرجەکان بەکاربراوە، ڕێسایەکی لەم شێوەیە بێگومان کاریگەرییەکی زۆر خراپی بۆ سەر دانیشتووانی هەرێمی کوردستان هەبووەو لە ڕێگەی ئەم ڕێسایەشەوە بووە کە حیزب لە وڵاتی ئێمەدا زۆر لە حکومەت دەوڵەمەندتر دەرکەوتووە.

دیارە بودجەیەکی فراوانی لەم جۆرە بۆ دوو حیزبی دیاریکراو زۆر دەمێکە هاوڵاتییان هەستی پێدەکەنو ئەوەش لەلایان ڕوون بووەتەوە، کە هەتا ئێستاش ئەو پڕۆژانەی کە ناو بەناو جێبەجێدەکرێن حیزب زۆر بە ئاشکرایی دەیانکاتە شانازیی خۆیو لە ئەنجامیشدا دەڵێت: «لە بودجەی فڵانە حیزب (١٠٠) بیر لێ بدەن، یاخود: لە بودجەی فیسارە حیزب ئەو ڕێگەیە قیرتاوکرا».

ئەم بودجە ناکۆتایەی کە حیزب داگیریکردووە بێگومان ناحەقییەکی گەورەیە لەم میللەتە بەو مانایەی بڕی بودجەکە زۆر گەورەیەو بە شێوازێکیش نهێنییە کە تەنانەت زۆر لە بەرپرسە نیمچە باڵاکان نازانن چەندە، بودجەیەکە، کە سەدان کەناڵ وەک، سەتەلایت، تیڤی، ڕادیۆ، ڕۆژنامە، گۆڤار، ڕێکخراو، دەزگای چاپو سەدان مرۆڤی زیادەو مەکرەمخۆر لەم بودجەیە هەڵدەلووشن، کەچی هێشتا تەواو نابێت.

ڕەنگە لە ڕابردوودا فشارێکی ئەوتۆ نەبووبێت کە ڕێگە لەم جۆرە بەفیڕۆدانە بگرێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە وەک لە سەرەتای بابەتەکەدا هاتووە، ئەم بودجەیە چیتر بە نهێنی نامێنێتەوەو لە ئەنجامیشدا ئەو دەسەڵاتەی کە بە درێژایی ئەو ماوە زۆرە ئەم داهاتەی لە موڵکی گشتیی بۆ خۆی لاداوە ناتوانێ هەمان ڕێسا بۆ خۆی دابڕێژێتەوە، لەبەر ئەوەی دەنگە جیاوازەکانی ئەمجارە بریتین لە کەسە نیشتمانپەروەرو عەلمانییە عاقڵەکان.



## ...یبوونی لێدەکرێت



هەڵگرتنی گەنم بەمجۆرە زیان بە تەندروستی هاوڵاتیان دەگەیەنێت

ڕاستەوخۆمان بە بەغداوە هەیەو ئەوانیش پێیان ڕاگەیاندووین؛ ئەو گەنمە لە گۆڕەپانەکەدا دابنێین، بەڵام بەڕێوەبەری سایلۆی سلێمانی وتی: «نکوولی لەوە ناکرێت کە جگە لە گەنمی عەلەفی ئەو گەنمەی کە بۆ خواردنی مرۆڤ بەکار دەهێنرێت بە هیچ شێوەیەک نابێت لەوێدا دابنرێتو پێویستە پاکبکرێتەوەو لە سایلۆدا ئەمبار بکرێتو بە بەردەوامیی دەرمان بکرێتو فێنک بکرێتەوە»

پێشی وابوو، ئەگەر گەنم بە شێوەیەکی زانستیی پارێزگاری لێبکرێت دەتوانرێت بۆ ماوەی دوو ساڵ هەڵبگیرێت، بەڵام بەو شێوەیەی ئێستا لە ماوەیەکی کەمدا حەشەرە لێیدەداتو لەناوی دەبات.

### سنوورەکان کۆنترۆڵکراون، بەڵام هەڕەشەکە لە ناوخۆدایە

کەژاڵ سەعید، بەڕێوەبەری کوالێتی کۆنترۆڵی سلێمانی هەرچەندە هاوڕابوو لەگەڵ ئەوەی، کە دانانو هەڵڕشتنی گەنم لە گۆڕەپانی سایلۆکەدا کارێکی نەشیاوە، بەڵام ئاماژەی بەوە کرد؛ «ئەوان بەپێی یاساو ڕێنماییەکانی دەزگای کوالێتی کۆنترۆڵ کار دەکەنو بەروبوومی کشتووکاڵیش وەک گەنم مەوادی سەرەتایینو هەر بەرهەمو خۆراکێکیش ئەگەر لە چوارچێوەی ڕێنماییەکانی ئەواندا ئاماژەی پێ نەکرابێت ئەوان بەرپرسیارنین لێی»

### نۆژەکردنەوەی سایلۆکە دیزەبەدەرخۆنە کرا

هەرچەندە لە سەردەمی حکومەتی بەعسدا پارە بۆ نۆژەکردنەوەی سایلۆی سلێمانی تەرخانکراو دواتریش حکومەتی هەرێم بڕێک پارەی بۆ هەمان مەبەست تەرخانکرد، بەڵام بە دوو حکومەت نەتوانرا سایلۆکە نۆژەن بکەنەوە.

جەلال عەلی، بەڕێوەبەری گشتیی کشتوکاڵی سلێمانی باسی لەوە کرد، پێشتر لەسەر بڕیاری نەوت بەرامبەر خۆراک (٩٨٦ ) بڕی (٧) ملیۆنو (٨٠٠) هەزار دۆلار بۆ نۆژەنکردنەوەی سایلۆی سلێمانی تەرخانکرا، بەڵام ئەو کاتە حکومەتی ناوەندیی ڕەزامەندیی نیشان نەدا بۆ نۆژەنکردنەوەی سایلۆکە.

لە دوای (٢٠٠٣)ەوە هەرچەندە بڕێک پارە بۆ هەمان مەبەست تەرخانکرا، بەڵام پڕۆژەکە نەخرایە بواری جێبەجێ کردنەوە.

بەڕێوەبەری گشتیی کشتوکاڵ وتیشی: «ئەگەر من مەسئولیەتێکم هەبێت، یەکەم کارم ئەوەیە سایلۆی سلێمانی نۆژەن دەکەمەوە».

## ...وردستانو متمانەی هاوڵاتییان

گومانن لە کۆمپانیاکان، چونکە حکومەت یارمەتیدەر نەبووە لە دروستکردنی متمانەو دانانی پلان بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان کۆمپانیاو بانکەکان.

هەڵمەت محەمەد، ئەوەی بە نموونە هێنایەوە، کە ئێستا لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئیتالیدا پڕۆژەیەکیان لەبەردەستدایە بە بڕی (١٠) ملیۆن دولار لە شاری سلێمانی، بەڵام هیچ بانکێک ئامادەی دابینکردنی بڕە پارەی گونجاوی نییە.

لەلای خۆشیانەوە، بانکەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە بەپێی توانا پشتگیریی بانکەکانیان کردووە.

گوڵزار ئیبراهیم، یاریدەدەری بەڕێوەبەر لە بانکی ڕەشید ،ئاماژەی بەوە کرد، کە کێشەی دواکەوتنی پارەیان هەیە لە بەغداوە، هاوکات پێشیانوایە، کە کۆنی سیستمو نەبوونی متمانەی خەڵک یەکێکیترە لە کێشەکانیان، گوڵزار ئیبراهیم وتیشی: «سیستمی بانکەکەمان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی حەفتاکانو متمانەی خەڵکیش زۆر بە کەمیی لە بەرزبوونەوەدایە».

بەپێی ستانداردو بنەما ئابوورییەکان بەدەستهێنانی متمانەی هاوڵاتییان لەلایەن بانکەکانەوە یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی سەرکەوتنو پێشوەچوونی سیستمی بانکیی، بەڵام تائێستاش بانکەکانی کوردستان نەیایتوانیوە وەک پێویست ببنە جێگەی متمانەی هاوڵاتییان.

مازن شەمسەدین، لە بازاڕی سیروان لە شاری هەولێر، ئاماژەی بەوە کرد، کە خەڵکێکی زۆر موڵکوماڵیان لە ماڵەکانی خۆیاندا هەڵدەگرنو ناگەڕێننەوە بۆ بانکەکان، چونکە بانکەکان تا ئێستا نەیانتوانیوە متمانەی خەڵک بەدەستبێنن.

# گەنمی سلێمانی گومانی ژەهراو

محەمەد ساڵح حەمەلاو

مامۆستایەکی کۆلێژی کشتوکاڵ رایدەگەیەنێت: ئەو گەنمەی ساڵانە لە جوتیاران وەردەگیرێتەوە بە هۆی ئەوەی لە گۆڕەپانی سایلۆی سلێمانیدا دادەنرێت «مەترسی ژەهراویبوون بە تیشکی خۆرو بڵاوبوونەوەی ئەنفلۆنزای باڵندەو دەیان نەخۆشی دیکەی لێدەکرێت». بەڕێوەبەری سایلۆی سلێمانیش ئاماژە بەوە دەکات، هـەمـوو لایـەنـە پـەیـوەنـدیـدارەکـان لە هەڵڕشتنی ئەو گەنمە ئاگادارن‌و تائێستاش هیچ لایەنێک لەو بارەیەوە هۆشداریی پێ نەداون.

## گەنمی ژەهراوی

دەیان ساڵە بە هۆی نەبوونی سایلۆوە لە پارێزگای سلێمانی، ئەو گەنمەی ساڵانە لە جوتیاران وەردەگیرێتەوە لە گۆڕەپانی بـەردەم سایلۆکەدا هەڵدەڕێژرێت‌و بۆ چەندین هەفتە لەو شوێنەدا دەمێنێتەوە.

مامۆستا تاهیر لایـەق، مامۆستای کۆلێژی کشتووکاڵ، ئاماژەی بەوە کرد دەیان جار سەردانی سایلۆی سلێمانیان کردووەو لە نزیکەوە ئاگادارن لە شێوازی وەرگـرتـنـەوەی گەنمەکەو بە چاوی خۆیان بینیویانە کە چۆن ئەو گەنمە بە گەلابەو ئۆتۆمبێل لە ناوچە جیاجیاکانەوە دەهێنرێت‌و لەو زەویەدا تێکەڵ بەپوش‌و پەڵاش‌و پیسیی دەکرێت.

مامۆستا تاهیر، باسی لەوەشکرد؛ «هەڵگرتن‌و مانەوەی ئەو گەنمە لەو شوێنەداو لەبەر تیشکی خۆر ئەگەری ژەهراویبوونی هەیەو مەترسیی بۆ سەر تەندروستیی مرۆڤ دروسـت دەکات‌و لەڕووی چۆنایەتیشەوە گەنمەکە کوالیتی لەدەست دەدات»

ئـەوە جگە لــەوەی چەندین جۆر گەنم‌و هی چەندین ناوچە تێکەڵ دەکرێت، کە پێدەچێت بەشێک لەو گەنمەی لە ناوچە جیاجیاکانەوە هێنراون (گەرای سن)یان تێکەڵ بێت‌و گەراکەش مەترسیی زیادبوون‌و بڵاوبوونەوەی لێدەکرێت، ئـەوە سـەربـاری ئـەوەی سـەدان جۆر پاشەڕۆی باڵندە تێکەڵ بە گەنمەکە دەبێت کە هەموویان مەترسیی جۆراوجۆریان لێدەکرێت.

خالید حەمید، بەڕێوەبەری سایلۆی سلێمانی، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە «بە هۆی نیشتنەوەی باڵندەوە لەسەر گەنمەکە ئەگەری بڵاوبوونەوەی ئەفلۆنزای باڵندەی لێدەکرێت».

ئەوەشی نەشاردەوە، کە «دانانی ئەو گەنمە لەگۆڕەپانی سایلۆکەدانە تەندروستە، نە لەڕووی ئاسایشەوە پارێزراوە، چونکە دەکرێت لەلایەن خەڵکانی تیرۆریستەوە مەترسیی ژەهراویبوونی لێبکرێت، «بەڵام لەو بڕوایەدابوو ئەو گەنمەی لە گۆڕەپانی سایلۆکەدا دادەنرێت، ئەگەر بۆ ماوەی سێ مانگیش لەوێدا بمێنێتەوە هیچ زیانێکی بۆ گەنمەکە نابێت تەنیا ئەوە نەبێت گەنمەکە شێی نامێنێت‌و کێش‌و کوالێتی لە دەست دەدات.

بـەڵام جـەلال عەلی، بەڕێوەبەری گشتیی کشتوکاڵی سلێمانی باسی لەوە کرد؛ «تائێستا شتێکی وای نەبیستووە کە گەنم ژەهراوی ببێت یاخود بە هۆی تیشکی خۆرەوە خراپ ببێت»

وتیشی: ئەو گەنمەی کە پلە یەکە دەگوێزرێتەوە بۆ ئاشەکانی ناو شارو دەکرێت بە گەنم‌و دابەشدەکرێت بەسەر بریکارەکانی خۆراکداو پلە دووەکەش دوای ئەوەی پاکدەکرێتەوە بە هەمانشێوە رەوانەی ئاشەکان دەکرێت، بەڵام ئەوەی دیکەی کە دەمێنێتەوە گەنمی عەلەفییەو بۆ خواردن بەکار ناهێنرێت هەر بۆیە ئاساییە ئەگەر لەو شوێنەدا بمێنێتەوە.

## کوالیتی کۆنترۆڵ ژەهراویبوونی گەنمەکە دەسەلمێنێت

لە راپۆرتێکی بەشی (السيطرة النوعية) کۆنترۆڵی جۆری بە ژمارەی (٢٣٨)، کە لە بـەرواری (٢٠٠٤/٦/١٤) دەرچـووەو لە بـەرواری (٢٠٠٤/٧/٤) بە ژمـارەی (١٤٥٤) ئاراستەی هەموو سایلۆکانی عێراق کراوەو وێنەیەکیشی گەیشتووەتە بەڕێوەبەرێتی گشتیی بازرگانیی سلێمانی، تیایدا ئاماژە بەوە کـراوە، کە ئەوانیش لای خۆیانەوە هەستیان بە ترسناکیی تێکەڵکردنی گەنمی پیس واتە لەگەڵ گەنمی شیاو بۆ ئارد کردووە، کە زۆرجار ئەو گەنمەی رەوانەی ئاشەکان دەکرێت بۆ هاڕین گەنمی پلەدوو یان پلەسێی تێکەڵ دەکرێت‌و ئەو گەنمەش تەنیا بۆ عەلەف بەکار دەهێنرێت‌و لە گەنمەکەشدا، (مرۆرو پێکوڵ‌و کوێرو سوتاویی) تێدایە، جگە لەوەی خاشاک‌و پوش‌و گڵ‌و مۆرانە لێیداوە هەر بۆیە کێشەکە لێرەوە دەستپێدەکات‌و وەک دەرکەوتووە ئەو تێکەڵبوونە بەو مـادە زیانبەخشانە ڕێخۆشکەرە بۆ بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکانی شێرپەنجەو نەزۆکی لە مرۆڤدا، راپۆرتەکە باس لە کاریگەریی نەخۆشی‌و ژەهراویبوون دەکاتە ئامانج، کە دەرئەنجامی ئەو گەنمە سـووتـاوە (تفحم)ەیە لە نێو (گەنمی مـحـەلـی)داو ئـەومـادەیـەش بە (TMA (Trim ethylamine)) ناسراوە، بەپێی راپۆرتەکە مادەکە کاریگەریی هەیە بۆ نەخۆشیی شێرپەنجە لە هەموو جۆرەکانی زیندەوەردا.

١. دەبێتە هـۆکـاری نابەرابەریی لە کێشەکانی جـگـەردا، هاندانی ئەو نەخۆشییەش (TMA)ەیە.

٢. هەروەها دەبێتە نابەرابەریی کێشی (دەماغ) مێشک، کاریگەریی لە نەخۆشییە بۆ ماوەکان دەبێت.

٣. دەبێتە هۆی تێکچوونی بەئاگا هێنانەوەی مێشکۆڵەو ئۆکساندنی ترشەلۆکەکان.

٤. کاریگەریی کەمکردنەوەی هۆرمۆنە سێکسییەکان لە پیاوو ڕەحمی ئافرەتدا.

چەندین کاریگەریی دیکە، کە لە بەناوبانگترین گۆڤارە زانستیی‌و پسپۆڕییە گەورەکانی نەخۆشەکانەوە لە دەرەوەی وڵاتەوە وەرگێراوەو باوەڕی پێکراوە.

## حکومەت بایەخی گەنم نازانێت

تاهیر لایـەق مامۆستای کۆلێژی کشتووکاڵ پێیوابوو، «هەڵگرتنی گەنم لەلایەن حکومەتەوە ئامادەکاریی بۆ نەکراوە، چونکە بەپێی نوێترین زانستی سەردەم ئەو گەنمەی دەدورێتەوە پێویستە (٢٤) سەعات زیاتر لەبەر خۆردا نەمێنێتەوە».

وتیشی: «وەرگرتنەوەی گەنم لە جوتیاران بە پلانێکی پێشوەخت نەبووەو تەنیا خۆی لە بانگەشەیەکی کتوپڕدا دەبینێتەوە بەوەی کە حکومەت دەیەوێت بەرهەمی جوتیاران وەربگرێتەوەو سایلۆی سلێمانیش هیچ مەرجێکی ستانداردی جیهانی تێدا نییەو دوورە لە بنەما زانستییەکانەوە»

ئەو مامۆستایەی کۆلێژی کشتوکاڵ، کە پسپۆڕە لە بەروبوومی کێڵگەییدا پـێـیـوابـوو، ئـەرکـی بـەشـی پـلانـدان‌و بەڕێوەبەرێتی کشتووکاڵی سلێمانیە، کە لە نزیکەوە چاودێریی وەرگرتن‌و هەڵگرتنی بەروبوومی دانەوێڵە بکەن.

## سلێمانی تەنیا پارێزگایە، کە سایلۆی نییە

بەپێی زانیارییەکان (٥٢) سایلۆ لە عێراقدا بوونی هەیە، بـەڵام سلێمانی تەنیا پارێزگایەکە کە تائێستا سایلۆیەکی سـتـانـداردی نییە بـۆ هـەڵـگـرتـن‌و پارێزگاریکردن لە بەروبوومی دانەوێڵە.

بەڕێوەبەری سایلۆی سلێمانی وتی: «دوا هەوڵی حکومەت ئەوەیە، کە بڕیارە سایلۆیەک لە پیرەمەگرون بە توانای (٤٠) هەزار تەن دروست بکات‌و سایلۆی سلێمانیش نۆژەن بکرێتەوە».

لەلایەکی دیکەیشەوە جەلال عەلی، بەڕێوەبەری گشتیی کشتوکاڵیش لەگەڵ ئەوەدا بوو کە دەبێت سایلۆ هەبێت‌و وەک خۆیشی وتی: «ئێمە پێشتر شەڕی ئەوەمان دەکرد، کە سایلۆی سلێمانی لانەبرێت‌و نۆژەنبکرێتەوە، بەڵام دوای دەیان ساڵ هەوڵ‌و تێکۆشان ئێستا جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم بەڵێنی ئەوەی پێداوین کە سایلۆیەک دروستبکرێت‌و سایلۆی سلێمانیش نۆژەنبکرێتەوە.

## سلێمانی بەشە گەنمی خۆی پێ یەدەک ناکرێت

ئـەو گەنمەی سـاڵانـە لـە ناوچەکانی پارێزگای سلێمانی بەرهەم دەهێنرێت بە هۆی نەبوونی سایلۆوە رەوانەی ناوچەکانی دیکەی هەرێم دەکرێت.

بە وتـەی جـەلال عەلی، ئەمساڵ (٦٨) هەزار تەن گەنم لە جوتیاران وەرگیراوەتەوە، کە نرخەکەی نزیکەی (٥٠) ملیار دینار دەبێت ئەوە لە کاتێکدایە (٢٠ –٥٠) هەزار تەن گەنم لە رانیەوە رەوانەی سایلۆکانی مەخمورو لە شارەزووریشەوە دەیـان هەزار تەن گەنم رەوانەی سایلۆکانی دوزخورماتوو کراوەو ئەو گەنمەش کە لە سلێمانی ئەمبار ناکرێت رەوانەی تەلەعفەرو شەنگاڵ دەکرێت. بەپێی لێدوانەکانی خالید حەمید، بەڕێوەبەری سایلۆی سلێمانی مانگانە پارێزگای سلێمانی پێویستی بە (١٨) هەزار تەن گەنم هەیەو سایلۆکەش تەنیا توانای هەڵگرتنی (٤٥) هەزار تەن گەنم دەکات، بەو پێیە سایلۆی سلێمانی توانای هەڵگرتنی سێ مانگ گەنمی هەیە، بەڵام پێویستە لێرەدا ئەو پرسیارە رووبـەڕووی بەرپرسانی هەرێم بکرێتەوە کە ئاخۆ لە حاڵەتی رووبەڕووبوونەوەی رووداوێکی لەناکاو یاخود جەنگێک، ئەوا پارێزگای سلێمانی دەبێت چاوەڕێی دەستی کێ بکات؟

## مەملەکەتێک خەمخۆری نییە

هـەرچـەنـدە کۆلێژێکی کشتوکاڵی‌و بەڕێوەبەرێتی گشتیی کشتوکاڵ فەرمانگەی تەندروستیی‌و دەزگـای کوالێتی کۆنترۆڵ‌و لیژنەکانی ئاسایشی خـۆراک بەرپرس‌و پەیوەندیدارن لە تەندروستیی هاوڵاتیيان، بەڵام تائێستا هیچ کام لەو لایەنانە بەرپرسانی سایلۆی سلێمانییان لە مەترسیی هەڵڕشتن‌و ژەهراویبوونی گەنم لەو شوێنەدا ئاگادار نەکردووەتەوە.

بەڕێوەبەری سایلۆی سلێمانی روونی کـــردەوەو «هـەریـەک لـە بەڕێوەبەرێتی تەندروستیی‌و سەرۆکایەتی زانکۆو سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان ئـاگـادارن لەوەی ئەو گەنمە بەو شێوەیە دادەنـرێـت، بەڵام تائێستا هیچ کام لەو لایەنانە بەرپرسیارێتی خـۆیـان لــەو کـارە رانـەگـەیـانـدووەو لە مەترسییەکانی ژەهراویبوونیش ئاگاداریان نەکردووینەتەوە»

وتیشی: هەرچەندە ئێمە پەیوەندی



# بانکەکانی کو

بارزان حەسەن

کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستان ناڕازاین بەرامبەر بـە پـێـشـکـەش نـەکـردنـی یارمەتی لەلایەن بانکەکانەوەو بانکەکانیش ئامادەیی خۆیان دەردەبڕن بەرامبەر بە پێدانی قـەرز بـە هـەر لایـەنـێـک، کە پرۆژەی هەبێت یان پێویستی بە پارە بێت.

ســــەرەڕای هـەبـوونـی ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپانیاو بانکی حکومیی‌و ئەهلی لە هەولێر، بەڵام هیچ هاوکارییەک لە نێوانیاندا بەدیناکرێت.

هـەڵـمـەت مـحـەمـەد، بـەڕێـوەبـەری کۆمپانیای دەریـــاوان، رایگەیاند: ئەوان مـامـەڵـە لـەگـەڵ بانکەکانی دەرەوەی عێراق دا دەکەن بۆ وەرگرتنی قەرزو جێبەجێکردنی پرۆژەکانیان، هەروەها باسیشی لـەوە کـرد، کـە بانکەکان بە



# ئاسایش بۆ هاوکاریی یان هەراسانیی؟

ئاسایشی گەڕەکی سەرچنار لە سلێمانی خانویەکی بۆ بەکرێگیراوە لە ناوەڕاستی شوێنێکی نیشتەجێبووندا و کەوتووەتە قوولایی کۆلانێکی گەڕەکەکەوە.

ئاساییە ئەو دەزگایە لەو گەڕەکە بێت، هەرچەندە باشتر وەهابوو لە شوێنێکی گونجاوترو کەمێک دوورتر بوایە لە ناوچەی چڕیی نیشتەجێبوون، بەهەرحاڵ ئەوە گرفتێک نییە ئەگەر ئەو دەزگایە نەبێتە مایەی هەراسانکردنی دانیشتوانی گەڕەکەکە.

نازانم تائێستا کەسی تریان هەراسانکردووە یان نا، بەڵام شەوی رابردوو ناچار بووم ماوەیەکی زۆر مفاوەزاتیان لەگەڵ بکەم لەسەر مەسەلەیەک کە هی ئەوە نییە دەقیقەیەکیش قسەی لە بارەوە بکرێت، ئەگەر هەڵسوکەوتی ئەوان بەو شێوەیە نەبوایە.

لەوەتەی لە سلێمانی دەژیم لەو خانووەدا نیشتەجێم کە کەوتووەتە پشت ئەو خانووەی بۆ ئاسایشی سەرچنار بەکرێگیراوە. دوێنێ شەو کاتێک گەڕامەوە ماڵەوە، بینیم بەهۆی پڕۆژەیەکی ئاوەوە تەواوی ئەو کۆڵانە هەڵکەنراوە کە دەچێتەوە سەر کۆڵانەکەمان، ئۆتۆمبێلی هەموو ماڵەکانی ئەو گەڕەکە کە لەسەر ئەو شەقامە ریزکرابوون کە کەوتوونەتە پشت شەقامە هەڵکەنراوەکەوە، چونکە نەیانتوانیبوو ئۆتۆمبێلەکانیان ببەنەوە بەر ماڵەکانی خۆیان، منیش ناچاربووم لە کۆڵانێکی بەرامبەر ئەو خانووەی بۆ ئاسایش بەکرێگیراوە ئۆتۆمبێلەکەم پارک بکەم، هێشتا لە ئۆتۆمبێلەکەم دانەبەزیبووم چەکدارێکی ئاسایش هاتو پێیوتم «سەیارە لێرە مەوەستێنە، مەمنوعە». بۆم روونکردەوە کە من دانیشتووی ئەو ماڵەم کە پشتی بە پشتی فەرمانگەکەی ئەوانەوەیەو خۆم پێناساندو مۆڵەتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلم دایە دەستیو پێموت ئەگەر پێویست دەکات ناسنامەکەمی بۆ دەهێنمو لە لایان دایدەنێم تا ئەو کاتەی ئۆتۆمبێلەکەم لادەبەم، بەڵام بردمیە لای «ئامری وەجبەکەی» ئەویش هەر رێگەی نەدا، زۆر داوامکرد کە هاوکاریم بکەن، بەڵام ئەوان هەر سوور بوون لەسەر ئەوەی کە ناکرێت ئۆتۆمبێلەکەم لەوێ بێت، پێموت ئەو شوێنە دوورە لەفەرمانگەکەی ئەوانەوە، جگە لەوەش شوێنەکە پەنای ماڵێکی دیکەیەو سەر شۆستەیەو رێگە لە هیچ شتێک ناگرێت، بەڵام دوا وەڵامی ئەوان ئەوەبوو کە ئاساییە ئۆتۆمبێلەکەم لەو شوێنە بێت، تا پێش دەستپێکردنی دەوامی رەسمیی ئەوان لە رۆژی داهاتوودا، بۆیە نەمتوانی لەوێ دایبنێمو بردمە گەڕەکێکی دیکەو لەبەردەم ماڵێکی دۆستدا دامنا.

ئەم هەموو گێڕانەوەیە بۆ ئەوە بوو بڵێم، ئەگەر حکومەت نەیتوانیوە ئاسایش لە کرێچییەتی رزگار بکات، دەکرا نەیانکاتە مایەی هەراسانی بۆ دانیشتوانو لە شوێنێک خانوویان بۆ بە کرێ بگرێت کە نەختێک دووربن لە ناوچەی هەرەچڕی دانیشتوان، ئەگەر پاساوەکەش ئەوەیە ئەوان بۆ پاراستنی دانیشتوان پێویستن، ئەم پاساوە لەجێی خۆیدا نییە، چونکە رۆژی هەینی پێشووتر بە نوێژی نیوەڕۆ دزی لە ماڵێکی گەڕەکەکە کراو نزیکەی دەهەزار دۆلار لەوماڵە برایە دەرەوە کە تەنیا یەک خانوویان لە نێواندایە لەگەڵ بارەگای ئاسایشی سەرچناردا، بۆیە باشتروایە دەزگای ئاسایش بیر لەوە بکاتەوە ئەو بارەگایە بگوازێتەوە بۆ شوێنێکی گونجاوتر، یان رێنمایی کارمەندەکانیان بکەن کە باشتر هەڵسوکەوت بکەنو ئاگای زیاتریان هەم لە سەروماڵی خەڵکی گەڕەکەکە بێتو هەم نەشبنە مایەی هەراسانکردنیانو لە جیاتی هەرەسانکردن، هاوکاریی خەڵکی گەڕەکەکە بکەن. ئەمەش پێش هەرکەسێکی دیکە ئەرکی بەرپرسی بنەکەکەیە کە فەرمان بە کارمەندەکانی بکاتو ئاراستەیان بکات بەرەو مامەڵەی باشتر لەگەڵ دانیشتوانی گەڕەکەکە، بۆئەوەی هەم ئەوان مایەی دڵنیاییو پاراستنی ئێمەی هاوڵاتی بنو هەم ئێمەش بتواین وەک هاوکار نەک هەراسانکەر لێیانبڕوانینو هاوکارییان بکەین.

**دانیشتویەکی گەڕەکی سەرچنار لە سلێمانی**



# ڕەمەزان کۆماندەکاتەوە

**عەبدوڵلا ڕێشاوی**

کامەران کەریم، (٣٥) ساڵ بەهیوایە بەهۆی ڕۆژوگرتنی لە مانگی ڕەمەزانی ئەمساڵدا بە تەواویی واز لە جگەرەکێشان بهێنێت.

ئەو کە ماوەی (١٥) ساڵە جگەرەکێشە دەڵێت: «ئەمساڵ بەڕۆژوو دەبم بەو هیوایەی بە تەواوی واز لە جگەرەکێشان بهێنم» کامەران لە ساڵانی پێشووشدا ئەم هەوڵەی داوە، بەڵام وەک خۆی دەڵێت: «سەرکەوتوو نەبووەو پاش ماوەیەک گەڕاوەتەوە سەر جگەرە کێشان.»

بە پێچەوانەی کامەران هەندێک لەو جگەرەکێشانەی بەڕۆژوو دەبن لە تامەزرۆییان بۆ جگەرە، ئێواران ڕۆژووەکەیان بە جگەرە دەشکێنن.

هەندێک لە مامۆستایانی ئایینیش هۆشداریی دەدەن «ڕۆژوو شکاندن بە جگەرە دروست نییە».

## ڕەمەزانو مێژوویەکی دێرین

لە مانگی شەعبانی ساڵی دووی کۆچییەوە ڕۆژووگرتن لای موسڵمانەکان بریتییە، لە خۆگرتنەوە لە خواردنو خواردنەوەو وازهێنان لە کۆمەڵێک ڕێگەپێداروی دیکە بە درێژایی ڕۆژ، بە دەقی قورئان لەسەر موسڵمانەکان نووسرا.

ئیدی لەو کاتەوە ڕەمەزان جیا لە مانگەکانی دیکەی ساڵ بوو بە یەکێک لە مانگو بۆنە گرنگەکانی ژیانی موسڵمانەکان لە سەرانسەری جیهانداو بە درێژایی مێژوو.

## ڕۆژوو، یان وەرزشی ڕۆحیی

زانایانی ئایینی ئیسلام ڕەمەزان بە «مانگی پڕۆڤەکردنێکی ڕۆحییو جەستەیی» دادەنێن، ئەوان لە وتارو ئامۆژگارییەکانیاندا هانی موسڵمانەکان دەدەن، تا ئەم مانگە «بۆ پاکژکردنەوەی ڕۆحو جەستە بەکاربهێنن».

پاکژکردنەوەی ڕۆح بەهۆی پەرستنو یادکردنەوەی خودا، هەروەها لە ڕێگەی خۆ برسیکردنو تینوکردن. بە درێژایی زیاتر لە (١٢) کاتژمێر.

هاوبیر کامەران (مامۆستای یۆگاو لێپرسراوی کۆمەڵەی یۆگای گۆسوامی) لەبارەی ڕۆژووگرتنو تەندروستیی مرۆڤەوە، باس لەوە دەکات، کە ڕۆژوو خۆبرسیکردن نییە، بەڵکو کەمکردنەوەی چوونە ناوەوەی خۆراکە، کە لەگەڵ خۆی ژەهرو پیسیی هەڵدەگرێت، «کەمبوونەوەی ئەو ژەهرەو سووتاندنی بە خۆبرسیکردن تەندروستی مرۆڤ بەهێز دەکات».

هاوبیر، باس لەوەش دەکات، کە بە کەمبوونەوەی میتابۆلیزم واتە ڕۆشتنی خوێن بۆ گەدەو چوونی زیاتری خوێن بۆ مێشک دەبێتە هۆی بەهێزبوونی درکی مرۆڤو تێگەیشتنی لە راستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەمەش مرۆڤ ناتوندوتیژ دەکات.

بە بڕوای ئەو ڕاهێنەرە، ڕۆژوو جۆرێکە لە کۆنترۆڵ کە «ئیرادەی مرۆڤ بەهێز دەکات»و وا دەکات مرۆڤ کۆنترۆڵی بەسەر هەڵچوونو توڕەبوونەکانیدا هەبێت.

ئەو یۆگیەی بواری پاراسایکۆلۆژیو یۆگا ڕایدەگەیەنێت کە «یۆگا ئامۆژگاریی هەموان دەکات بۆ ڕۆژوویەکی ڕاستو ڕەوان».

## بەڕۆژووبوونو ئامانجێکی جیاواز

هەرچەندە زۆربەی زانایانی ئایینی ئیسلام جەخت لەوە دەکەنەوە، کە پێویستە مرۆڤی موسڵمان سوود لە ڕۆژووگرتن ببینێت لە رووی ڕۆحییو جەستەییو تەندروستییەوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت هەموو ئەوانەی بەڕۆژوو دەبن لەم ڕووانەوە سوودمەند دەبن، بەڵکو لە فەرهەنگی زۆربەی ڕۆژووگراندا ڕۆژووگرتن تەنیا بەجێهێنانی ئەرکێکی ئایینیە، کە زۆر کات هاوشان نییە لەگەڵ ئەخلاقیاتو ڕۆحانییەتی پاکو مرۆڤدۆستانە، مامۆستایانی ئایینیش جەخت لەوە دەکەنەوە، کە «ڕۆژووگرتن تەنیا خۆبرسیکردنو تینووکردن نییە، بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ لای خورەوشتی چاکو خۆڕاهێنانە لەسەر ئاکاری باشە».

ڕۆژووگرتن لە هەمانکاتدا بۆ زۆرێک لە مرۆڤەکان پرۆڤەی ڕێجیمێکی یەکمانگییشە، ئەو ڕۆژووگرانە بەو هیوایەن ڕەمەزان بکەنە مانگی ڕێجیمو لاوازکردنی جەستەیان.

شەهلا صالح، تەمەن (٢٦) ساڵ، باسی ئەوەیکرد، کە ساڵی رابردوو بە هۆی ڕۆژووگرتنەوە نزیکەی (٧) کیلۆی لە کێشی خۆی دابەزاندووەو بڕیایشی داوە ئەمساڵیش کێشی خۆی دابەزێنێت.

## خورمای باراک ئۆباما:

لە ڕەمەزانی ساڵی رابردوودا باشترین جۆری خورما وەک یەکێک لە خۆراکە سەرەکییەکانی ڕەمەزان لە وڵاتی میسر بە ناوی (حەسەن نەسروڵلا) ئەمینداری حیزبوڵای لوبنانییەوە ناو نرا، بەڵام ئەمساڵ باشترین خورمای ڕەمەزان لەو وڵاتە ئیسلامییە خورمای (باراک ئۆبامایە).

ئەمە لایەنێکی دیوە سیاسییەکەی ڕەمەزانە، کە وەک بۆنەیەکی ئایینیی بێ کاریگەریی نییە لە بوارە سیاسییەکەشدا.

وڵاتانی خۆرئاواش بە پیرۆزکردنی مانگەکە لە موسڵمانەکان هەموو ساڵێک هەوڵدەدەن بیکەنە پردێکی پەیوەندی بۆ گفتوگۆی نێوان گەلانو ئایینییە جیاوازەکان.

وەک نەریتی ساڵانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان، سەرۆکی ئەمریکی باراک ئۆباما پیرۆزبایی خۆی ئاراستەی موسڵمانانی جیهان کردو بڕیارە ئێوارەخوانێکیش بۆ نوخبەیەک لە موسڵمانی ئەمریکا ساز بکات.

ساڵی رابردوو سەرۆک بوشیش هەمان ئێوارەخوانی ڕێکخستو پیرۆزبایی خۆی ئاراستە کرد.

ڕۆژووگرتن تەنیا لە ئیسلامدا نییە، بەڵکو لە زۆربەی قوتابخانە ڕۆحییو ئایینە ئاسمانیو زەمینیەکانیشدا ڕۆژووگرتن بەشێوازی جیاواز بوونی هەیە.

لە قورئاندا بەم ئایەتە ڕۆژوو لەسەر موسڵمانان فەرزکراوە «ئەی بڕواداران ڕۆژووگرتن لەسەرتان نووسرا، وەک چۆن لەسەر ئەوانەی پێش ئێوە نووسرابوو، تا بەڵکو پارێزگاریی بکەن» ئایەتی ژمارە (١٨٣) لە سوورەی البقرة.

> **بە کەمبوونەوەی میتابۆلیزم واتە ڕۆشتنی خوێن بۆ گەدەو چوونی زیاتری خوێن بۆ مێشک دەبێتە هۆی بەهێزبوونی درکی مرۆڤو تێگەیشتنی لە راستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەمەش مرۆڤ ناتوندوتیژ دەکات**

# ئەركە تەندروستییەكانی پەرلەمانی داهاتووی كوردستان

د.گۆران عەبدوڵڵا*

پەرلەمانی نوێی كوردستان لەبەردەم بەرپرسیارگەلێكی تەندروستی گرنگدایە كە ناكرێت پشتگوێبخرێن. كۆمەڵێك لەو كارانەی كە پەرلەمانی داهاتووی كوردستان دەكرێت بیانكات بە رواڵەت پەیوەندییەكی راستەوخۆیان نییە بە بواری تەندروستییەوە، بەڵام لە راستیدا دەبنە هۆكارێكی دەستنیشانكەرو كاریگەریی بەرەوپێشەوەبردنی تەندروستیی كۆمەڵگەی كوردستان بە گشتیو تاكەكانی كۆمەڵگە بە تایبەتی.

هەوڵدان بۆ كرانەوەی سیاسیی زیاترو فەراهەمكردنی بوار بۆ كۆمەڵانی خەڵك بۆ بەشداریی لە دروستكردنی بڕیار لەلایەن ئەندامانی تازەی پەرلەمانەوە لە رێی ئاسانكردنی پەیوەندی راستەوخۆی تاكەكانی كۆمەڵگە لەگەڵ نوێنەرانی خۆیان لە پەرلەماندا، دوو ئەنجامی گەورە دەپێكن كە راستەوخۆ پەیوەندییان بە ئاستی تەندروستیی خەڵكەوە هەیە، لە لایەكەوە داتاو توێژینەوە زانستییەكانی بواری تەندروستیی كۆمەڵ پێماندەڵێن كە ئاستی بەشداریی سیاسیی خەڵك لە دروستكردنی بڕیاردا پەیوەندییەكی ئەرێنی هەیە لەگەڵ باشیی باری تەندروستیی ئەوان. ئەمە بەهۆی كاردانەوەی باشی بەشداریی لە دروستكردنی بڕیار لەسەر دەروونو متمانەی تاكەكان بە توانایان بۆ بەدەستهێنانی گۆڕانكاریی لە ژیانی خۆیانو كۆمەڵگەكەیانە.

لەلایەكی ترەوە ئەگەر بەو گریمانە رازیی بین كە بەشداریكردنی خەڵك لە دروستكردنی بڕیاری سیاسییدا دەبێتە هۆی هێنانەكایەی كۆمەڵە بڕیارێك كە لە خزمەتی خۆیانو بۆ بەرژەوەندیی ئەو توێژە بێت كە هەوڵی دروستكردنی بڕیارەكە دەدات، ئەوا دیسان بەشداریی لە دروستكردنی بڕیار، دەبێتە هۆی باشتركردنی باری تەندروستیی خەڵكو تاكەكان.

بۆیە یەكەمین كارێك كە دەكرێت ئەندامانی پەرلەمانی داهاتوو بیكەن بۆ باشتركردنی ئاستی تەندروستیی تاكەكانو كۆمەڵگەی كوردستان، ئەوەیە كە دەرگا داخراوەكانی پەرلەمان لەسەر پشت واڵا بكەن بۆ كۆمەڵانی خەڵك. پێویستە كۆتایی بە دڵەراوكێی كۆنتاكتی یەكەمی تاكەكانی ئەم كۆمەڵگەیە لەگەڵ دەسەڵاتدا بە شێوازە تەقلیدییەكەی بهێنین كە خۆی لە بینینو قسەكردنو مامەڵەكردن لەگەڵ پۆلیسو مروورو ئاسایش، بە رێزی تەواومانەوە بۆ ئەو كۆمەڵە دەزگایە، دەبینێتەوە. بۆئەوەی مرۆڤەكان تاكێكی تووڕەو توندوتیژیان لێدرەنەچێتو بتوانن لە سەرخۆو خاوەن بارێكی دەروونی ئارام بن پێویستە بزانن كە نوێنەریان هەیە لە پەرلەمان كە دەكرێت خاڵی كۆنتاكتی یەكەمی ئەوان بن لەگەڵ دەسەڵاتی كوردستان نەوەك پۆلیسو ئاسایشو مرور. هەر ئەندامێكی پەرلەمان پێویستە ژمارەی تەلەفۆنی تایبەتو ئەدرەسی ئەلیكترۆنیو ماڵپەرو پۆستی هەبێت، بۆئەوەی هەركەسێك بیەوێت بتوانێت پەیوەندی پێیانەوە بكاتو لە كارو چالاكییەكانی ئاگاداربێت. ناكرێت پەرلەمان بۆ گوێگرتن لە خەڵك تەنیا لەوەدا بوەستێت كە دەرگاكانی بكاتەوە، بەڵكو دەبێت ئەكتیڤانە خەڵك بدوێنێو گوێبگرێت. ئێستا كوردستان خاوەنی دەیەها پسپۆڕی بواری سیاسەتو ستراتیژو پلاندانی تەندروستییە كە دەكرێت سوودیان لێوەربگیرێتو راو بۆچوونیان بە هەند وەربگیرێت.

دیارە گوێگرتن لە خەڵك بە تەنیا گەرەنتی دەستەبەركردنی كۆمەڵگەو تاكێكی تەندروستمان بۆ ناكات، بەڵكو پێویستیمان بە پەرلەمانێكی چالاكە كە بە باشی ئەركی یاسادانانو چاودێریی كارەكانی حكومەت راپەڕێنێت. پەرلەمانی پێشووی كوردستان لە چەند یاسایەك زیاتر كە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێنو پەیوەندییەكی راستەوخۆیان بە بواری تەندروستییەوە هەیە، وەك یاسای جگەرەكێشانو یاسای وەزارەتی تەندروستی، نەیتوانیوە بە باشی بە ئەركە یاساییەكانی خۆی هەڵسێت، بۆیە پەرلەمانی داهاتوو لە بەردەم ئەركێكی قورسدایە بۆ دەركردنو هەمواركردنی كۆمەڵە یاسایەكو پرۆژەبڕیارێك كە خزمەتی بەرەوپێشەوەبردنی باری تەندروستیی كۆمەڵگەی كوردستان بكات.

یەكێك لە بوارە هەرە گرنگەكانی تەندروستی كوردستان ستراكتۆری وەزارەتی تەندروستیی كوردستانە. پێموایە، گەورەترین خزمەتێك بە بواری تەندروستیی كوردستان گۆڕینی وەزارەتی تەندروستییە بۆ وەزارەتێكی تەندروستی كۆمەڵ. ئێستا وەزارەتی تەندروستی ئەركو بەرپرسیارێتییە تەندروستییەكانی لە سەر ئاستی كۆمەڵگاو خەڵك فەرامۆشكردووە بە هۆی سەرقاڵبوونی بە كۆمەڵە ئەركێكی كارگێڕیی پەیوەندیدار بە كارمەندانی ئەو وەزارەتەوە لە پزیشكو كارمەندی تەندروستی كە دەكرێت هەر دەزگایەكی تر بیانكات، هەر بۆ نموونە شێوازی مامەڵەكردنی وەزارەتی تەندروستی لەگەڵ پەتای ئەنفلۆنزای بەراز باشترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی كە ئەم وەزارەتە بەڕاستی لاوازەو پێویستە بگۆڕدرێت. لە كاتێكدا وەزارەتی تەندروستی دەیتوانی بەلای كەمەوە چەند رۆژ جارێك بە كۆنگرەیەكی رۆژنامەوانی لە رەوشی تووشبوون بە پەتاكەمان ئاگاداركاتەوە، وەزارەت ئەمەشی نەكرد. پەرلەمانی داهاتووی كوردستان دەتوانێت هەنووكە لەسەر سێ ئاست هەوڵی باشتركردنی باری قەیراناوی وەزارەتی تەندروستی بدات. یەكەم پرۆژەیاسایاك بۆ گۆڕینی ستراكتۆرو ئەركو بەرپرسیارێتیی وەزارەتەكەو یاریكردنی رۆڵێكی كاریگەر لە دەستنیشانكردنی وەزیری داهاتووی تەندروستی كە دەكرێت پرۆفیشناڵێكی بواری تەندروستی كۆمەڵ بێت بەبێ گوێدانە بیروڕای سیاسیی ئەوو دواتر ئەنجامدانی چاودێرییەكی وردی هەموو كارەكانی وەزارەتەكە لە بوارە تەندروسیتیە جیاجیاكاندا. بۆ نموونە بۆ زانینی ئامادەكارییەكانی وەزارەت بۆ رووبەڕووبوونەوەی پەتایەكی ترسناكی وەك ئەنفلۆنزای بەراز، پێویستە وەزیری تەندروستی بانگبكرێت بۆ پەرلەمانو رووبەڕووی پرسیار بكرێتەوە.

دەستخستنەسەر ئەندێشەو ناتەندروستییەكانی كۆمەڵگەی كوردستانو دەركردنی بڕیارو یاسای گونجاو بۆیانو چاودێریی جێبەجێكردنی ئەو یاسایانە ئەركێكی تری گرنگی پەرلەمانی كوردستانە. كۆمەڵگەی كوردستان بە دەست كۆمەڵە دەردو نەخۆشییەكەوە دەناڵێنێت كە تەنانەت نازانین رادەی بەربڵاویو تەشەنەكردنیان چەندە. دیارە زانیاریی لەسەر هەرشتێك بە ئامارو داتا دەكرێت كە ئەركی دەزگای تایبەتی ئەم بوارەن. لەكاتێكدا لە كوردستاندا بەناو كۆمەڵە دەزگایەكی ئامار هەیە، بەڵام لە بواری تەندروستیدا هەر زۆر لاوازنو پێویستیان بە چالاككردن هەیە. پەرلەمان دەتوانێت بە پرۆژەیاسایەك كە دەكرێت ناوی لێبنرێت، ئازادیی گەیشتن بە زانیاریی تەندروستی، لەم قەیرانە زانستیو ئەخلاقییە قوتارمان بكات.

كایەی تەندروستیی كوردستان حاڵی حازر بەدەست كێشەگەلێكەوە دەناڵێنێت كە دەكرێت لە رێی چەند پرۆژەبڕیارو یاسایەكی پەرلەمانەوە چارەسەر بكرێن. ئەمە نەك تەنیا سوودی تەندروستی هەیە، بەڵكو بۆ تەندروستیی سیاسیی كوردستانیش كاریگەریی باشی هەیە. بواری تەندروستی لە كورستاندا بە بەراورد بە وڵاتە پێشكەوتووەكانی دنیا رەنگە یەكێك لە هەرە كەمترین ئەو بوارانە بێت كە كێشەی سیاسییان لەسەرە. واتە ئێمە لە كوردستان وەك ئەوەی لە ئەمریكا هەیە دابەش نەبووین بەسەر چەند جەمسەرێكی لەیەك دوور بۆ تێگەیشتنو دنیابینینمان بۆ بواری تەندروستی، بۆیە دەكرێت وتوێژو دایەلۆگ لەسەر ئەركە تەندروستییەكانی پەرلەمان دەرگایەك بن بۆ شكاندنی ساردوسڕیی پەیوەندیی ئێستای دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن. لە ئێستادا دەكرێت پرۆژەیاسایەك دەربكرێت كە تایبەتبن بە كەسانی تووشبوو بە نەخۆشیو ئەندێشەی دەروونیو پرۆژەیاسای نەهێشتنی مادەی قوڕقوشم لە بەنزینو بەكارهێنانی ئاردێك كە مادەی فۆلیك ئەسیدی تیابێت كە ئێستا لە وڵاتە پێشكەوتووەكانی دنیا بەكاردەهێنرێتو كاریگەریی تەندروستیی زۆر گەوریان هەیە. ئەمانە كۆمەڵە كارێكی زۆر قورس نین كە تێچوونێكی كەم، بەڵام بەرهەمێكی تەندروستیی گەورەیان لێ سەوز دەبێت.

ئەوەی ماوە بیڵێین لە كۆتاییدا ئەوەیە كە یاساو ریساو پرۆژەی بڕیار بەبێ چاودێرییەكی وردو بەردەوامی جێبەجێكردنیان هیچ مانایەكیان نابێتو هیچ مەبەستێك ناپێكن.

* ماستەر لە سیاسەتی تەندروستیی





## روونكردنەوەیەک لە دڵشاد عەبدو لوەفاو محەمەد عەبدولوفاوە

لە ژمارە (٥)ی دووشەممە (٨/١٧)ی گۆڤاری بەڵگە وتارێک بە ناونیشانی (وەزارەتەكەی شەمال عبدالوفا لەنێوان خۆی و براو برازادا!) گوایە شەماڵی برامان كە وەزیری كشتوكاڵ بووە زەوی پێ داوینو مۆڵەتی باخی بۆ كردووین.

ئەو وتارە تەنها ئەم هەڵانەی تێدایە:

١ ـ ئێمە ئەو زەویەمان كڕیوە. عەقدی كڕین و فرۆشتنەكەش ئامادەیە.

٢ ـ لەو دوو بەروارەدا (٥/٣١)و (٦/٢٦) كە مۆڵەتی باخەكانمان پێدراوە شەماڵی برامان وەزیر نەبووە، بەڵكو خانەنشین كراوە.

٣ ـ هیچ مۆڵەتی باخەكانمان یان مامەڵەی زەویەكانمان یان هەر وردەكارییەكی تر نە شەمالی برامان ئاگاداری بووە نە ئیمزای ئەو بەسەر هیچ یەكێ لەو مامەڵانەوە هەیە.

٤ ـ دەكرێ بۆ وردەكاریی زیاتر پەیوەندیی بكەن بە كشتوكاڵی سلێمانیو زەویوزاری سلێمانییەوە، بزانن شەمالی برامان زەوی داوینەتێ یان مۆڵەتی باخی بۆ كردووین.

٥ ـ زەوییەكەی (محمد) لە كەرتی (٢٠)ی تەرەجار نییە، بەڵكو (تەڕەمارە) لەگەڵ یەكێكی تر بەناوی (بەكر) لە پیاوێكیان كڕیوە كە عەقدی كشتوكاڵی هەیە خەڵكی گوندی قازیاوایە بەناوی (حەمە مێوژەیە).

٦ ـ زەوییەكەی (دەروون)ی كوڕی دڵشاد بە سێ كەس كە یەكێكیان دەروونە لە كوڕێكیان كڕیوە بەناوی (هێمن حەمە علی تۆفیق) رووبەرەكەشی (١٥) دۆنم بووە نەک (٥) دۆنم.

٧ ـ مۆڵەت پێدانی باخیش تاوان نییە لەم وڵاتە، سەیرێكی باخ و تەلارو كۆشكەكانی مەعەسكرسلام و سیتەک بكەن كە هی كێیەو چۆن كراوە سەیری تەلارو كۆشكەكانی ناوجەرگەی لەندن بكەن چۆن كردراوە «بە پارەی كێ» هی كێیە؟

سەیری ئەو هەزاران دۆنمە بكەن كە بە چواردەوری سلێمانی دا لەسەر كێ تاپۆكراوەو چۆن مامەڵەكەی كراوە.

ئێمە لەم شارەدا سەری خۆمان كزكردووەو كاسبی خۆمان دەكەین.. یەكێكمان بەقاڵی دەكاتو ئەوەی ترمان نووسینگەی فرۆشتنی زەوی و خانووی هەیە بەرامبەر بە (م.س) (ی.ن.ک) گەر ئەوەشمان پێ رەوا نابینن. فەرموون دوكانەكانیشمان پێ دابخەن... خۆ وەكو برا مەسئول، كوڕە مەسئول خزمە مەسئول، نە بەڕێوەبەرین نە بەڕێوەبەری گشتیی. نە ئەندام پەرلەمان، نە وەزیر... هتد نە كۆمپانیای ئەمنیی نەوتمان هەیە نە لە مولحەقە تیجاری سەفارەتەكانین. نە خەریكی بازرگانی نەوت و ئیستیسماراتی گەورەین.

بۆیە ئەمە لە ناوزڕاندن هیچی كە نییە.. بۆیە بۆ یەكلاییكردنەوەی ئەو بابەتە پەنادەبەینە بەر دادگا تا راستی و دروستی ئەو وتارە دەربكەوێت.

دڵشاد عەبدالوەفا لە جیاتی كوڕەكەی ئەم روونكردنەوەی نووسیوە چونكە كوڕەكەم كۆچی دوایی كردووە.. واز لە مردووش ناهێنن!!

# کام بەخۆدا چوونەوە؟



ستیڤان شەمزینانی

هەڵبژاردنی (٢٥-٧-٢٠٠٩) کۆمەڵێک رووداوی چاوەڕواننەکراوی بەدوای خۆیدا هێنا، لیستی چوار حیزبەکە نەیانتوانی نیوەی ئەوە دەنگە بهێنن پێشتر پێشبینیانکردبوو، لیستی چەپەکان تووشی شۆکو دارمانبوون، لیستی کوردستانی هەرگیز چاوەڕێی وەها شکستێک نەبوو کە دوای ئەو هەموو ساختەکارییە نیوەی دەنگی هاوڵاتییان بەدەستبهێنێت، لیستی پێشکەوتن بە تەواوەتی هەرەسیهێنا، بزووتنەوەی ئیسلامیی هەستایەوەو بووە خاوەنی دوو کورسی، لیستی گۆڕان سەرەڕای ئەوەی فێڵو ساختەکاریی زۆری دەرهەقکرا بەپێچەوانەی پێشبینی سەرکردەکانی ناو یەکێتی، (٢٥) کورسی بەدەستهێنا، هەندێک قەوارەی دیکە بە تەواویی شکستیان هێنا.

لایەنە شکستخواردووەکان هەریەکە بەشێوازی خۆیان باسی بەخۆداچوونەوە دەکەن، حیزبی شیوعی ئێستا بە حیساب لە قۆناغی بەخۆداچوونەوەدایە، ئیسلامییەکان هێشتا کەئابەو شۆکی دەرئەنجام بەرینەداون، بەڵام ئەوانیش باس لە بەخۆداچوونەوەیەکی جدیی دەکەن، یەکێتی ئەگەرچی زۆر راستەوخۆ باسی بەخۆداچوونەوە دەکات، بەڵام لە حاڵی واقیعدا جۆرێک لە پرۆسە لە ئارادایە نەک هەر بەخۆداچوونەوە نییە، بەڵکو خۆوێرانکردنە.

ئەگەر مرۆڤ بەدیقەتەوە تەماشای میدیای یەکێتیو گوتاری سەرکردەکانی بکات، تێدەگات یەکێتی پرۆسەی بەخۆداچوونەوە بە دەرکردنی زیاترو نانبڕینی زیاترو هێرشکردنی پتر بۆ سەر کۆمپانیای وشەو دەست نووقاندنی زۆرتر تێدەگات. هیچکات بیر لەوە ناکاتەوە لە پشتی شکستەکانییەوە کۆمەڵێک فاکتەرو دەموچاو هەن کە دەبێت ئەوانە بنبڕبکرێنو لاببرێن نەک ئیجرائاتکردن لە ئاستی خوارەوەو لەناو کادیرە مامناوەندییەکاندا ئەنجامبدرێت، لەبەرئەوەی کادیری مامناوەندیی هیچ دەستێکی نییە لە ئاراستەکردنی سیاسەتی فەرمیی یەکێتیدا.

سیاسەتی هەڵەی یەکێتی لە چەند ساڵی رابردوودا هەم لەسەر ئاستی عێراقو هەم لەسەر ئاستی ناوخۆ، گەندەڵیی، پشتکردنە جەماوەری گەل، پاڵپشتیکردنی تاوانبارانی گەلکوژیی کوردو پاڕانەوە بۆیان لە دادگا، هەڵە زۆر زەقو دیارەکانی مام جەلال هەر لە وەسفکردنی دەوڵەتی کوردیی بە خەونی شاعیرانە تا ئازادکردنی تاریق رەمەزانی فرۆکەوانی کیمیابارانی هەڵەبجە، سوکایەتیکردن بە دەنگە نارازییەکان، نادادپەوەریی، دەوڵەمەندبوونی دەستەیەکی بچووک لە سەرەوەی یەکێتی لەسەر حیسابی زۆرینەی خوارەوە کە ئەندامانو لایەنگرانن، بەستنی پەیمانی عەنتیکە عەنتیکە لەگەڵ پارتیو... هتد، ئەو فاکتەرە زۆر سەرەکییانەن یەکێتی نیشتمانییان گەیاندە ئاوها رۆژێک کە توانای ئەوەی نەبێت چەند پاسێک لە خەڵکی سلێمانی کۆبکاتەوە بۆ مەراسیمی لیستی کوردستانی بە ئامادەبوونی مام جەلالو مەسعود، ئەوە هەر باسی ئاکامەکان مەکە کە د.بەرهەم بە شەخسی خۆی وتبووی تووشی شۆک بووینەتەوەو لەو باوەڕەدا نەبووین وەهامان لێبەسەربێت.

جیا لەوەش کۆمەڵێک دەموچاو کرابوونە سیماو سیمبولی یەکێتی، لەبری ئەوەی یەکێتیو حکومەتی هەرێم لەلای خەڵکی کوردستان بە پرۆژە خۆشەویست بکەن، بەڵکو زۆر راستەوخۆ رۆڵیان گێڕا لە ناخۆشەویستکردنی یەکێتیو حکومەت لەلای خەڵک بەتایبەت لەکن نەوەی تازە پێگەیشتووی کوردستان، نامانەوێت ناوی هیچکام لەوانە لێرەدا ریزبکەین، چونکە هەموویان لای هاوڵاتییان وەک خۆیان ناسراون، بۆیە ناوهێنانیان ئاشکراکردنێکی تازە نییە.

ئەگەر یەکێتی دەیەوێت گۆڕان بکاتو بەشێوەیەکی تەندروست بەخۆیدا بچێتەوە، پێشکات پێویستە گۆڕان لە بەرنامەو گوتاری سیاسیی خۆیدا بکات، کۆتایی بهێنێت بە دیکتاتۆرییەتی دەستەیەکی بچووک بەسەر زۆرینەی ئەنداماندا، خۆی رێکبخاتەوە وەک هێزێکی خزمەتکاری هاوڵاتییان نەک وەک ئێستا ببێتە بار بەسەریانەوەو سەروەتو سامانیان بۆ خۆی زەوت بکات، ئەوجا ئەگەر قەرارە کۆمەڵە کەسێک هەبن بکەونە بەر رەشەبای بەخۆداچوونەوەو بنێردرێنەوە بۆ ماڵەوە، ئەوە نەک نابێت ئەندامانی خوارەوە بن تەنانەت گونجاو نییە ئەندامانی مەڵبەندو کۆمیتەکانیش بن، بەڵکو گرنگە ئەو ناخۆشەویستانە بن لەسەری قووچەکەدان، ئەوانیش پێکهاتوون لە دەستەیەک هەم لە ئاستی کۆمیتەی سەرکردایەتی، هەم لە ئاستی مەکتەبی سیاسییو وەزارەتەکانو پەرلەمانی کوردستان.

وەک خۆم وەها تێدەگەم یەکێتی نایەوێت بەخۆیدا بچێتەوە، چونکە ئەگەر نیەتێکی وەهای هەبوایە پێویستی نەدەکرد کۆمپانیای وشە دروستبێت کە (٢٥) کورسی بەدەستهێناوەو لانیکەم (٢٠) کورسی لەو رێژەیە دەنگی راستەقینەو رەسەنی یەکێتی بووە. یەکێتی دەیەوێت لەژێر دروشمی بەخۆداچوونەوەو گۆڕانکارییکردن لە ئۆرگانە جیاوازو حیزبییەکاندا پرۆسەی پاکتاوێکی گشتگیر بەڕێوەبەرێت بە مەبەستی دەرکردنی هەموو ئەوانەی گومانیان لێدەکرێت دەنگیان بە غەیری لیستی کوردستانی دابێت، لەهەمانکاتدا ئەم پرۆسەیە شان خاڵیکردنەوەی چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسییو سەرکردایەتییە کە تەنانەت توانیبوویان خودی مام جەلال چەواشەبکەن بەوەی گۆڕان ناتوانێت لە سێ چوار کورسییەکی پەرلەمان زیاتر بهێنێت، تا ئەوەی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە دیمانەیەکدا پێش هەڵبژاردن وتبووی هەموو گۆڕان (٣-٤) هەزار کەسێکن، ئەم چەواشەکارییە وەهای لەمانکرد لەدوا شەوی بانگەشەی هەڵبژاردندا دەستەی گۆڕان بەسەرلێشێواو پێناسەبکات، دواتریش ئاکامەکان پێچەوانەی نیشاندا، بۆیە هەنووکە چەواشەکارەکانی سەرەوە کە هەر خۆیان بەرپرسیاری ئەم رۆژە رەشەی یەکێتین، دەیانەوێت لەو رێگەیەوە دەستە چەورەکەیان بەخوارەوە بسڕنەوە، ئەمەش وامان لێدەکات باوەڕمان بە بەخۆداچوونەوە لاوازبێتو بێژین کام بەخۆداچوونەوە؟.

Shamzini79@hotmail.com

# لیستی گۆڕان بەرەو کوێ؟

دانا سەعدی مەحمود

پەلەکردن دیاردەیەکی زەقو زاڵی نێو هزرو لێکدانەوەو هەڵسوکەوتی رۆژانەی ئێمەیە. پەلەکردن لە بڕیاردان، پەشیمانبوونەوە، تۆمەتبارکردن، پیاهەڵدان، گەشبینیو رەشبینی و.....تاد. ئەم دیاردانە لە ژیانی ئێمەی خۆرهەڵاتیدا پەیوەندیی راستەوخۆیان بە باری ناجۆریی پەروەردەو سایکۆلۆژیاوە هەیەو لەگەڵ گەورەبوونی تەمەندا دەشێت ئەمانیش گەورەترو فراوانتر ببن.

ئاشکرایە هەریەک لەو دوو بوارە بە بەردەوامی لە ژێر کاریگەریی راستەوخۆی کایە سیاسیی، ئابووری، کۆمەڵایەتیو ئایینیەکاندا بوونو فاکتەری سەرەکی بوون بۆ بەرهەمهێنانی مرۆڤگەلێکی ڕاڕاو بێ متمانە، کە لە بازنەی بڕیاردانی خێراو بە دواشیدا پەشیمانبوونەوەی بە پەلەدا گیربخۆن، بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان لە ماوەیەکی کورتدا ئەو ئیرادە ونبووە زەوتکراوەی زیندوو کردەوە، کە ساڵانێکی دوورو درێژ بە تایبەتی لە (١٨) ساڵی دوای راپەڕیندا مرۆڤی کوردی دووچاری تێکشکانو بێ هیواییو لاوازی کەسایەتی کرد. بزووتنەوەی گۆڕان، وەک رێگە نیشاندەر سەرلەنوێ ئازادییو ئازایەتی بەخشیەوە بە تاکی کوردستانیی تاوەکو بێ ترسو سڵەمینەوە لە سزادانو پەرچەکرداری نادیموکراسی، لەسەر کۆی داخوازییە رەواکانیان پێدابگرن.

لەوەش گرنگتر چیدی بوار بە هیچ دەسەڵاتێک نەدرێت بە عەقڵی پاوانخوازیی گەمە بە چارەنووسی مرۆڤو دەستکەوتە نەتەوەییەکان بکات.

لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەوە تاوەکو وادەی چاوەڕوانی راگەیاندنی دوا ئەنجامی هەڵبژاردن، تاکە پرسیار ئەوەبوو: ئاخۆ لیستی گۆڕان رێژەی چەندی دەنگەکان بەدەستدەهێنێت؟ لە دوای ئاشکراکردنی (٢٥٪)ی دەنگەکان پرسیارەکە گۆڕا بەوەی: لیستی گۆڕان بەرەو کوێ؟

بێگومان هەریەک لەم دوو پرسیارە بارگاوین بەو جۆشو خرۆشە سەرنجڕاکێشەوە، کە شەقامێکی لەناخدا تووڕە، بەڵام تاوەکو دوێنێ بێ هیوای، بۆ هەنگاوەکانی ئەمڕۆو ئایندە بە ئاگا هێنایەوە.

بە بڕوای بەندە، وەڵامدانەوەی پرسیاری «لیستی گۆڕان بەرەو کوێ؟» پەیوەستە بە کۆمەڵێک بابەتەوە، وەکو:

١- هاوپەیمانیی ستراتیژیی نێوان یەکێتییو پارتی کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ئەنجامی هەڵبژاردنەوەو رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوانیاندا.

٢- کاردانەوەی سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆنی راستەقینەو لاوازبوونی پێگەی دەسەڵاتی یەکێتییو پارتی لە نێو جەماوەردا گواستراوەتەوە بۆ نێو ئۆرگانەکانی حیزبو کاریگەریی لەسەر ئایندەیان وەک حیزبو دەسەڵات داناوەو بە دوایدا هەموو ئەگەرو پێشهاتێک چاوەڕوانکراوە.

٣- روون نییە کابینەی حکومەت چۆن پێکدێتو چەند هێز لە دەرەوەی حکومەت، لەناو پەرلەماندا وەکو ئۆپۆزسیۆن دەمێنێتەوە؟

٤- هێشتا ئاشکرانییە کەی دەستووری هەرێمی کوردستان یەکلاییدەکرێتەوە؟

٥- هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق خۆ ئامادەکردنی چڕتر لەوەی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دەخوازێتو پێویستی بە گەڕانی مەیدانی پشوودرێژتر هەیە تاوەکو باشترینو شیاوترین کاندید بۆ لیستی گۆڕان حاسڵ ببن.

٦- کۆکردنەوەی ئەو جەماوەرە فراوانە حیزبیو غەیرە حیزبییەی بە ئایدیۆلۆژیای جیاوازەوە پشتگیریی لە بزووتنەوەی گۆڕان کرد، رەنگە کۆکردنەوەی لەناو یەک رێکخراودا کارێکی نیمچە مەحاڵ بێتو پێویستی بە دۆزینەوەی گونجاوترین میکانیزمو باشترین بڕیاری دەستەجەمعی هەبێت، تاوەکو بەرپرسیارێتی بزووتنەوەکەو چوارچێوەی پەسەندکراوی ئایندەی بە سەرکردایەتییەکی هەڵبژێردراو بدرێتو بە تەنیا نەکەوێتە ئەستۆی یەک یان چەند کەسێک.

٧- گۆڕانکارییە سیاسییە چاوەڕوانکراوە ناوخۆییو ئیقلیمییەکان، هەروەها پەیوەندی بەستن بە لایەنە پەیوەندیدارە جیهانییەکانەوە چیدی لە چوارچێوەی تەسکی پەیوەندیی سیاسییو دیپلۆماسی یەکێتییو پارتیدا نامێنێتو بزووتنەوەی گۆڕان دەتوانێت ببێتە هێزێکی کاراو رکابەری چالاک.

٨- وەک چۆن دوا ئەنجامی هەڵبژاردن سەرباری خروقاتی دەسەڵات لەلایەن لیستی گۆڕانەوە لەبەر بەرژەوەندی گشتییو رێزگرتن لە دەنگی گۆڕانخوازان پەسەندکراو رێگەی هێمنیو ئارامیی هەڵبژێردرا، بە هەمانشێوە لە ساغکردنەوەی ئایندەی بزووتنەوەی گۆڕاندا بۆ رێزگرتن لە ئیرادەی ئەو جەماوەرەو چارەنووسسازیی قۆناغەکە، پێویستە بە هیچ پاساوێک پەلە نەکرێتو لە هەڵەی مێژوویی و سیاسیی خۆ بەدوور بگیرێت.

هەموو ئەم خاڵانەی سەرەوەو ئەوانەش لێرەو لەوێ ئاماژەیان پێ دەدرێت، هۆکارن بۆ ئەوەی هێشتا دوا وەڵام نەگەیشتبێتە دەستی ئەو جەماوەرە گۆڕانخوازەی، کە بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی ئایندەی گەشی بزووتنەوەکەیانن.

## بەراوردێک...

پشکۆ ناکام



کێشەی کەرکوک، یەکێکە لەو کێشە پڕ سەرئێشانەی زۆر دەمێکە چارەسەرکردنی وەک «مەتەڵ»ی لێهاتووەو هەر کەسو حیزبو لایەک بە جۆرێکی جیاواز لێیدەدوێتو زۆرجاریش چارەسەری حازری بۆ داناوە، بەبێ ئەوەی لە ئەرزی واقیعدا ئەو کێشەیە یەک هەنگاوی ئیجابیی بەڕووی کوردا نابێت.

... دەسەڵاتی کوردییش بە بۆنەو بەبێ بۆنە، موزایەدە لەسەر کەرکوک دەکاتو وای لە قەڵەم دەدات کە چراکەی (علاالدين) لای ئەوە یا کەرکوک دەگەڕێتەوە سەر هەرێم!! یان ئێمە کەسمان نامێنین!. هەر سەرەتای نەمانی رژێمی بەعس بوو کە دەسەڵات مژدەی ئەوەی پێ دەداین کە کەرکوک لە گیرفاندایەو چەند هەنگاوو کارێکی هونەرییو ئیداریی ماوەو دوای ئەوە دەتوانین ئاڵای کوردستان لەسەر هەر بیرە نەوتێکی کەرکوک هەڵبکەین.. تەنانەت هەندێک پێیانوابوو کە جگە لە خودی شارەکە، لەوانەیە چەند قەزاو ناحیەیەک بە دیاری وەربگرین.

رووداوەکانو کاردانەوەکان وێنەیەکی دیکەیان هێناوەتە بەرچاومان کە نابێتە مایەی دڵخۆشیمان، ئەو هەموو هاتوهوشەی دەسەڵات وەک زۆر بواری تر، تەنیا لافیتەو دروشم بووە، تەنانەت بەرپرسە کوردەکانی خوالێخۆشبوو مادەی (١٤٠) هەر باسی لە نەبوونو کەمی بودجە دەکەن، وەک ئەوەی کێشەی کەرکوک حسابێکی بانکی بێت نەک کێشەیەکی نەتەوایەتی!

کە دەسەڵات بیەوێت بە جدیی هەوڵی چارەسەری کێشەی کەرکوک بدات ئەگەر (فان الأوان) نەبێت، میتۆدو بەرنامەی کاری زۆر هەیە کە دەکرێت پەیڕەو بکرێت لەو ئاستەدا، هەر دوێنێ بوو بینیمان، دیمان چۆن دەسەڵات لە هەڵبژاردنەکاندا قسوری نەکرد لە هەموو روویەکەوە تا ئەنجامەکان بەرامبەر خواستی خۆی بێت، ئەو هەموو سەرکردەو بەرپرسە زلو قەبانەی هەرێم، ئەو هەموو (نوێنەران!)ەی لە بەغداوە گەڕابوونەوە، ئەو هەموو دەزگا حکومیو حیزبیو ناحیزبییانەی خرابوونەگەڕ، ئەو هەموو دەزگا ئیعلامیو گەیاندنانە کە شەوو رۆژ لە کاردابوون بۆ پیاهەڵدان بە شانو باڵی دەسەڵاتو ناشرینکردنی نەیارەکانی، ئەو هەموو (کیسە) دۆلارانەی بەبێ هیچ سەرەتاو ئیمزاوەرگرتنێک وەک (نوقلی شەوی بەرات) دەبەخشرانەوە کە لە هەندێک حاڵەتدا بەرپرسەکان فریای ژماردن نەدەکەوتنو بە (چنگ) دۆلارەکانیان دابەشدەکرد، ئەو هەموو دیارییە گرانبەهایانەی کە سیمای دیاردەی رازیکردنی خەڵک بوون، ئەگەر ئەو هەموەی سەرفکراو وزەو توانا خرایەگەڕو بەرنامەی بۆدانراو هەموو، هەر هەموو بەرپرسەکانی دەسەڵات تیایدا بەشداربوون، نیوەی ئەوە، لە نیوەی ئەوەش کەمتر بۆ کەرکوک بکرایەو خۆماندووکردنی تیادا بوایە، ئاخۆ دەمانتوانی کێشەکە چەند بە ئاڕاستەیەکی تر بەرین کە لەدوا پلەدا لە بەرژەوەندیی چارەسەرکردنەکەی بوایە؟! ئەو هەموو کیسە دۆلارانە لە شاری کەرکوک دابەش بکرانایە، دەبووە مایەی نزیکبوونەوەی چەند لە کەمایەتییەکانی دیکە بەلای خۆماندا، یان هیچ نەبێت بێدەنگبوونی لە گەڕانەوەی شارەکە بۆ سەر هەرێم؟ هەڵبژاردن سەلماندی کاتێک دەسەڵات مەبەستی بێت لە گەیشتنی بە بەرنامەیەکی خۆی، هیچ درێغییەک ناکات بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی ئەو بەرنامەیە، ئەی بۆ تائێستا نەمانبینی دەسەڵات بەرنامەیەکی هاوچەشنی هەڵبژاردنەکان بۆ کەرکوک دارێژێتو بەجێی بگەیەنێت؟ بەڵام بەراوردێک لەنێوان ئەو هەموو بودجەیەی بۆ هەڵبژاردن سەرفکراو ئەو پاڕانەوانەی نوێنەرانی دەسەڵات بۆ زیادکردنی بودجەی (١٤٠)، سەلماندنێکە کە خودی دەسەڵات بە گومانە لە گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێم، هاوارو موزایەدەو سوێندخواردنیش ناچێتە گیرفانی کەسەوە.

زۆرمان بیست کەرکوک دڵی کوردستانە، ریخۆڵە کوێرەش دەرنەچوو، کەمیشمان نەبیست کە کەرکوک قودسە بۆ کوردستان، لە دواجاردا «ابراهيم خليل»یش دەرنەچوو.

تەوەر

## لە چاوەڕوانی کابینەی سێیەمدا.. سەرەتایەک بۆ دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنی کارا

# ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمان،چۆن ناوی خوای لێ بێنێت‌و دەست پێ بکات؟!

فەرەیدون پێنجوێنی

تائێستا خەڵکی کوردستانی عێراق یەک جۆر ئۆپۆزسیۆنبوونیان لە ژیانی سیاسیی خۆیاندا تاقیکردووەتەوە، کە دواتر ناویان لێنا (خەباتی شاخ)، لەم ڕێیەوە ڕووبەڕووی کەلتووری (سیاسیی-کۆمەڵایەتی)ی نەتەوەی سەردەست (واتە: ڕووبەڕووی بەعسیزم) بوونەوەو هەوڵی قایمکردنی دەرو دیواری ماڵی خۆیان دا، توانیان بناغەیەک بۆ (ئەمڕۆ)و (پرۆسەی سیاسیی لە ئەمڕۆدا) دابنێن.

ئەمجۆرە ئۆپۆزسیۆنبوونە تاقیکراوەیەی خەڵکی کوردستان، دەکرێ سیفەتگەلی وەکو (نامەدەنیی، شەڕکەر، ناحەز، ڕادیکاڵ، سەلبی، نەکڵۆک، یاخیگەر، نایاسایی)، یان هەر سیفەتێکی دیکەی بدرێتە پاڵ، بەڵام وەسفکردنی قۆناغی ئۆپۆزسیۆنبوونی ئەمڕۆمان، بەو وەسفانە (هەر لەم ئەوەڵەوە!) دیاردەیەکی خراپە! بێگومان (خەباتی شاخ)، سەرەنجام تەمەنی چەندین (جیل)و گیانی شیرینی چەندین مرۆڤی یەکی یەکی لێ سەندین، جوانیی‌و ئاوەدانی سەرلەبەری وڵاتمانی بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ، نوقمی تەپوتۆزی شەڕێکی نابەرامبەر کرد، بەڵام دواجار گەیاندینییە (مەنزڵ)، گەیاندینییە (ڕاپەڕین)و خەریکبوو بڕوابێنین، کە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە وردە وردە پشتوێنی لێ بکەینەوەو دڵ بە ژیانی خۆمان خۆشکەین!

ئەمە ئەنجامێکی خراپ نەبوو، بەڵکو ئەنجامی خراپ ئەوەبوو: مانەوەی زۆر (٤٠ ـ ٥٠ ساڵ) لەناو ئەو جۆرە ئۆپۆزسیۆنبوونەدا، ئاخریی بوو بەهۆی ئابڵۆقەدان‌و سنووردارکردنی ماناو پێناسەو چوارچێوەی فیکرەی (ئۆپۆزسیۆنبوون) لە فیکری سیاسیی دواترماندا، واتە: بوو بەهۆی ئەوەی خەیاڵدان‌و ڕوانگەی دواتریشمان ببێتە ئەسیری هەمان ماناو پێناسەو چوارچێوەی فیکرەی ئۆپۆزسیۆنبوون کە یەکەمجار تاقیمانکردەوە!

ئەوەتا پاش هەژدە ساڵ (خۆئاغایی)، تازە بەتازە خەریکە دەچینە ژێر باری ئەوەی بەپێی پێناسەو چوارچێوەیەکی سەردەمیانە، جێگەیەکی بچکۆلە بۆ فیکرەی ئۆپۆزسیۆنبوون‌و بەشداریی ئۆپۆزسیۆن، لەناو کەلتووری سیاسیی‌و پرۆسەی سیاسیماندا بکەینەوە، ئەویش ئەوەندە سەخت دەگوزەرێ، دەڵێی (خومەینی)ین‌و ڕێکەوتننامەی ڕاگرتنی شەڕی ئێران ـ عێراق ئیمزا دەکەین!

بەڵێ ئەو بازە (سیاسیی ـ کەلتووری)یەی هەڵبژاردنەکەی (٢٥)ی تەمموزی ئەمساڵ خستییە پەرلەمان، یەکەم بازی قایممانە بەسەر (عەقڵبەندان)ێکی هەژدە ساڵەدا، ئەگەر بەدوایدا بەرنەبینەوە ناو (ئومێدبەندان)ێکی چوار ساڵە!

بەڵام ئەگەر هاتوو شتی وایش ڕوویدا، هێشتا هەر دەکرێ (دڵ لە دڵ نەدەین)، هێشتا هەر دەکرێ بە یەکجاری ورە بەرنەدەین‌و بڕوامان وابێ ئاخریی هەر دەتوانین جارێکی دیکەوجارەهایتر،هەوڵی بەرجەستەکردنەوەی مانا ڕەمزیی‌و سیاسییەکانی بازەکەمان‌و بیرکردنەوەکەمان بدەین!

وەکو دەشزانرێ: شکست خەسڵەتی خودی (بیرکردنەوە) نییە، بەڵکو خەسڵەتی ئەو هەوڵەیە، کە دەویسترێ (بیرکردنەوە)ی پێ تەرجەمە بکرێت بۆ (کردەوە).

بۆ نموونە: کەوتنە خوارەوەو شکستخواردنی ئەو یەکەم کەسەی (باڵی بۆ خۆی دروستکرد)و چوو لە شوێنێکی بەرزەوە (بە نیازی فڕین) خۆی هەڵدا، نەبووە هۆی کەوتنە خوارەوەو شکست خواردنی (بیرۆکەی فڕین)ەکەی! بەڵکو دواجار خەونی (فڕین)یش هێنرایەدی‌و سەربووردەی ئەو یەکەم کەسەیش (واتە: عەباسی کوڕی فیرناس) بوو بە بەشێکی سەرەکی لە چیرۆکی (داهێنانی فڕین)!

نموونەیەکی دیکەی ئەم ڕاستییە (بەڵام بە دیوە خراپ‌و سلبییەکەیدا) ئێستا بە بەرچاوی خۆمانەوەیە، سەدام حسێن ڕۆیشت‌و بەعسیزم جارێ هەرماوە (لەگەڵ ئەوپەڕی بێ ئاسۆیی‌و کۆنی‌و ڕزیویشیدا!).



> **(دەسەڵات) یان دەبێ گەمە نەکات، یان کە کردی دەبێ لەسەر ئۆپۆزسیۆنیش بکات! دەبێ قەبووڵکات پەرلەمان ببێتە شوێنی کایەی هەمووان، خۆ نابێ ئۆپۆزسیۆن هەتاهەتایە پەڕاگەندەی سەر ئەم جادەو ئەو جادەبێ‌و لەوێ خەریکی قسەکردنی خۆی بێت! ئۆپۆزسیۆن جگە لە (دەم)و (گوێ) چیتری پێیە لەگەڵ خۆی بیباتە پەرلەمانەوە تا دەسەڵات ئەوەندە حساب بۆ بریندار بوون‌و بریندار نەبوونی خۆی بکات لە ئامبازبوونیدا؟**

ئیتر بۆچی دەبێ ئێمە هیوا بڕاوببین لە جێکردنەوەو چەسپاندنی کەلتوورێکی (سیاسیی ـ کۆمەڵایەتی)ی مۆدێرن؟

خۆ ئەگەر تەرجەمەکردنی (بەعسیزم) لە (ئایدۆلۆژیایەکی سیاسیی یەکڕەنگخواز)ەوە، بۆ (پرۆسەیەکی سیاسیی ـ کەلتووریی سەراپاگیر)، لە (خەیاڵێکی پووچەوە) بۆ (مۆدێلێکی حوکمڕانی)، زمانێکی سەربازیی تووڕەو تڕۆی ویستبێت، ئەو هەموو نەهامەتییەی لێکەوتبێتەوە کە لێیکەوتەوە، وایش هێشتا هەر (فیکری سیاسیی)ی دوای خۆی لە وڵاتی ئێمەدا خستبێتە ژێر هەژموونی ڕەشی خۆیەوە، نەیهێشتبێت (خەیاڵدانمان) بە جدیی تووشی ڕامان، دوو دڵی، خۆجیاکردنەوەو لەخۆ ترازان ببێت، ئەوا دەبێ ئێمە ئەم یەکەم بازەمان، وەکو هەوڵێکی (بێوەی)و جدیی بۆ دروستکردنی ڕامان، دوودڵی، خۆجیاکردنەوەو لەخۆترازان‌و هاتنە دەرەوە لەژێر هەژموونی ڕەشی ئەو کەلتوورە خراپە تەماشا بکەین‌و پاشەکشە لە مەسئولیەتی خۆمان نەکەین!

ئەگەر ئێمە لە هەرێمەکەی خۆماندا بازێکی لەمجۆرەمان پێ نەدرێ، ئەی چۆن بتوانین داوای بازی لەمجۆرە لە (مالیکی)و حکومەتە مەرکەزییەکانی پاش ئەو بکەین؟

چۆن ڕوومانبێت داوایان لێ بکەین بۆ خوێندنەوەو یەکلاییکردنەوەی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوانمان، ڕوانگە چەسپاوەکەی ڕژێمی پێشووی عێراق بەجێ بهێڵن‌و لە گۆشەیەکی تازەوە تەماشا بکەین (کە ئێمە هێشتا خۆمان، لە هەمان گۆشەی تەسک‌و تروسکەوە مامەڵە لەگەڵ هەلومەرج‌و کێشەو ڕووداوە جۆراوجۆرە ناوخۆییەکانی خۆمان بکەین، یان خزابینە پشت پەنجەرەی لێڵی یادەوەرییە کۆنە تێپەڕیوەکان‌و لەوێوە چاو هەڵخەین!)...

خۆ ئەگەر خەڵکی کوردستان ڕازیبوونایە لەناو کەلتوورێکی (سیاسیی ـ کۆمەڵایەتی)ی تەسکدا هەڵکەن، ئەوا هەر زوو لەگەڵ یەکەمین هەوڵی بەعسییەکاندا بۆ وەرگێڕانی (بەعسیزم) لە (ئایدیایەکی پووچی سیاسیی)یەوە بۆ (پرۆسەیەکی سیاسیی ـ کەلتووری)، تەسلیم دەبوون‌و نەدەچوونە ژێر باری ئەوەی بیانوو بدەنە دەست (سەدام) ناچاربێ (بە زمانی سەربازیی) گفتوگۆ (سیاسیی ـ کەلتووری)یەکەی درێژە پێ بدات لەگەڵیاندا!

بێگومان بەشێکی زۆری خەباتی نەتەوەیی‌و ڕزگاریخوازی‌و فەرهەنگی خەڵکی کوردستان، هەر بۆ خۆڕاپسکاندن بوو لە دەست بەعسیزمی کەلتووری، بۆیە ئێستاش عەقڵ نایبڕێت میللەتی کورد لە کوردستاندا، تاسەر بەمەندە داکەوێ: (داهێنەرەکان)ی کەلتوورە تەسکەکانی لە خۆی دوورخستبێتەوە، بەڵام لە سایەی هەژموونی ڕەشی کەلتوورەکانیاندا، ڕۆژانە خۆی بخواتەوەو بەرگەش بگرێ!

ڕاستە ئەمە یەکەمجارە خەڵک بیر لە خۆڕاپسکاندنێکی جدیی دەکەنەوەو هێشتا مەعلوم نییە دەگەنە کوێ، بەڵام بەوەدا کە دەستبەرداری هەموو شتێکی تایبەتی خۆیان بوون‌و دەستبەرداری دەنگ‌و بیروبۆچوونی خۆیان نەبوون، دەرکەوت هەمیشە ئامادەن وەکو زمانی بەعس، سەرکێشی بە هەموو شتێکی خۆیانەوە بکەن لە پێناوی گۆڕینی پەیوەندیی خۆیان بە دەسەڵاتەوە (لە ئاستێکی نزمەوە بۆ ئاستێکی بەرز)و دەستەبەرکردنی پاشەڕۆژێکی ڕۆشنتر!

ئەم ڕاستییە، وەک چۆن بۆ زۆربەمان مایەی دڵخۆشییە، دەبێ بۆ دەسەڵاتیش مایەی دڵخۆشی بێت.. دەبێ ببێتە هۆی ڕۆشنکردنەوەی ڕێگەی تێهەڵچوونەوەو خۆڕێکخستنەوەیەکی مەدەنیانەتر بۆی! هانیبدات بیر لە ڕاستکردنەوەی پەیوەندیی نێوان خۆی‌و خەڵک بکاتەوە.. بیر لەوە بکاتەوە ئاستی پەیوەندیی نێوانیان، لە (پەیوەندییەکی سەپاو)ەوە، بەرز بکاتەوە بۆ (پەیوەندییەکی هەڵبژێردراو)، خۆشبەختانە ئێستا کەوتووینەتە بەردەم پرسێکی لەو جۆرەو خەریکە دەسکاریی نەخشەی دەسەڵات دەکەین، ئەویش لەڕێی تاقیکردنەوەی جۆری دووەمی ئۆپۆزسیۆنبوونەوە، کە بریتییە لە (ئۆپۆزسیۆنی یاسایی)، یان وەکو دەوترێ: (ئیجابیی، پەرلەمانیی، مەدەنیی، مۆدێرن، ڕەوا) هتد.

بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە:

بەم هەموو بێ ئەزموونییەمانەوە لەم بوارەدا، چۆن بکەین بۆ ئەوەی ئەم یەکەم ئەزموونە بە سەلامەتی بپەڕێنینەوە بۆناو مێژووی خۆمان؟!

خۆتان دەزانن حیزبی بەعس ڕێگەی نەدا هیچ فێرببین! نەک هەر ڕێگەی یەکێتی‌و پارتی، بەڵکو ڕێگەی دوو حیزبە کوردییە دەستکردەکەی خۆیشی نەدا، تەنانەت لە چوارچێوەی بەعسیزمەکەی خۆیدا، هەروا کارتۆنیانەش کە هەبوون، ئیدیعای ئەوە بکەن کە ئۆپۆزسیۆنن، یان ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانیین! چ جای ئەوەی ڕێگە بدات گەلی کورد یاساییانە، لەڕێی هەڵبژاردنەوە، خەیاڵێکی وەها تاقیبکاتەوە کە دەست بخاتە سەر یەکێتی‌و پارتی، یەکێتی‌و پارتیش لە ئۆپۆزسیۆنی شەڕکەرو هەڵاتووەوە بێنەوە ببنە ئۆپۆزسیۆنی مەدەنی، ماناو ئەنجامی شێوازێکی نوێی ئۆپۆزسیۆنبوون تاقیبکەنەوەو پێی ئاشنابن!

ئەمە یەکێک لەو هۆکارە مێژووییانەیە (نەک هەموو هۆکارە مێژووییەکان) کە پێکەوە بە هەموویان وایانکردووە مامەڵەکردنی یەکێتی‌و پارتی لەگەڵ (ئۆپۆزسیۆن) بە ئاسانی نەچێتە سەرو ئۆپۆزسیۆنیش سڵ لە ئەنجامی سەرکێشییەکەی خۆی بکاتەوە!

بەڵام ئەی کامانەن ئەو هۆکارە سیاسیی و مێژووییانەی دیکە، کە وایانکردووە پاش هەژدە ساڵ (خۆئاغایی)و ئەزموونی (بێ ڕکابەر)ی (خۆئاغایی)، نەتوانرێت لە پەرلەمانێکی (١٥ـ١٦ ساڵ تەمەن)دا، پێناسەو چوارچێوەیەکی مۆدێرن‌و فراوان (بەپێی یاسا)، بۆ جێکردنەوەی فیکرەی (ئۆپۆزسیۆنی یاسایی) دیاری بکرێ کە هەم لایەن‌و قەوارە سیاسییە (جیاڕێ)کانی ناو گەلەکەی خۆمان، هەم پێکهاتە مەزهەبی‌و ئێتنیکییە (جیا بیر)و (جیا ئامانج)ەکانی ناو کوردستان بە گشتی، بتوانن ئەمڕۆ یان هەر ڕۆژێکی دیکە تیایدا هەڵسوڕێن، لە کاتێکدا دەوڵەتی تورکیا بەو هەموو ملکەچییەی خۆیەوە بۆ بنەما سیاسییە تەسکەکانی کەمالیزم‌و (ناسیۆنالیزمێکی ناعەقڵانی)، ئەمەی بۆ کوردەکەی خۆی دەستەبەر کردووە! هەروەها عەرەبەکانی عێراقیش بۆ ئێمەیان دەستەبەر کردووە!

کەچی دەسەڵاتەکەی لای خۆمان، لەم گەرمەی چالاکی‌و جموجووڵ‌و خۆسازدانەی لایەن‌و قەوارە سیاسییەکانی عێراقدا بۆ هەڵبژاردن، بەدیار ئاکامی هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی ئەم دواییەی خۆمانەوە تاس بردوویەتییەوە، تەنیا لەبەر ئەوەی بواری هاتنە پێشەوەی ئۆپۆزسیۆنی تێدا ڕەخسا!

ئەوەتا دەڵێی هەر بیریشی نەماوە هەڵبژاردنی دیکە بەڕێوەیە!

تەنانەت پێدەچێ هەموو گفتوگۆکانی نێوان خۆی‌و دەرەوەی خۆیی هەڵپەرساردبێ‌و جارێ خەریکی لەخۆڕامان بێت، کە ئەمە شتێکی باشە، بەڵام بە مەرجێ لە کۆتایی بیرکردنەوەدا بگاتە بڕیارێکی دروست بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوە تازەکان، بگاتە ئەو بڕیارە حەکیمانەیەش کە هەرچی زووترە چپەیەک بدات بە گوێی ڕاگەیاندنەکانی خۆیداو پێیان بڵێ: ـ جارێ لەسەرخۆ بن!

(دەسەڵات) یان دەبێ گەمە نەکات، یان کە کردی دەبێ لەسەر ئۆپۆزسیۆنیش بکات! دەبێ قەبووڵکات پەرلەمان ببێتە شوێنی کایەی هەمووان، خۆ نابێ ئۆپۆزسیۆن هەتاهەتایە پەڕاگەندەی سەر ئەم جادەو ئەو جادەبێ‌و لەوێ خەریکی قسەکردنی خۆی بێت! ئۆپۆزسیۆن جگە لە (دەم)و (گوێ) چیتری پێیە لەگەڵ خۆی بیباتە پەرلەمانەوە تا دەسەڵات ئەوەندە حساب بۆ بریندارببوون‌و بریندار نەبوونی خۆی بکات لە ئامبازبوونیدا؟

بڕوام وایە، دەبێ ئێمەش لە هەرێمەکەی خۆماندا، درەنگ یان زوو، بگەینە ئەو بڕوایەی (دەسەڵات)و (پرۆسەی سیاسیی)، وەکو (ئۆتۆمبێل)و (ڕەوتی ئۆتۆمبێل) تەماشا بکەین!

ئەو دەسەڵاتەی پرۆسەی سیاسیی بە ئاقارێکدا دەبات، کە جێگەی ئۆپۆزسیۆنی تێدا نەبێتەوە، وەکو ئەو شۆفێرە وەهایە کە ئۆتۆمبێلەکەی بەبێ کەلوپەلی یەدەگ: تایەی سپێر، جەگ، تاقم ئیسپانە، چەتاڵ‌و هتد، دەئاژوێ‌و ملی ڕێگە دەگرێ، بێگومان لە هەر کوێیەکدا پەکیکەوت، دەبێ بە کۆمەک‌و شتومەکی خەڵک ئۆتۆمبێلەکەی بێنێتەوە تایم، خۆ ئەگەر خەڵکی لێ دەرنەکەوت، ئەوا دەبێ ئۆتۆمبێلەکەی جێبهێڵێت‌و بڕوات!

ئۆپۆزسیۆنیش بۆ دەسەڵات فریادڕەسە، نەک پشێوێنکە! یان: (دەبێ فریادڕەس بێت، نەک پشێوێنکە!).

ئۆپۆزسیۆنەکەی ئێمەش، ئەگەر بیەوێ خەڵک دڵخۆشکات نەک خەڵک بەخۆی خۆشکات، دەبێ بە هەموو جۆرێ ململانێی پەرلەمانی‌و یاسایی بە گیانی وەرزشییەوە قبووڵکات، هەرگیز دەستپێشخەریی نەکات لە دروستکردنی کۆسەڵەو مۆسەڵەدا! ئەگەر دەسەڵاتیش ویستی ئەوە بکات با بیکات‌و ئۆباڵەکەی بخاتە ئەستۆی خۆی، بەڵام ئەم هەرگیز ئەمە نەکات، چونکە هەر هەڵەیەکی ئەم، یەکسەر پاشەکشە بەخۆی‌و بە جەماوەرەکەشی دەکات‌و ناتوانن بەو ئاسانییە خۆ بگرنەوە!

ئۆپۆزسیۆن بۆ ئەوەی لەم یەکەم ئەزموونەی خۆیدا، شکست نەخوا، دەبێ بە موحاسەبەکردنی (زەمەنە تێپەڕیووەکان) دەست پێ نەکات، بەڵکو هەوڵ بدات لە جیاتیی ئەوە (زەمەنی ئێستا) بخاتە ژێر چاودێریی وردو ژیرانەو نیاز پاکانەوە!

واتە: فایلگەلی (گەندەڵیی ساڵانی ڕابردوو، شەڕی ناوخۆو میراتییەکانی، دەستێکەڵیی کۆنی بەرپرسەکان لەگەڵ حیزبی بەعس)، وەکو فایلگەلێکی سیاسیی (نەک جینائیی پەتی!) تەماشا بکات‌و بە یەکجاریش ئۆباڵەکەیان بخاتە ئەستۆی سیاقە مێژووییەکەی لەوەوبەری خۆیان، تاووتوێکردن‌و ساغکردنەوەو ئەرشیفکردنیان جێبێڵێ بۆ ئەو خولە پەرلەمانییانەی کە لە داهاتوودا زەمینەو هەلومەرجی گونجاویان دەبێ بۆ خۆخەریککردن بە هەڵدانەوەی فایلگەلی لەو جۆرەوە (جاری واهەبووە لە وڵاتانی پێشکەوتووشدا، هەڵدانەوەی فایلی هەستیار بۆ ماوەی چەند دەیەیەک دواخراوە).

ئۆپۆزسیۆن دەتوانێ لەم خولەدا لەسەر دوو ئاست مومارەسەی دەسەڵاتی خۆی بکات:

یەکەم/ لەسەر ئاستی ڕاگەیاندن.

دووەم/ لەسەر ئاستی (یاسایی).

ئەو ئیتر لەمڕۆوە لە دەرەوەی (پرۆسەی سیاسیی) نییە، وەکو ئەوەی کە هەبوو (پەڕاگەندەو بێ ئاسۆ، لەسەر شەقام!)، بەڵکو بە کردەوە بەشێکە لە پرۆسەکە، وەکو دەماری لاملی لێی نزیکە! بۆیە ئەگەر نەشتوانێ بەهۆی کەمیی ژمارەی کورسییەکانی‌و (فرە دیدی)و (فرەسەری)ی خۆیەوە، بەشداریی قورس لە پرۆسەی (یاسایی)و (یاسابازی)دا بکات، دەبێ بتوانێت بە قورسی (بەڵام ژیرانە) چاودێریی کارو کردەوەی حکومەت بکات‌و دەسەڵاتی وتن‌و ڕاگەیاندن، لە خۆبووردوانە ئیش پێ بکات، بۆ ئەوەی خەڵکیش بێنێتە ناو یارییەکەوە.

بەمجۆرە دەتوانێ هەم پێگە جەماوەرییەکەی خۆی بەهێزتر بکات‌و بیکات بە سەنەد بۆ (ئێستا)و (داهاتوو)ی پێگە یاساییەکەی، هەم فرسەتی بەشداریکردن بۆ خەڵک بڕەخسێنێت‌و خۆی لە تەنیا باڵیی ڕزگار بکات!

شتێکی دیکە کە دەبێ ئۆپۆزسیۆن زۆر زوو بەدەمیەوە بچێت، ئەوەیە:

لە دەرەوەی کۆبوونەوەو دانیشتنەکانی ناو پەرلەمان، بەرودوا، زنجیرەیەک کۆبوونەوەو گفتوگۆ لەگەڵ گروپە پەرلەمانییەکەی سەر بە دەسەڵات، هەروەها لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتە نوێیەکە ژیرانە ئەنجام بدات بۆ ئەوەی:

ـ (نەخشەی ڕێگە)یەکی هاوبەش بۆ کارکردن دیاری بکەن.

ـ ئەجێندای خۆیان (بە سەرە قەڵەمیش بێت) بۆ یەکتر ڕوون بکەنەوە.

ـ بگەنە بڕیارێکی (لێک نزیک!) دەربارەی ئەوەی چۆن بکەونە بەرچاوی خەڵک، چۆن خۆیان پیشانی ڕای گشتیی دەرەوەو ناوەوە بدەن.

گەلی کورد، دەبێ وریاو هۆشیار بێت، نەچێت لە ئۆپۆزسیۆنبوونەکەشیدا، یەکسەر لاسایی خەڵکانی لەخۆی (دوور مەنزڵتر!) بکاتەوە!

> **ئەو دەسەڵاتەی پرۆسەی سیاسیی بە ئاقارێکدا دەبات، کە جێگەی ئۆپۆزسیۆنی تێدا نەبێتەوە، وەکو ئەو شۆفێرە وەهایە کە ئۆتۆمبێلەکەی بەبێ کەلوپەلی یەدەگ: تایەی سپێر، جەگ، تاقم ئیسپانە، چەتاڵ‌و هتد، دەئاژوێ‌و ملی ڕێگە دەگرێ، بێگومان لە هەر کوێیەکدا پەکیکەوت، دەبێ بە کۆمەک‌و شتومەکی خەڵک ئۆتۆمبێلەکەی بێنێتەوە تایم، خۆ ئەگەر خەڵکی لێ دەرنەکەوت، ئەوا دەبێ ئۆتۆمبێلەکەی جێبهێڵێت‌و بڕوات!**

# لە میوانداریی سەرۆکی هەرێمدا چیم بینی ؟!

سامان بەشارەتی



لـە هـەمـوو دنـیـادا مـرۆڤـەکـان وەک یەک وانو هیچ جیاوازیان نییە لە رووی جەستەو ئینسان بوونیانەوە تەنیا شتێک کە مرۆڤەکان لە یەکتری جیا دەکاتەوە جۆری بیرکردنەوەیانە، بەڵام بەداخەوە لە وڵاتە دواکەوتوو دیکتاتۆرییەکاندا هیچ حسابێک بۆ ئەم پێوەرە ناکرێت، هەمیشە ئینسانەکان لە یەکتری جیا دەکەنەوە بەسەر چەند بەشێکدا، بەرپرسو نیمچە بەرپرسو کەسی ئاسایی، ئەمەش بەتایبەتی لە کوردستانەکەی خۆمان زۆر حسابی بۆ دەکرێت،

لە یەکەم دانیشتنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان کە لە هۆلی شەهید مامۆستا سەعد عەبدوڵلا بەڕێوەچوو پەرلەمانتارەکانی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان سوێندی یاساییان خواردو بەدواشیدا مەسعود بارزانی وەک سەرۆکی هەرێم سوێندی یاسایی خوارد دووبارە بوویەوە بە سەرۆکی هەرێم، تائێرە هەموو رێو رەسمەکە بە ئاسایی بەڕێوەچوو، ئەوەی نائاسایی بوو میوانداری کردنەکەی سەرۆکایەتی هەرێم بوو،

لە لایـەن سەرۆکایەتی هـەرێـم، کە ئەرکی ئامادەکاری ئەو رێو رەسمەیان گرتبووە ئەستۆ ئـامـادەبـووانـی بـەشـداربـووی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان ئاگادارکرانەوە، کە لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە میوانداریی کراون بۆ نان خواردنی نیوەڕۆ، ئەوەی جێگەی قسە لەسەر کردنە ئەوەیە لەم میوانداریییەدا مرۆڤەکان دابەشکرابوون بەسەر سێ بەشدا،

بەشی یەکەمیان بەرپرسە گەورەکانی وڵات بوون کە هەمیشە ژوورەکانی ئەوان بەشێکە لە ژوورەکانی بەهەشتو خواردنەکانیشیان جیاواز لە خواردنەکانی ئەم مرۆڤانەی ئێستایە،

بەشی دووەمیان بەڕێزانی پەرلەمانتارانو کەسایەتییەکان بوو کە ئەوانیش لە یەکێک لە تەبەقەکانی ئاسماندا میوانداریی کرابوونو خواردنێک کەمێک لە بەرپرسە گەورەکان کەمتر بۆیان ئامادە کرابوو،

بەشی سێیەمیان ئـەو مرۆڤانە بـوون کە بوونە هۆی ئـەوەی ئێمە قسەی لەسەر بکەین، ئەوانیش رۆژنامەنووسەکان بوون بەداخەوە ئەم بەڕێزانە زۆر بێ رێزانە لە یەکێک لە ژوورەکانی چێشتخانەکە دایان نان بۆ نانخواردن هەروەک چۆن مرۆڤ خواردن دەکاتە بەردەم ئاژەڵ ئاوا خواردن هاتە بەردەم ئەو رۆژنامەنووسانە، لە ناو قاپێکی سەفەری کەمێک برنجو تۆزێک شلەی بامێو پارچەیەک مریشکی کەم تێکەڵی یەک کرابوون !

ئێمە لێرەدا مەبەستمان قسەکردن نییە لەسەر نان خواردن، چونکە هەموو کەسێک ئەگەر تاوەکو ئێوارەش نان نەخوات ئاساییە، بەڵام ئەوەی نائاسایی بوو بۆ رۆژنامەنووسانو بووە هۆی نیگەرانییان ئەو جۆرە رێزلێگرتنەیان بوو لە لایەن کارمەندەکانی سەرۆکی هەرێم، کە بەم شێوەیە مرۆڤەکان دابەش دەکەن، کوردەواری خۆمان قسەیەکیان هەیە، کە دەڵێت: «ئەگەر چوویتە هەرماڵێکو خواردنیان بۆ کردیت جۆری خواردنەکە هەر جۆرێک بێت مانای وایە تۆ هەر ئەوەندە رێزت هەیە، لەلای ئەو کەسە» ئەمە بۆ جۆری مامەڵە کردنیش هەر واریدە.

دارو دەستەکەی جەنابی سەرۆکی هەرێم دەبوایە بیانزانیایە، کە ئەو رۆژنامەنووسانە زۆربەیان لە دەرەوەی هەولێرەوە هاتبوونو میوانی سەرۆکی هەرێم بوون، نەک دوای ئەو رێز لێگرتنەیان لە کاتی میوانداریییەکەدا هەموویان بڕۆن میوانی گیرفانی خۆیان بن لە ئەبو شەهاب.

گومانم هەیە بەمشێوەیە بتوانرێت کوردستانێکی بەبێ جیاوازی لە نێوان چینو توێژەکاندا بەڕێوە بەرێت، گومانیشم لەوە نییە کە مرۆڤەکان دابەشی سێ چینی جیاواز نەکات، وەک دەوڵەمەندو مامناوەندیو فەقیر،

جەنابی سـەرۆک توخوا بپرسە لە دارو دەستەکەت بزانە ئەو میوانداریییەی ئەو رۆژە چەند پارەیان خەرج کردووەو چەندیشیان خستووەتە.... یان؟!

فێریشان بکە جیاوازیی نەکەن لە نێوان ئینسانەکاندا، چونکە وەک خۆت دەڵێت: «هەر چەندە بیروباوەڕمان جیاواز بێت، بەڵام هەموومان کوڕی ئەم وڵاتەین»

بۆیە منیش دەڵێم: جەنابی سەرۆک هەرچەندە جەستەمان جیاوازە، بەڵام مەعیدەمان وەک یەک حەزی لە خواردنە؟

samanbesharety@yahoo.com

# رامانێکی یاسایانە لە بارەی پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان



ئارێز سمکۆ (دهام)*

### پەلەکردن لە دانانی دەستوور

ئەگەرچی زۆرێک لە یاساناسانو رووناکبیرانی گەلەکەمان، بە درێژایی (١٧) ساڵەی ژێر حکومڕانی کوردی هەوڵدەدەنو داوا دەکەن کە دەستوورێک بۆ هەرێمی کوردستان دابنرێت، تا بەهۆیەوە بنەماکانی ئەرکو مافی هاوڵاتیبوونو سنووری دەسەڵاتیش دیاربێت، کەچی داواکانیان پشتگوێ دەخراو بیانووی جۆراوجۆری بۆ دەدۆزراوە، لێ ئەمڕۆ دەبینین کە پەرلەمان بەشێوەیەکی پەلە پروزکێ دەستوورێکی ناکاملو سەدان تێبینی لەسەری یاسایی پەسەند دەکات، ئەمە لەکاتێکدا کە تەنانەت رێگەنەدراوە بە ئەندامانی پەرلەمانیش کە تێبینیەکانیان لەسەر پرۆژەکە دەرببڕن، تەنیا ئەو مافەیان هەبووە کە بە «بەلێ» و «نەخێر» دەنگی بۆ بدەن، ئەمە لەکاتێکدا کە بە چەند سەعاتێک پێش کۆبوونەوەی پەرلەمان پـرۆژە دەستوورەکەیان پـێـدراوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەسـەڵاتو دەستو پێوەندەکانی دەیەوێت ئەمە بلاوبکاتەوە کە ئەوانەی ئەم دەستوورە بەمشێوەیە رەتدەکەنەوە دژی ئەزموونیی هەرێمی کوردستانو شۆڤێنینو نایانەوێت ئەم هەرێمە دەستووری خۆی هەبێت، ئەمە لەکاتێکدایە کە زۆرینەی رۆشنفکرانو رۆژنـامـەنـووسـانو یاساناسانو سیاسەتمەدارانی ئەم هەرێمە دژی تێپەڕاندنی جۆرە دەستوورێکی لەم شێوەیەن، ئایا ئیدی ئەمە ویستی گەلو هاوڵاتییانی کوردستان نییە، کەواتە ئێمەی هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە کێ شۆڤێنین؟ جگە لەمەش دەسەڵات دەیەوێت لەپشت گوتارێکی نیشتمانپەروەرانەوە ناسیۆنالیستی بە ئێمەومانان بفرۆشنەوە، دەستووریش بکات بە چقلی چاوی ئێمە، ئێمەی کە داوامانکرد کورد زمانی یەکگرتووی خـۆی هەبێت، خاوەنی لەشکرێکی نیشتمانیی دوور لە حیزبیی بێت، داوامانکرد بودجەی ئەم هەرێمە بە رۆشنی دابەشبکرێتو روونبکرێتەوە بۆ هاوڵاتییانو داوامانکرد نوێنەرانی کورد لە بەغدا لە ئاستی ئەم بەرپرسیارێتیە مێژووییەدا بنو نەهێڵن دەسەڵاتی بەغدا هەرێم پەراوێزبخات، ئێمە بووین پەرۆشی کەرکوکو گەڕانەوەی بووین بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئێمە بووین پەنجەمان خستەسەر هەڵەکانی نوێنەرانی کورد لە موسڵو خانەقینو دیالە، دواجاریش دەرئەنجامی ئەم هەڵانەمان لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە دەستانکەوت. دیارە ئەم فرۆشتنەوەی نیشتمانپەروەرییە بە ئێمە نزمترین ئاستی دیالۆگە کە تۆ یاسایانە روو لە هاوڵاتییان دەکەیت، ئەو بەشێوەیەکی سۆزدارانە قسە لەگەڵ خەلک دەکات.

### رامانێکی یاسایی بۆ پرۆژەی دەستوور

ئێمە هەوڵدەدەین بەکورتی رامانێکی یاسایی بۆ ئەم دەستوورە پێشنیازکراوە بکەین، هاوڵاتییانی گەلەکەمان هۆشیار بکەینەوە کـە ئـەم دەسـتـوورەمـان بەمشێوەیە بەسەردا تێنەپەڕێت، تا لە پەرلەمانی داهاتوو بە شێوەیەکی روون ناوەرۆکی ئەم دەستوورە بۆ کۆمەڵانی خەلک شیدەکرێتەوەو هاوڵاتییان برگەو مادەکانی کە تێیدا هاتووە گفتوگۆو راو سەرنجیان لە بارەیەوە دەدات، هاوکات دەریدەخەین کە ئێمە پەرۆشترین بۆ ئەم ئەزموونەو گەرەکمانە خاوەنی دەستوورێکی شـەفـافو وڵاتێکی دیموکراسی بین کە لە هەموو شتەکان بۆ گەل بگەڕێینەوەو رێز لە مافەکانی هاوڵاتییان بگیرێت، نەک ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی بڕیار لە ئایندەمان بدەن.

### دژیەکەکانی نێوان دەستووری عێراق و هەرێمی کوردستان

هـەرێـمـی کـوردسـتـان وەک لە دەستووری عێراقدا ئاماژەی بۆ کراوە، هەرێمێکی فیدرالی سەر بە عێراقەو ئەو یاسایانەی کە لە هەرێمی کوردستانو ئەو هەرێمانەی دواتـر دروستدەبنو دەردەچن نابێت دژی دەستووری عێراق بێت، جگە لەمەش وەک لە مادەی (١٣)ی دەسـتـووری هەمیشەیی عێراقیشدا هاتووە:

یەکەم: ئەم دەستوورە بە یاسای باڵاو هەرە بەرز دادەنرێت لە عێراقدا، پێویستە لە هەموو شوێنێکی عێراقدا پابەندبن پێوەی بەبێ جیاوازی.

دووەم: نابێت یاسایەک دابنرێت پێچەوانەی ئەم دەستوورە بێت.

بۆیە بە پێی توانا هەوڵدەدەین ئەم دژیەکانە دیاریبکەین کە لە دەستووری پێشنیازکراوی هەرێمی کوردستاندا هەیە لەگەڵ دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی(٢٠٠٥) کە لەلایەن گەلی عێراقەوە بە هەرێمی کوردستانیشەوە بە رێژەیەکی زۆرینەی رازیبوونی هاوڵاتیان پەسەندکرا، دیاریبکەین. دیارە هۆکاری دیاریکردنی ئەم دژیەکانە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار:

**یـەکـەم:** هـەرێـمـی کـوردسـتـان هەرێمێکی سەر بە وڵاتی عێراقە.

**دووەم:** زۆرجـار دەمـان بیست کە دەسـەڵات بە بیانووی نەبوونی دەسـتـوورێـک بۆ عـێـراق (هەڵبەتە پاش نەمانی رژێمی بەغدای سەدام)، دەستوورێکی بۆ هەرێمی کوردستان دانەدەنا.

ئـەگـەرچـی دیـاریـکـردنـی ئـەم دژیەکانەو تێبینییەکانمان لەسەر پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان پێویستی بە نووسینی لێکۆڵینەوەیەکی درێـژە، بـەڵام ئێمە بە رەچاوکردنی چوارچێوەی رۆژنامەوانیی ئەم بابەتەوە هەوڵدەدەین گرینگترین تێبینیو خاڵە یاساییەکان لە پرۆژە دەستوورەکە لە خوارەوەدا دیاریبکەین.

### سنووری هەرێمی کوردستان

لـە بـرگـەی (١)ی مـادەی(٢)ی پـرۆژەی دەسـتـووری هـەرێـمـی کوردستاندا، کە سنووری جوگرافیای هەرێمی کوردستانی تێدا دیاریکراوە بە ناوهێنانی پارێزگاو قەزاو ناحیەکانی

> **زۆرینەی رۆشنفکرانو رۆژنامەنووسانو یاساناسانو سیاسەتمەدارانی ئەم هەرێمە دژی تێپەڕاندنی جۆرە دەستوورێکی لەم شێوەیەن، ئایا ئیدی ئەمە ویستی گەلو هاوڵاتیانی کوردستان نییە، کەواتە ئێمەی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە کێ شۆڤێنین؟**

کە تێیدا دەڵێت «کوردستانی عێراق قەوارەیەکی جوگرافیی مێژووییە، پێکدێت لە پارێزگای دهۆک بە سنووری کارگێڕیی ئێستایەوەیو لە پارێزگاکانی کەرکوکو سلێمانیو هەولێرو قەزاکانی ئاکرێو شێخانو سنجارو تلکێفو قەرەقوشو ناحیەکانی زمارو بەعشیقەو ئاسکی کەلەک لە پارێزگای نەینەواو هەردوو قەزای خانەقینو مەندەلی لە پارێزگای دیالە، ئەمانەش بە سنووری کارگێڕیی پێش ساڵی(١٩٦٨)یانەوە». کەچی لە برگەی (٢)ی هەمان مادە باس لە سنووری رامیارییانەی هەرێمی کوردستان کراوە کە پشت دەبەستێت بە جێبەجێکردنی مادەی(١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) کە تێیدا هاتووە «سنوورە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان- عێراق، پشتبەستن بە جێبەجێکردنی مـادەی (١٤٠)ی دەستووری فیدراڵەوە، دیاریدەکرێن». ئەمەش جگە لەوەی کە دژیەکی یەکترنو بە جۆرێک کە برگەی (٢) کۆتی برگەی (١) دەکات، هاوکات بەهۆی ناڕوونی سیاسەتی حکومەتی ناوەندیی بەغدا لە چۆنیەتیو ماوەی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ی دەستووری عێراقی، سنووری کوردستان بەشێوەیەکی یاساییانە دەکەوێتە مەترسیو وادەکات حکومەتی عێراق هەر سستی بنوێنن لە ئاست جێبەجێکردنی ئەم مادە دەستوورییە، جگە لەمەش زۆرێک لە یاساناسان ئـەم مـادەیـە بـە مـردوو ناکاریگەر وەسفدەکەن.

### سیستمی حکومڕانی لە کوردستاندا پەرلەمانییە یان سەرۆکایەتییە، سەرۆک چۆن هەڵدەبژێردرێت؟

وەک لە مادەی (١)ی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا هاتووە: «کۆماری عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵی یەکگرتووی سەربەخۆیی خـاوەن سەروەرییە، رژێـمـی حوکمڕانی تێیدا کۆماری نوێنەرایەتی (پەرلەمانی) دیموکراسییە، ئەم دەستوورەش یەکپارچەیی عێراق دەپارێزێت».

لـەژێـر رۆشـنـایـی ئـەم مـادە دەستوورییەدا هەڵبژاردنی سەرۆکی عێراق وەک لە برگەی یەکەمی مادە (٧٠)ی دەستووری هەمیشەیشدا هاتووە لە پەرلەمان دەبێت بە رەزامەندی دوو لەسەر سێی ئەندامانی کە دەڵێت: «یەکەم: ئەنجومەنی نوێنەران لەنێو پاڵێوراواندا سـەرۆک کۆمار هەڵدەبژێرێت بە زۆرینەی دوو لە سێی (٢/٣) دەنگی ئەندامەکانی».

ئەمە لەکاتێکدا کە هەڵبژاردنی سـەرۆکی هـەرێـم لـەلایـەن گەلەوە بەشێوەیەکی راسـتـەوخـۆو نهێنی هەڵدەبژێردرێت کە ئەمەش پێچەوانەی سیستمی حکومڕانی عـێـراقـە کە پەرلەمانییەو سەرۆکەکەی لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێت، کەچی ئـەم شـێـوازەی هەڵبژادنی سەرۆکی هەرێم لە هەرێمی کوردستاندا دەبێتە سیستمێکی نیمچە سەرۆکایەتی، چونکە بەپێی مادە (٦١)ی دەستووری پێشنیازکراوی هەرێمی کوردستان: «سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی دەنگدانی گشتی، نهێنی، راستەوخۆوە لەلایەن هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانەوە هەڵدەبژێردرێت».

ئەگەرچی ئەندامانی پەرلەمانیش هەر نوێنەری گەلنو لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێت بۆ پەرلەمان، بەڵام هەڵنەبژاردنی سـەرۆکـی هەرێمی کوردستان لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان کە نوێنەری گەلن، هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەلایەن گەلەوە ئەمە ئاماژەیەکە بۆ گۆڕینی سیستمی حکومڕانی لە کوردستانداو لە هەرێمێکی سیستمی پەرلەمانییەوە دەگـوازرێـنـەوە بـۆ سیستمێکی سـەرۆکـایـەتـی، سـەربـاری ناکۆکی بنەڕەتی لەگەڵ دەستووری هەمیشەیی عێراق کە ناکۆکییەکی جەوهەرییەو وادەکات کە زۆرێک لە سیاسییەکانی پارتە سیاسییەکانی عێراق گومان لە دەسـەڵاتـی کـوردی بکەن بـەوەی دەیانەوێت بە تەواوی لە عێراقدا جیابن، ئەمە لە کاتێکدایە کە دەسەڵاتی کوردی هەردەم شانازیکردووە بە چەسپاندنی فیدراڵیەت بۆ عێراق، کەچی دەیەوێت بە ئاراستەیەکی دیکەدا بڕوات بۆ حکومڕانی هەرێمی کوردستان کە هەرێمێکی فیدراڵی سەر بە کۆماری عێراقە.

### دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هەرێمی کوردستاندا لە ئەستۆی کێیە؟

بـەپـێـی مـادە (٥٩)ی پـرۆژە دەستووری پێشنیازکراوی هەرێمی کوردستان، «دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیـران پێکدێتو دەسەڵاتەکانیشیان بەپێی دەستوورو یاسا پیادە دەکـەن». واتە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پێکهاتووە، ئـەمـەش مـانـای وایـە لەیەککاتدا لە جێبەجێکردن، سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بوونیان هەیە، هاوکات بەم پێیەش بێت ئەوە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم لە جێبەجێکردندا لە دەسەڵاتی سەرۆک وەزیـران زیـاتـرە، بۆیە دەکرێت کە سەرۆکی هەرێم هەر فەرمانبەرێک بە وەزیرو تەنانەت سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیشەوە لەسەر کـار لابـدات، دیارە ئەمەش بەپێی مادە (٦٠)ی پرۆژە دەستووری پێشنیازکراوی هەرێمی کوردستان ئەم مانایە دەگەیەنێت، چونکە تێیدا هاتووە «سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێکردنو فـەرمـانـدەی گشتی هێزەکانی پێشمەرگەی (پاسەوانانی هەرێمی) کوردستانە....»، ئەمە لەکاتێکدا تۆ پەرلەمانیشت هەیە، دیارە ئەمەش مۆدێلێکی نـوێـی حکومڕانیەو لە فەرهەنگی یاساو سیاسەتدا لە جیهاندا بوونی نییە، تۆ ئەگەر بڕیار دەدەیت کە سیستمی حوکمڕانیت سەرۆکایەتی بێت ئەوە نابێت سەرۆک وەزیران هەبێت، وەک لە ئەمریکادا هەیە، ئەگەریش قەرارە سیستمی حکومڕانیت پەرلەمانی بێت ئەوە دەبێت دەسەڵاتی جێبەجێکردن بدرێت بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وەک وڵاتانی عێراقو لوبنان.

### دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی دادوەرەیی

لە دەستووری عێراقدا سەرۆکی دادگای باڵا سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەریـی (بـەرزتـریـن دەسـەڵاتـی دادوەری) دەکات، کەچی بەپێی برگەی یەکەمی مـادەی (٩٨)ی دەستووری پێشنیازکراوی هەرێمی کوردستان سەرۆکی دادگای (تەمییز) پێداچوونەوە، دەبێتە سەرۆکی ئەم ئەنجومەنە کە دەڵێت «ئەنجومەنی دادوەری لە سەرۆکی دادگـای پێداچوونەوەو جێگرەکانیو سـەرۆکـی دەسـتـەی سەرپەرشتیی دادوەری، سەرۆکیدا کاری گشتیو سەرۆکەکانی دادگاکانی تێهەلچوونەوەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان پێکدێت». جێگەی تێبینیشە کە لە پرۆژە دەستووری ساڵی (٢٠٠٦) کە لەلایەن پەرلەمانەوە ئـامـادەکـرابـوو سـەرۆکـی دادگـای دەسـتـووری سەرۆکی (ئەنجومەنی دادوەریـی)بـوو، ئەمەش لە هەموو حاڵەتێکدا کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سەرۆکی دادگای دەستوورییە، لەکاتێکدا دەبێت ئەم ئەرکە بەو بدرایە!.

* مافپەروەر
arezsmko@yahoo.com

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا ٥٦ — R٤**

پرۆژە: نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی (شێخ اسماعیل + دارالسلام + خالیدی کوڕی وەلید) لە هەڵەبجەی شەهید.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٤ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٧ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٩/٣ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٩/٣ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٩) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٤٠٠٠٠٠٠) چوار ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیاکان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بنووسێت وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.

**عمر احمد امین**
**پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت**

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا ٥٧ — R٤**

پرۆژە: دامەزراندنی تۆڕی کارەبا بۆ گەڕەکی (باوەکۆچەکیەکان + ئەندازیاران) لە هەڵەبجەی شەهید.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٤ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٧ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٩/٣ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٩/٣ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٦) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٢٠٠٠٠٠٠٠) بیست ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٣٠٠٠٠) سی هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیاکان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بنووسێت وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.

**عمر احمد امین**
**پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت**

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا ٦٩٣ — R١**

پرۆژە: تێکەڵەڕێژکردنی زۆنی A (٢٨و ٤١و باوەگێلدی) لە راپەڕین.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٤ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٧ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٩/٣ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٩/٣ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٦) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١٤٠٠٠٠٠٠) چواردە ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیاکان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بنووسێت وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.

**عمر احمد امین**
**پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت**

ئەنجومەنی دادوەری
دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای بەرایی پشدەر
ژمارە: ٣٦٩/ب/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٨/١٩

**(ئاگانامە)**

داواکار/ حسین بابکر احمد لەبری کوڕی ناکامی (خضر)
داوالێکراو/ راستگری تۆماری باری شارستانی پشدەر/ وێڕای کارەکەی
داواکار (حسین بابکر احمد) داوای ژمارەی سەرەوەی لەم دادگایە کردۆتەوە لەسەر راستگری تۆماری شارستانی پشدەر/ وێڕای کارەکەی بۆ گۆڕینی ناوی کوڕی ناکامی لە خچر بۆ ئاکام، وە بەپێی ماددەی (٢١) لە یاسای باری شارستانی بڕیاردرا بە بڵاوکردنەوەی ئەم ناو گۆڕینە، هەرکەسێ مافی رێگرتنی هەیە لەم ناو گۆڕینە با پەیوەندی بکات بەم دادگایەوە لە ماوەی (١٠) دە رۆژدا لە پاش رۆژی بڵاوکردنەوەی لەم رۆژنامەیەدا، وە بە پێچەوانەشەوە ئەم داوایە ئەبینرێ بە گوێرەی یاسا.

**دادوەر**
**سرکوت عونی عمر**

ئەنجومەنی دادوەری
دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای بەرایی پشدەر
ژمارە: ٣٥٨/ب/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٨/١٦

**(ئاگانامە)**

داواکار/ حمدیە سلیم محمود
داوالێکراو/ راستگری تۆماری باری شارستانی پشدەر/ وێڕای کارەکەی
داواکار (حمدیە سلیم محمود) داوای ژمارەی سەرەوەی لەم دادگایە کردۆتەوە لەسەر راستگری تۆماری شارستانی پشدەر/ وێڕای کارەکەی بۆ گۆڕینی ناوی خۆی لە حمدیە بۆ شیرین، وە بەپێی ماددەی (٢١) لە یاسای باری شارستانی بڕیاردرا بە بڵاوکردنەوەی ئەم ناو گۆڕینە، هەرکەسێ مافی رێگرتنی هەیە لەم ناو گۆڕینە با پەیوەندی بکات بەم دادگایەوە لە ماوەی (١٠) دە رۆژدا لە پاش رۆژی بڵاوکردنەوەی لەم رۆژنامەیەدا، وە بە پێچەوانەشەوە ئەم داوایە ئەبینرێ بە گوێرەی یاسا.

**دادوەر**
**سرکوت عونی عمر**

ئەنجومەنی دادوەری
دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای بەرایی پشدەر
ژمارە: ٣٤٥/ب/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٨/٢٠

**(ئاگانامە)**

داواکار/ احمد خضرکوفە سعید لەبری کچی ناکامی (سازگار)
داوالێکراو/ راستگری تۆماری باری شارستانی پشدەر/ وێڕای کارەکەی
داواکار (احمد خضر کوفە سعید) داوای ژمارەی سەرەوەی لەم دادگایە کردۆتەوە لەسەر راستگری تۆماری شارستانی پشدەر/ وێڕای کارەکەی بۆ گۆڕینی ناوی کچی ناکامی لە سازگار بۆ مهەستی، وە بەپێی ماددەی (٢١) لە یاسای باری شارستانی بڕیاردرا بە بڵاوکردنەوەی ئەم ناو گۆڕینە، هەرکەسێ مافی رێگرتنی هەیە لەم ناو گۆڕینە با پەیوەندی بکات بەم دادگایەوە لە ماوەی (١٠) دە رۆژدا لە پاش رۆژی بڵاوکردنەوەی لەم رۆژنامەیەدا، وە بە پێچەوانەشەوە ئەم داوایە ئەبینرێ بە گوێرەی یاسا.

**دادوەر**
**سرکوت عونی عمر**

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**عەدنان عوسمان**

بەڕێوەبەری نووسین
**ئاودێر شێخ عومەر**
awder.sh.omer@gmail.com

دەستـەی نووسـەران
**سیروان رەشید** ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
**فازڵ نەجیب** ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
**هیوا جەمال** ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
**فرمان عەبدولڕەحمان** ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
**ئیبراهیم عەلی** ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نیوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی – بەختیاری – پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر



# ئەوەی دەسەڵات نایەوێت بیزانێت!

لەتیف فاتح فەرەج

هیسترییایەک لە دۆخی سیاسیی‌و ڕووناکبیری ئێمەدا بەدیدەکرێت کە چیتر ناکرێت لێی بێدەنگ بین، تەنانەت گەیشتووەتە ئەوەی گومان لە هەموو چەمک‌و دەستەواژەو وشەیەکیش بکرێت، هەر ئەوەی کە ئەمڕۆ تۆ قسە لە بابەتێک بکەیت‌و وشەیەکی بۆ بەکاربێنیت، سبەینێ هەزار لێکدانەوە بۆ ئەو بەکارهێنانە دەکرێت، بارودۆخی ئێستا بۆ هەمووان وادەخوازێت کە بزانین ئێمە چین؟ چی دەکەین؟ بۆ؟ گرفتێک کە من پێموانییە دەسەڵات درکی پێ کردبێت یان بیەوێت بیزانێت «نەدۆزینەوەی زمانێکە بۆ پێکەوە هەڵکردن» ونبوونی ئەو زمانە، زمانی پێکەوە هەڵکردن خەریکە ئەوەمان لەبیردەباتەوە، خۆمان لەم سەرزەمینەدا لە کوێدابین.

دەسەڵاتی کوردی لەم بەشەی کوردستاندا بە دەسەڵات‌و ئۆپۆزسیۆنیەوە، لە بەرامبەر عێراقدا ئۆپۆزسیۆنە، ئێمە ناکرێت ئەوە لەبیربکەین، لە مێژوو دەرکردن‌و نەخوێندنەوەو هەوڵدان بۆ کەمبایەخکردنی ئۆپۆزسیۆنێک لەنێو خودی خۆتدا کە سبەینێ لەگەڵتدا لەسەر مێزێکی گەورەتر ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵاتێکی بەهێزترە، کە تۆ ئازایەتی ئەوەت نییە لە ئێستادا بڕیاری لێجیابوونەوەی بدەیت، جگە لە سادەکاریی کاری سیاسەتکردن هیچی دیکە نییە.

دەسەڵات‌و ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستاندا لە بەرامبەر حکومەتی عێراقیدا ئۆپۆزسیۆنن، ئەمە بابەتێکە ناکرێت لەبیرببرێتەوە، بارزانی‌و تاڵەبانی‌و هەردوو حیزبەکەشیان، نابێت لە شەڕی عێراقدا ئەوانی دیکە لەبیربکەن، ئەم مامەڵەیەی ئێستا جۆرێکە لە هەوڵدان بۆ لەبیرکردن، ڕەخساندنی زەمینە بۆ ئۆپۆزسیۆنەکەی خۆت تا هاوکارو هاودەست بێت، نیشانەی سەرکەوتنی تۆیە، دەنا بەپێچەوانەوە، چۆن تۆ بۆخۆت بە ڕەوای دەزانیت لە هەموو دەرگاکان بدەیت، بۆ ئەوەی دیکەش ڕەوایە ئیشکردن لەگەڵ یەکتر بە مەرجی دۆزینەوەو دروستکردنی بیانوو بۆ یەکتر، لەڕاستیدا ئیش نەکردنە پێکەوە.

ئێمە کە دەست لەسەر برینەکان دادەنێین دوژمن نین، وەک ئەوەی هەوڵێکی بێوچان هەیە بەو ئاراستەیە، تەنانەت گەیشتووەتە ڕادەیەکی ئاوا کە ئیتر چۆن قسەبکەیت گومانت لەسەر دروستبکەن‌و ناوێکت لێبنێن، سیاسەتکارێکی کورد جوانی پێوتم، ئەو وتی «خراپی تێگەیشتنی دەسەڵاتی ئێمە لەوەدایە، تا بەعس مابوو بە تابووری پێنجەم‌و بەعسی‌و پیاوی بەعس ناوی دەزراندن، کە ئەو نەما، دەیانوت پیاوی تورکیاو ئێرانە، یان پەکەکەیە، ئیسلامییەکی توندڕەوە، پیاوی مالیکیەو هتد... ئیدی هەمیشە دەسەڵات ناوێک بۆ تۆ دادەتاشێت لەوانەی کە خۆی بە جۆرێک لە جۆرەکانی ڕەواو نارەوا مامەڵەیان لەگەڵ دەکات‌و بۆ تۆ بە ڕەوای نازانێت».

ئەم دەسەڵاتە بۆ ئەوەندەی حەز لە بە دوژمنکردنی دۆستەکانییەتی تێناگەم، تۆ بڵێی ئەم ڕەفتارە لە ئاگاییەوە بکرێت یان لە نەزانییەوە، تۆ بڵێی دۆزینەوەی زمانێک بۆ پێکەوە هەڵکردن هێندە قورس بێت، تەنانەت لە ڕیزکردنی ناوو ناتۆرەش قورستر، ئەگەر بیانوو ئەوەیە ئۆپۆزسیۆنی کوردی شوڵی لێهەڵبڕیووە لە ماڵەکەی خۆیدا، ئەی خاوەن ماڵ ئەرکی ئەوە نییە وەڵامی خواستەکانی خەڵک بداتەوە، چۆن دەکرێت دەسەڵات نەتوانێت لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنەکەی خۆیدا هەڵبکات‌و بڕیاربدات لەگەڵ نەیارەکانیدا پێکبێت.

باشترە دەسەڵاتی کوردی ئەگەر لە هیچدا چاو لە دەسەڵاتی عێراقی نەکات، لەوەدا چاوی لێبکات کە ئەو دەسەڵاتە بۆ چرکەیەکیش تەنانەت لەبەر خاتری ئەمریکاش سەدریەکانی لە بازنەکە نەکردە دەرەوە سەرەڕای زۆر توند ڕەفتاری سەدرییەکان بەرامبەر بە دەسەڵات، ئەوەتا ئێستا بنکەو بارەگایان لە بەغداو شارەکانی دیکە، ماڵی هاوڵاتییانەو حیزبیش نین، لە بۆنەو چالاکیشیاندا پیاوانی دەسەڵات ئامادەن‌و وتاریشیان هەیە، من لە بەغدا لە چەندین بۆنەدا ئەوەم بینیوە، سەردانی دەزگاکانی سەدریەکانیشم کردووەو دەشزانم دەسەڵاتی عێراقی هەرگیز وەکو دوژمن سەیریان ناکات، با دیدو بۆچوون‌و بیروڕای جیاوازیشیان هەبێت، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە دەسەڵات لەوە تێبگات کە زۆر زیاتر لە نەیار پێویستی بە ئۆپۆزسیۆنە خۆماڵییەکەیە؟!

ڕاستیەکەی دەبێت دەسەڵات لەوە تێبگات کە پێکەوە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنەکەی ماڵەکەی خۆیدا لە شوێنێکی دیکە ئۆپۆزسیۆنە، لەمەدا تۆپەکە لە گۆڕەپانی دەسەڵاتدایە نەک ئۆپۆزسیۆن، ڕووداوەکانی هەولێریش هەر ئەوەمان پێدەڵێن.










چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ – ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ – ٣١٩٠٥١٩